تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە
XEBAT
خەبات
رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە
نۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە
ژمارە (5742) یەک شەممە 5ی ئایار2019 «16» لاپەڕە «500» دینار

پێشبینی دەکرێت رێککەوتن لەبارەی پێکهێنانی حکوومەت واژۆ بکرێت

ئەمڕۆ شاندێکی باڵای پارتی بۆ پرسی پێکهێنانی حکوومەت سەردانی سلێمانی دەکات

خەبات: بڕیارە ئەمڕۆ یەکشەممە 2019/5/5 شاندێکی باڵای پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتیی نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکوەزیرانی کوردستان و جێگری سەرۆکی پارتی، سەبارەت بە تاوتوێکردنی پرسی پێکهێنانی حکوومەتی نوێی هەرێمی کوردستان سەردانی شاری سلێمانی بکات و لەگەڵ شاندی باڵای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کۆببێتەوە.

لەتیف شێخ عومەر گوتەبێژی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دوێنێ شەممە بە میدیای حزبەکەی راگەیاندووە: بڕیارە رۆژی یەکشەممە2019/5/5 لە رێوڕەسمێکدا لە شاری سلێمانی، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان رێککەوتنامەی نێوانیان بۆ پێکهێنانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئیمزا بکەن. هاوکات بەگوێرەی زانیارییەکانیش شاندەکەی پارتی بۆ هەمان مەبەست سەردانی بزووتنەوەی گۆڕانیش دەکات و پرسی پێکهێنانی حکوومەت لەگەڵ شاندی باڵای گۆڕانیشدا تاوتوێ دەکات.

رۆژنامەنووس و کارمەندانی «خەبات» بەڵێنی وەفادارییان بۆ رێبازی بارزانی نوێکردەوە

سەلام عەبدوڵڵا: خەبات و تێکۆشانی بارزانیی نەمر گەلی کوردستانی بە جیهان ناساندووە



رۆژی پێنج شەممە 2019/5/2 رۆژنامەنووس و کارمەندانی رۆژنامەی خەبات سەردانی مەزاری نەمرانیان لە بارزان کرد، لە لایەن خەڵات بارزانی نوێنەری سەرۆک بارزانی پێشوازییان لێکرا، مامۆستا سەلام عەبدوڵڵا سەرنووسەری رۆژنامەی خەبات وتارێکی لەسەر مەزاری نەمران خوێندەوە و ئاماژەی بە رۆڵی گەورەی بارزانیی نەمر لە میژووی نەمر بە گۆڕەپانی خەباتی زانیوە، کاتێ لە باشووری کوردستان ناوهاوسەنگی و نابەرامبەری هێز لەبەرژەوەندی دەوڵەتدا شکاوەتەوە، بارزانیی نەمر چووەتە رۆژهەڵاتی کوردستان و بەرگریی لە کۆماری کوردستان لە مەهاباد کردووە، لە شۆڕشی مەزنی ئەیلوولیشدا هەموو چین و تێڕەکانی کوردستانی لە شۆڕشێکی سەرتاسەریدا کۆکردەوە.

بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان کرد و گوتی: خەبات و تێکۆشانی بارزانیی نەمر گەلی کوردستانی بە جیهان ناساندووە، هەروەها ئاماژەی بە خاکیبوون و تایبەتمەند و خەسڵەتەکانی خەبات و عەدالەتی بارزانیی نەمر و رۆڵی ئەو رابەرەی لە یەکخستنی خەباتی نیشتمانی و نەتەوەیی کردو رایگەیاند: لە هەر پارچەیەکی کوردستان پێویست بووبێت بارزانیی

سبەی یەکەم رۆژی مانگی رەمەزانی پیرۆزە

لیژنەی باڵای بینینی مانگ لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی حکوومەتی هەرێمی کوردستان رۆژی دووشەممە وەک یەکەمین رۆژی مانگی رەمەزانی پیرۆز دیاریکرد و رایگەیاند: ئەمڕۆ یەکشەممە 5-5-2019 تەواوکەری مانگی شەعبانە و سبەی دووشەممە 6-5-2019 یەکەمین رۆژی مانگی رەمەزانی پیرۆزە. هاوکات دیوانی وەقفی سوننی عێراقی، هەروەها سعوودییە و وڵاتانی کەنداویش سبەی دووشەممەیان وەک یەکەم رۆژی مانگی رەمەزان دیاریکردووە.

هەر بەم بۆنەیەوە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پیرۆزبایی خۆی ئاڕاستەی سەرجەم موسوڵمانانی کوردستان و جیهان دەکات و هیوای ئەوەش دەخوازێت کە هاتنەوەی مانگی رەمەزانی پیرۆز ببێتە مایەی خێروخۆشی و خۆشگوزەرانی بۆ هەموو لایەک.

جەمال خەزنەدار:

بارزانیی نەمر کارێزما و خاوەنی هەیبەتێکی گەورە بوو

نووسەر و رووناکبیری گەورەی گەلی کورد، جەمال خەزنەدار لەبارەی کەسایەتی مستەفا بارزانیی نەمر دەڵێت، مەلا مستەفا کەسایەتییەکی بەهێز و کراوە بوو، خاوەنی کەسایەتییەکی دادپەروەر بوو و ناحەقیی قبوڵ نەدەکرد. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

تورکیا دووەم خراپترین ئابووری هەیە لە جیهاندا

رۆژنامەی زەمانی تورکی بلاویکردۆتەوە، دوای ڤەنزوێلا تورکیا لەسەر ئاستی جیهاندا خاوەنی دووەم خراپترین ئابوورییە. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

چەند لایەنێکی سیاسی دەیانەوێت ئەنجوومەنی پارێزگا هەڵبوەشێننەوە تاوەکو بەربژێرەکانیان بین بە پارێزگار

سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوا، سەیدۆ چەتۆ رایگەیاند، بەبێ گەڕانەوە بۆ دەستوور و یاسا هیچ کەس و لایەنێک بۆی نییە باس لە هەڵوەشاندنەوەی ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوا بکات. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

یاسای سەرۆکایەتیی هەرێم هەموار دەکرێتەوە

لە خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان کار بۆ ئامادەکردنی نووسینەوەی دەستوور دەکرێت، هەروەها بەمزووانەش یاسای سەرۆکایەتیی هەرێم هەموارەدەکرێتەوە و سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش لەناو پەرلەمان هەڵدەبژێردرێت. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**



لە ژاپۆن ئیمپراتۆری نوێ "ناروهیتۆ" دوای ئەوەی چووە سەر تەختی شاهانە لە رێوڕەسمێکدا کە لە کۆشکی ئیمپراتۆری بەڕێوەچوو، بۆ یەکەمجار چووە بەردەم گەلەکەی.

ژمارەی مەسیحییەکان لە عێراق کەم دەبێتەوە و بەرەو لەناوچوون دەچن

جێرمی هانت، وەزیری دەرەوەی بەریتانیا لە راپۆرتێکدا رایگەیاندووە، لە هەندێک ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، مەسیحییەکان بەرەو لەناوچوون دەچن. راپۆرتەکە لەلایەن ئەسقوفەکانی کەنیسەی تۆرۆرۆ فیلیپ مانستیڤن لەسەر داوای وەزیری دەرەوەی بەریتانیا ئامادە کراوە. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

هاوردەنەکردنی ئۆتۆمبێلی لێدراو و ژێرئاو کەوتوو لێکەوتەو دەرەنجامی جیاوازی هەیە

وەزارەتی ناوخۆ بە بڕیارێک هاوردەکردنی ئۆتۆمبێلی لێدراو و ژێر ئاوکەوتوو قەدەغە دەکات و ئەم بڕیارەش لێکەوتە و دەرەنجام و رای جیاوازی لەسەرە. لەم بەدواداچوونەی رۆژنامەی خەبات وردەکاری زیاتر هەیە. **(زیاتر لە ل5 بخوێنەوە)**



ئەمەریکا.. فڕۆکەیەکی بۆینگ 737 دەکەوێتە ڕووبارێکەوە و هەموو سەرنشینەکانیش سەلامەتن

کاربەدەستان لە ویلایەتی فلۆریدای باشووری رۆژهەڵاتی ئەمەریکا دەڵێن فڕۆکەیەکی جۆری بۆینگ 737 ڕۆژی هەینی لە دەمی گەیشتی بۆ فڕۆکەخانەی جاکسنڤێڵ لە ڕێڕەوەکە لایداو کەوتە ناو ڕووبارێ سەین جۆنسەوە. ئەو فڕۆکەیە 136 سەرنشینی تێدابوو. ڕاشگەیەنرا 21 کەس براون بۆ نەخۆشخانە، بەڵام هەموویان باری تەندروستیان جێگیرە.

عێراق.. پووچەڵکردنەوەی گەورەترین پلانی خۆڕێکخستنەوەی داعش

وەزارەتی ناوخۆی عێراق رایگەیاند کە گەورەترین پلانی خۆڕێکخستنەوەی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعشی لە عێراق پووچەڵکردووەتەوە و ئاماژەی بەوەشدا کە لە میانی ئۆپەراسیۆنێکی نهێندا کە لە لایەن هێزەکانی هەوالگرییەوە لە سووریا ئەنجامدراوە، سەرکردەی ڕێکخراوی داعش، ئەبو بەکر بەغدادی هەڵهاتووە. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

جەمال خەزنەدار:

بارزانیی نەمر کارێزما و خاوەنی هەیبەتێکی گەورە بوو

بارزانیی نەمر هەمیشە پێیوابوو دەبێت یەکگرتوویی و یەکڕیزیی کورد بپارێزرێت



نووسەر و رووناکبیری گەورەی گەلی کورد، جەمال خەزنەدار لەبارەی کەسایەتی مستەفا بارزانیی نەمر دەڵێت، مەلا مستەفا کەسایەتییەکی بەهێز و کاراوە بوو، خاوەنی کەسایەتییەکی دادپەروەر بوو و ناحەقیی قبووڵ نەدەکرد. جەمال خەزنەدار لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ مالپەڕی پارتی رایگەیاندووە: سەرەتا کە دیتم تەسەورم نەدەکرد بتوانم قسەی لەگەڵ بکەم، وا دەهاتە فیکرم، بەڵام کە قسەت لەگەڵی کردبا زۆر پێی خۆش دەبوو، خاوەنی دنیابینییەکی فراوان بوو، روئیایەکی گەورەی بۆ ئایندە هەبوو. ئەو نووسەر و رۆشنبیرەی کورد دەشڵێت: بارزانیی نەمر زۆر حەزی لە گوێگرتن بۆ بیروڕای جیاواز هەبوو، حەزی لە گوێگرتنی لاوان بوو، کاریزما و خاوەنی هەیبەتێکی گەورە بوو.

خەزنەدار ئاماژەی دا: ئەوکات بارزانیی نەمر پێیوابوو دەبێت شەراکەتی راستەقینە لە ولاتدا هەبێت و هاوولاتیی کورد و عەرەب لەگەڵ عەبدولکەریم قاسمدا پێکەوە ولاتە بپارێزن و بەرگریی بکەن و شەراکەت لە نێوانیاندا هەبێت و کۆماری عێراق، کۆماری کورد و عەرەبە. دەربارەی یەکڕیزیی کورد لە هەزری بارزانیدا، جەمال شایەتی دا، بارزانیی نەمر هەمیشە پێیوابوو دەبێت یەکگرتوویی و یەکڕیزیی کورد بپارێزرێت، دەبێت لە هەڵوێستە نیشتمانییەکاندا یەکڕیز بن و تەنیا چارەسەری پرسی کوردی یەکڕیزی و یەکگرتنە.

جەمال خەزنەدار بەهۆی پیشەکەیەوە کە رۆژنامەنووس بوو، دووجار چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ بارزانیی نەمر کردووە، جارێک لە بەغدا لە رۆژنامەی شەفەق کە لە کەرکووک دەردەچوو، جارێکی تر لەنێو ناوچەکەی ناوپەردان. مامۆستا و نووسەر و رووناکبیر لە ساڵی 1938 لە هەولێر لە دایکبووە و لە مێژووی تەمەنی خۆیدا خزمەتێکی بەرچاوی بە دنیای نووسین و رۆشنگەریی کوردی کردووە و یەکێک بووە لە کۆکەرەوە و خەمخۆرە دیارەکانی بە ئەرشیفکردنی رۆژنامەگەریی کوردی و لە زۆربەی رۆژنامە و گۆڤارەکاندا دەستی نووسین و هاوکاریی بڵاوکراوەکانی دیار بووە. بە هاوکاریی سەرۆک بارزانی گەورەترین ئەرشیفی رۆژنامەگەریی کوردستانی لە بەغدا رزگار کرا کە ترسی لە ناوبردنیان لەلایەن رژێمی بەعسەوە لەسەر بوو.

لیزا فەلەکەدین کاکەیی:

یاسای سەرۆکایەتیی هەرێم هەموار دەکەینەوە

فراکسیۆنی پارتی کار دەکات بۆ جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی و نووسینەوەی دەستوور



لە خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان کار بۆ ئامادەکردنی نووسینەوەی دەستوور دەکرێت، هەروەها بەمزووانەش یاسای سەرۆکایەتیی هەرێم هەمواردەکرێتەوە و سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش لەناو پەرلەمان هەڵدەبژێردرێت.

لیزا فەلەکەدین کاکەیی، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان، لە لێدوانێکیدا بە مالپەڕی پارتی راگەیاندووە: لە دواکۆبوونەوەی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمان، ئەوەوییەت بە پەسەندکردنی یاسای سەرۆکایەتیی هەرێم درا، بەوەی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم لە پەرلەمان بە کۆدەنگیی سەرجەم فراکسیۆنەکان بێت، هەروەها لەگەڵ حکوومەتی نوێش کاری لەپێشینەمان پەسەندکردنی پرۆژەیاسای چاکسازی و ئامادەکاری بۆ پێکهێنانی لیژنەیەکی کاتی بۆ نووسینەوەی پرۆژەی دەستوور دەبێت.

ئەو پەرلەمانتارەی پارتی گوتیشی: لیژنەی ئامادەکاریی نووسینەوەی دەستوور، پێویستە گشتگیر بێت و نوێنەری تەواوی لایەنە سیاسییەکان و پێکهاتە کوردستانییەکان لە خۆ بگرێت، بۆ ئەوەی بتوانین دەستوورێکی باش و گونجاو بە یەکگرتوویی سەرجەم لایەنەکان بۆ هەرێمی کوردستان دابڕێژین، کە مافی تێکڕای پێکهاتەکان لە خۆ بگرێت، بێگومان بە نووسینەوەی دەستووریش چارەسەری زۆر پرسی گرنگ دەکرێت لە هەرێمی کوردستان. ناوبراو دەشڵێت: ئێمە وەک گەورەترین فراکسیۆنی نێو پەرلەمان، هەموو هەوڵ و توانامان دەخەینەگەڕ بۆ ئەوەی لەم خولەی پەرلەماندا هەرێمی کوردستان ببێت بە خاوەنی دەستوورێک کە مافی هەموان تێیدا پارێزراو بێت.

مەسیحییەکان لەبارەی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانەوە داوای گەرەنتی دەکەن

رۆمیۆ هەکاری: ئەگەر حەشدی شەعبی لە مووسڵ دەربکرێت کارێکی زۆر باشە



نوێنەرێکی مەسیحییەکان لە پەرلەمانی کوردستان رایگەیاند: ئەوان لەگەڵ ئەنجامدانی هەڵبژاردنن لەکاتی خۆیدا، بەڵام پێویستە گەرەنتی هەبێت و گوشار لە مەسیحییەکان نەکرێت لەلایەن حەشدی شەعبی و بەرپرسانی ناوچەکە لە مووسڵ.

رۆمیۆ هەکاری، لە لێدوانێکدا بە مالپەڕی پارتی ڕاگەیاند: پێویستە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی عێراق لەکاتی خۆیدا بکرێت، چونکە لە مووسڵ چەندین کێشەی هەیە، وەک لادانی پارێزگار لەسەر گەندەڵی و هەوڵی لادانی ئەنجوومەنی پارێزگا و چەندین کێشەی دیکە، بۆیە ئەگەر هەڵبژاردن بکرێت ئەم کێشانە رەنگە چارەسەر بێن، چونکە لە مووسڵ پێشێلکاریی زۆر دەکرێت، بەڵام پێویستە گەرەنتی هەبێت بۆ ئەوەی هەڵبژاردنێکی شەفاف ئەنجام بدرێت و گوشار لە مەسیحییەکان نەکرێت. هەکاری گوتیشی: ئەگەر مەسیحییەکان بە یەک لیست بەشداری لەو هەڵبژاردنەدا بکەن، ئەوکات رەنگە گوشارەکانی سەر مەسیحییەکان کەمتر بن و وەکو ئێستا نابن، کە چاوەڕوان دەکرێت حەشدی شەعبی و لایەنەکانی دیکەی ناوچەکە گوشار لە مەسیحییەکان بکەن.

ناوبراو باسی لەوەشکردووە، پێشتر سەدان کێشەی ئەمنی لەو ناوچانە هەبوون، بەڵام لە ئێستادا هەوڵ دەدرێت حەشدی شەعبی لە ناوچەکە دەربکرێت و سوپای عێراق شوێنیان بگرێتەوە، ئەگەر ئەمەش بکرێت، کارێکی زۆر باشە.

عێراق.. پووچەڵکردنەوەی گەورەترین پلانی خۆڕێکخستنەوەی داعش



وەزارەتی ناوخۆی عێراق رایگەیاند کە گەورەترین پلانی خۆڕێکخستنەوەی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعشی لە عێراق پووچەڵکردووەتەوە و ئاماژەی بەوەشدا کە لە میانی ئۆپەراسیۆنێکی نهێنیدا کە لە لایەن هێزەکانی هەواڵگرییەوە لە سووریا ئەنجامدراوە، سەرکردەی ڕێکخراوی داعش، ئەبو بەکر بەغدادی هەڵهاتووە.

بەڕێوەبەری گشتی هەواڵگری لە وەزارەتی ناوخۆی عێراق، ئەبو عەلی بەسری لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامەی "ئەلسەباح" ئاشکرای کردووە، شانەی هەواڵگری هەڵۆکان سەربە وەزارەتی ناوخۆ، لە میانی ئۆپەراسیۆنێکدا، گەورەترین پلانی بۆ سەرلەنوێ خۆڕێکخستنەوەی تیرۆریستانی داعش لە عێراق پووچەڵکردووەتەوە، هەروەها و ژمارەیەک تیرۆریستشیان کوشتووە کە لە سووریاوە هەڵهاتبوون و دزەیان کردبووە ناو عێراق.

ئەبو عەلی بەسری ئاماژەی بەوەشدا کە ئۆپەراسیۆنەکە بە پشتیوانی هێزەکانی هەواڵگری فیرقەی 15ی سوپا و هێزەکانی فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنەکانی حەشدی شەعبی لە نەینەوا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو تیرۆریستانەی داعش ئەنجامدراوە کە لە سووریاوە هەڵهاتوون.

بەڕێوەبەری گشتی هەواڵگری لە وەزارەتی ناوخۆی عێراق، ئەبو عەلی بەسری باسی لەوەشکرد کە لە میانی ئۆپەراسیۆنێکی شانەیەکی هەواڵگرییدا، ژمارەیەک تیرۆریستی ڕێکخراوی داعش لەگەڵ سەرکردەی ڕێکخراوەکە، ئەبو بەکر بەغدای لە ناوچەکانی سووریاوە هەڵهاتوون.

ناوبراو ئەو ناوچە و کاتەی ئاشکرا نەکرد کە ئۆپەراسیۆنەکەی تیادا لەناو خاکی سووریا ئەنجامدراوە، بەڵام ڕایگەیاند کە لە ماوەکانی داهاتوودا، وردەکاری لەبارەی ئۆپەراسیۆنەکەدا ئاشکرا دەکەن. ئەمەش دوای ئەوە دێت ڕۆژی دووشەمەی رابردوو لە میدیاکاندا گرتەیەکی نوێی سەرکردەی ڕێکخراوی داعش، ئەبوبەکر بەغدا بڵاوکردەوە کە تیادا قسەی بۆ سەرکردەکانی ڕێکخراوەکەی دەکرد. لە دوای ساڵی 2014ـەوە ئەوە یەکەمجاربوو ئەبوبەکر بەغدا دوای نەمانی بەناو دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام دەربکەوێت.

وەزارەتی مەسیحییەکان لە عێراق کەم دەبێتەوە و بەرەو لەناوچوون دەچن

ژمارەی مەسیحییەکان لە عێراق کەم دەبێتەوە و بەرەو لەناوچوون دەچن



وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا رایدەگەیەنێت، کە ژمارەی مەسیحییەکان لە عێراق کەم دەبێتەوە و بەرەو لەناوچوون دەچن. جێرمی هانت، وەزیری دەرەوەی بەریتانیا لە ڕاپۆرتێکدا رایگەیاندووە، لە هەندێک ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، مەسیحییەکان بەرەو لەناوچوون دەچن. ڕاپۆرتەکە لەلایەن ئەسقوفەکانی کەنیسەی تۆرۆرۆ فیلیپ مانستیڤن لەسەر داوای وەزیری دەرەوەی بەریتانیا ئامادە کراوە. هەروەک لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە، مەسیحییەکان لە عێراق ڕووبەڕووی گەورەترین هەوڵەکانی لەناوبردن و خراپ مامەڵەکردن دەبنەوە. جێرمی هانت ئاماژەی بە ژمارەی مەسیحییەکان لە عێراق پێش ڕووخاندنی رژێمی بەعس لە ساڵی 2003 کردووە، کە زیاتر لە یەک ملیۆن و 500 هەزار کەس بووە و ئێستا کەم بووەتەوە بۆ 120 هەزار کەس. بەهۆی شەڕە تائیفییەکان و بڵاوبوونەوەی دەیان میلیشیای چەکداریی ئایینی و تایفیی تووندڕەو و تیرۆریستی، دەیان هەزار هاووڵاتیی مەسیحیی عێراق پەنایان بۆ هەرێمی کوردستان هێناوە. لە کوردستان پێچەوانەی وڵاتانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کورد، تورکمان، عەرەب، مەسیحی، مسوڵمان، ئێزدی و هەموو ئاین و نەتەوەکانی دیکە بەشێوەیەکی ئاشتییانە بەیەکەوە دەژین و بەشداریی خۆشی و ناخۆشییەکانی یەکتر دەکەن.

نووسەر و رۆژنامەوانی تورک یەشار ئیچەن سەردانەکەی مەولوود چاوشئۆغلۆ بۆ شاری هەولێر بە گرنگ دەزانێت

هەرێمی کوردستان و تورکیا دوو دایناەمیکی گرنگی رۆژهەلاتی ناوەڕاستن و خاوەن پێگەی بەهێزن

هەولێر و ئەنقەرە لە جیاتی دژایەتی یەکتری پێویستە شانبەشانی یەکتری بووستن





خەبات: نووسەر و رۆژنامەنووسی تورک، خاتوو یەشار ئیچەن، لەبارەی سەردانەکەی وەزیری دەرەوەی تورکیا بۆ هەولێر رایدەگەیەنێت: کاتی خۆی نووسیم پێویستە لە کورتترین ماوەدا پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و تورکیا لە بااڵترین ئاستدا دەستپێبکاتەوە، هەروەها پێشبینی ماوەیەکی زۆرە چاوەڕێی ئەم سەردانەی وەزیری دەرەوەی وڵاتەکەی بۆ هەرێمی کوردستان دەکرا.

یەشار ئیچەن، نووسەر و رۆژنامەنووسی تورک، لە یەکێک لە ماڵپەڕەکانی تورکیا لە وتارێکدا سەبارەت بە سەردانەکەی مەولوود چاوشئۆغلۆ، وەزیری دەرەوەی تورکیا بۆ هەولێر، دەنووسێت: ئەگەر بمانەوێت بە یەک رستە وەسفی سەردانەکەی چاوشئۆغلۆ بکەین بۆ هەولێر، دەڵێم بینەری لە باوەشگرتنی دوو وڵاتی کۆن بووم. هەروەها دەشڵێت: ماوەیەکی زۆر بوو چاوەڕێی ئەم سەردانە دەکرا، لەم بڕوایەدام لە رۆژانی داهاتوودا بە سەردێڕی زیاتر و بە جەنجاڵییەکی زیاترەوە بەردەوامدەبێت. خاتوو یەکشار ئیچەن، راشیگەیاندووە: هەرێمی کوردستان و تورکیا دوو دایناەمیکی گرنگی رۆژهەلاتی ناوەڕاستن، هەردووکیان خاوەنی هەڵوێست و چاونەترسی و رابردوویەکی ریشەدارن، خۆیان سەلماندووە و خاوەن پێگەی بەهێزن، پێویستە تورکیا و هەرێمی کوردستان کە لە سنوور و دڵەوە بە یەکەوە بەستراون لە کاتێکدا کە خاوەنی ئەم هەموو وەسفەن لە بری دژ بە یەک وەستان شانبەشان بووستن. یەشار ئیچەن هەروەها لە وتارەکەیدا کاتێکدا کە جوگرافیاکەمان ئەوەندە خزاوە، لەسەرمانە کە پشتگیری ئەو دۆستانەمان بکەین کە بە متمانەوە دەتوانین پشتیان پێ ببەستین. ئەو نووسەر و رۆژنامەوانەی دەنووسێت: رۆژهەلاتی ناوەڕاست بەردەوام وەکو مەنجەڵێکی کوڵاو وایە، ناتوانین متمانە بە 5خولەکی دواتر بکەین، نازانین کێ دۆستە و کێ دوژمنە! لە خوانێکی بەیانی لەگەڵ بەرەی تورکمانی عێراقی ئیدارەی هەولێر کۆبوونەوە. دەشنووسێت: لەکاتێکدا ئەو جوگرافیایەی لەسەریدا دەژین، ئەوەندە کێشەی تێدایە، تورکیا بە گرنگییەوە وەسفی سەردانەکەی مەولوود چاوشئۆغلۆ دەکات و دەشنووسێت: چاوشئۆغلۆ لە هەولێر سەردانی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی کرد و لە ئەوەی لەسەر ئێمەیە، ئەوەیە کە بۆ خۆشگوزەرانی وڵاتان و مرۆڤەکان هەنگاو بنێین، هەروەها پێویستە مافی رەخنە گرتنمان بە شێوەیەکی بونیاتنەر بەکاربهێنین بێ ئەوەی بەرامبەرەکەمان بشکێنین و بەرەو رووی ببینەوە. ئێستا کاتی ئاساییبوونەوەی پەیوەندی هەردوو وڵات و رواندنی گوڵی چێندراوە.

پرسی هەڵوەشاندنەوەی ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوا

سەیدۆ چەتۆ: چەند لایەنێکی سیاسی دەیانەوێت ئەنجوومەنی پارێزگا هەڵبوەشێننەوە تاوەکو بەرپژێرەکانیان بێن بە پارێزگار

سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوا، سەیدۆ چەتۆ لە رایگەیاند، بەبێ گەڕانەوە بۆ دەستوور و یاسا هیچ کەس و لایەنێک بۆی نییە باس لە هەڵوەشاندنەوەی ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوا بکات.

سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوا، سەیدۆ چەتۆ لە لێدوانێکدا هەوڵەکانی هەڵوەشاندنەوەی ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوای بە هەوڵێکی سیاسی ناوبرد و گوتی: بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەنجوومەنی پارێزگاکان دەبێت بگەڕێینەوە بۆ جێبەجێکردنی یاسای ژمارە 21ی ساڵی 2008 کە لە یاساکەدا هاتووە دەبێت هەڵوەشاندنەوەی ئەنجوومەنی پارێزگا لەسەر پێشنیاری پارێزگار یان سێیەکی ئەندامانی ئەنجوومەنی پارێزگا بێت، کە لە ئێستا هیچ یەکێک لەم دوو هەنگاوە یاساییەدا بوونی نییە، چونکە هەم پارێزگار و دوو جێگرەکەشی لە کارەکەی دوورخراونەتەوە و کەیسەکەش لە دادگایە، هەمیش ئەندامانی ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوا دەنگیان بۆ هەڵوەشاندنەوە نەداوە.

سەیدۆ چەتۆ گوتیشی: ئەو هەوڵانەی هەن بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوا هەوڵی سیاسی چەند لایەنێکی سیاسین و دەیانەوێت بەرپژێرەکانیان بێن بە پارێزگاری نەینەوا، هەوڵەکان گەیەندرایە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ ئەوەی دەنگی لەسەر بدرێت، بەاڵم بەجێهێشتنی دانیشتنەکە لەاڵیەن فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان، فراکسیۆنی سائیرون و هاوپەیمانی بینا، رێژەی یاسایی دانیشتنەکە تەواو نەبوو و، هەنگاوی یەکەمی هەوڵەکانی هەڵوەشاندنەوەی ئەنجوومەنی پارێزگا شکستی هێنا. ناوبراو دەشڵێت: ئێمە وەکو ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوا لە چاوەڕوانی دادگاین بۆ یەکلایی کردنەوەی کەیسی دوورخستنەوە یان گەڕانەوەی پارێزگاری نەینەوا و دوو جێگرەکەی، ئەگەر دادگا بڕیاری دوورخستنەوەی پارێزگار و هەردوو جێگرەکەی یەکلایی کردەوە ئەوکاتە ئەنجوومەنی پارێزگا بڕیاری خۆی دەدات و پارێزگار و دوو جێگر هەڵدەبژێرێت.

سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوا ئاشکراشی دەکات کە تا ئێستا زیاتر لە 45 بەربژێر بۆ پارێزگاری نەینەوا، سێ بەربژێر بۆ جێگری دووەم و حەوت بەربژێر بۆ جێگری سێیەمی پارێزگار سیفڵی خۆیان پێشکەشکردووە، بۆ هەر بەربژێرێک بۆ هەر کامێک لەم پۆستانەدا لە کۆی 39 ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوا دەبێت زیاتر لە 21 دەنگ بەدەستبێنن. هەر پەیوەست بە هەمان پرس سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان، ڤیان سەبری لە لێدوانێکدا گوتوویەتی: پرسی هەڵوەشاندنەوەی ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوا لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ کاتێکی نادیار دواخرا و دەبێت ئەم پرسە بە رێکاری یاسایی یەکلایی بکرێتەوە نەک بە هەوڵ و ئەجێندای سیاسی.



ڤێنیزوێلا.. هەوادارانی مادۆرۆ بۆ پاڵپشتی حکوومەت دەرژێنە سەر شەقامەکان

رۆژنامەی زەمانی تورکی:

تورکیا دووەم خراپترین ئابووریی هەیە لە جیهاندا

رۆژنامەی زەمانی تورکی بلاویکردۆتەوە، دوای ڤەنزوێلا تورکیا لەسەر ئاستی جیهاندا خاوەنی دووەم خراپترین ئابووریییە. رۆژنامەی زەمانی تورکی ئاشکراشی کردووە، لەماوەی ساڵی رابردوودا یەدەگی دراوی بیانی بۆ کەمترین ئاست دابەزیوەو تەنیا لە ساڵێکدا 23% بەهاکەی لەدەستداوە، هەروەها لەنێوان 90 وڵاتدا دوای ڤەنزوێلا، تورکیا ریزبەندی دووەمی گرتووە لە خراپترین ئابووری لە جیهاندا.

ئەم رۆژنامە تورکیە هەروەها نووسیویەتی، تورکیا لەنێوان 20 وڵاتدا لە ریزبەندیی حەوتەم دایە و لە ماوەی 2008 تاکو 2018 سەروەت و سامانی هاووڵاتیان 11% کەمیکردووە.

ئەمەریکا هۆشداری دەداتە ئەو وڵات و لایەنانەی هاوکاریی ئێران دەکەن

خەبات: تادێت واشنتۆن گوشارەکانی بۆ سەر تاران زیاتر دەکات و هاوکات هەڕەشە لەو وڵاتانەش دەکات کە بیانەوێت بەردەوامی بە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئێران بدەن لەڕووی ئابووری و بەتایبەتی مامەڵەی نەوت و پرسی چەکی ئەتۆم کە ئێران کار بۆ دروستکردنی دەکات وەک گوشارێک بۆ سەر واشنتۆن.

لە تازەترین هەڵوێستی ئەمەریکاش دژ بە ئێران، واشنتۆن هەڕەشەی سەپاندنی سزا بۆ سەر ئەو وڵات و لایەنانە دەکات کە هاوکاری کۆماری ئیسلامی ئێران دەکەن لە فراوانکردنی وێستگەی ئەتۆمی بوشهەر. لەمبارەیەوە ئەمەریکا بە تون디ی هۆشداری داوە بە هیچ شێوەیەک رێ بە ئێران نادات ئاوی قورس بگوازێتەوە کە بۆ مەبەستی پیاندنی یۆرانیۆم بەکار دەهێندرێت.

وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا، مایک پۆمپیۆ کە یەکێکە لە کەسە نزیکەکانی دۆناڵد ترەمپی سەرۆکی ئەمەریکا، لەبارەی هەڕەشەکانی وڵاتەکەی بۆ سەر ئێران رایگەیاندووە: رێژەی لە سەدا بیستی تەواوی ئابووریی ئێران لەژێردەستی سوپای پاسداران دایە و ئەرکی واشنتۆنیش ئەوەیە تواناکانی سوپای پاسداران و فەیلەقی قودس کەم بکاتەوە.

ئیدارەی ترەمپ تاوتوێی بژاردەی ئۆپەراسیۆنی سەربازیی بۆ سەر ڤێنیزوێلا دەکات

ئەوە راگەیەندرا کە تیمی ئاسایشی نیشتمانیی سەرۆکی ئەمەریکا، دۆناڵد ترەمپ بەمەبەستی تاوتوێکردنی بژاردەی سەربازیی سەبارەت بەو قەیرانەی لە ڤێنیزوێلا دڕێژەی هەیە، لە وەزارەتی بەرگریی (پێنتاگۆن) کۆبوونەوەیەکیان سازکردووە. کاربەدەستێکی باڵای ئەمەریکا لە لێدوانیدا بۆ میدیای وڵاتەکەی، روونکردنەوەی لەبارەی ئەو کۆبوونەوەیەوە داوە.

بەپێی گوتەکانی کاربەدەستە باڵاکە، لە پێنتاگۆن لە کۆبوونەوەیەکدا بژارەی سەربازییەکانی پەیوەست بە قەیرانی ڤێنیزوێلا کە لە ئێستادا دڕێژەی هەیە، تاوتوێکراون و هەریەک لە وەزیری دەرەوە، مایک پۆمپیۆ، بریکاری وەزیری بەرگریی، پاتریک شاناهان و راوێژکاری ئاسایشی نیشتمانیی ترەمپ، جۆن بۆڵتن بەشداریان کردووە.

کاربەدەستەکە باسی لەوەشکردووە رۆژی چوارشەمە کۆبوونەوەیەکی دیکەی هاوشێوە ئەنجامدراوە و تویتەکەی بریکاری وەزیری بەرگریی ئەمەریکا، پاتریک شاناهان سەبارەت بە دۆخی ڤێنیزوێلا لەدوای ئەو کۆبوونەوەیە هاتووە.



کۆریای باکوور مووشەکی نزیک مەودای تاقیکردووەتەوە

کۆریای باکوور مووشەکی نزیک مەودای ئاڕاستەی کەناراوەکانی نیمچەدوورگەی کۆریا کردووە

دوێنێ شەمە میدیا جیهانییەکان ئاماژەیان بەوە کرد کەوا کۆریای باکوور مووشەکی نزیک مەودای ئاڕاستەی کەناراوەکانی نیمچەدوورگەی کۆریا کردووە. ئاژانسی هەواڵی فەرمی کۆریای باشوور یۆنهاپ، لە هەواڵێکیدا کە بە پشتبەستن بە زانیاری سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپا بڵاوی کردووەتەوە، باسی لەوە کردووە کە سوپای کۆریای باکوور لە شاری وۆنسانی خۆرهەڵاتەوە زیاد لە یەک مووشەکی نزیک مەودای ئاڕاستەی بەری خۆرهەڵاتی کەنداوی کۆریا کردووە. بەرپرسان باس لەوە دەکەن کە هەڵدانی مووشەکەکان بەیانی دوێنێ شەمە ئەنجامدراوە، ئاماژە بەوەشکراوە کە هێشتا وردەکاری تەکنیکی مووشەکەکان دیاری نەکراوە.

نەتەوە یەکگرتووەکان هۆشداری لەبارەی چەکی حزبوڵڵا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەدات


بڕی 10 ملیۆن دۆلار دەدرێتە هەر کەسێک زانیاری لەبارەی ناردنی پارە بۆ حزبوڵڵای لوبنانی بداتە واشنتۆن



سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان چەکی میلیشیای حزبوڵڵای لوبنانی بە مایەی هەڕەشە بۆ تەواوی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، دادەنێت. ئەنتۆنیۆ گۆتێرس سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڕاپۆرتێکدا ڕایگەیاندووە، گرنگە حکوومەتی لوبنانی سەرنج بخاتە سەر سیستەمی بەرگریی نیشتمانیی وڵاتەکەی و چەک تەنیا لە دەستی سوپا و هێزە فەرمییەکانی ئەو وڵاتە بێت. بەگوێرەی باسنیوز هەروەها ڕاشیگەیاندووە، بوونی چەک لە دەستی میلیشیاکان و لە دەرەوەی دەسەڵاتی حکوومەت مایەی هەڕەشەیە بۆ سەر ئاسایش و سەقامگیریی لوبنان و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. جەختی لەوەشکردووەتەوە، بەردەوامیی دەستوەردانی حزبوڵڵای لوبنانی لە شەڕی ناوخۆیی سووریا دەبێتە هەڕەشە لە ئاسایشی ناوچەکە بە گشتی و ناڕاستەوخۆ داواشی لە ئێران کرد، کە هانی حزبوڵڵا بدات چەکی خۆی ڕادەستی حکوومەتی لوبنان بکات و ببێتە حزبێکی سیاسی و چیتر چەکداری نەکات. لەلایەکی ترەوە بالْیۆزخانەی ئەمەریکا لە بەغدا ڕایگەیاندووە: ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پاداشتێک بە بڕی 10 ملیۆن دۆلار، دەداتە هەر کەسێک بتوانێت زانیاری لەبارەی پرۆسەی ناردنی پارە بۆ حزبوڵڵای لوبنانی بداتە واشنتۆن و بەهۆی ئەو زانیارییانەوە پرۆسەی ناردنی پارە بۆ حزبوڵڵا پەکبخرێت.

دەیان موشەک لە غەزەوە ئاڕاستەی ئیسرائیل کران

شارەزایانی سەربازی: ئەگەری هێرشێکی سەرتاسەریی سوپای ئیسرائیل بۆ سەر غەزە هەیە



خەبات-مەریوان نەقشبەندی

دوێنێ شەمە 2019/5/4 لە کەرتی غەززەوە دەیان موشەک بەشێوەیەکی هەڕەمەکی ئاڕاستەی ئیسرائیل کرا و لە بەرانبەریشدا تۆپخانە و فڕۆکەکانی ئیسرائیل وەڵامی تونْدی سەرچاوەی هێرشەکانیان دایەوە و تا ئامادەکردنی ئەم هەواڵەش هێرشە چڕەکانی ئیسرائیل بۆ سەر پێگە و بارەگاکانی بزووتنەوەی حەماس بەردەوامە. دوێنێ سەرچاوەیەکی ئیسرائیل ڕایگەیاند، کەوا 50 موشەک لە غەززەوە بەشێوەیەکی هەڕەمەکی ئاڕاستەی ناوچە جیاجیاکانی ئیسرائیل کراون و هێزەکانی بەرگری و دژەموشەکی ئیسرائیلیش بە دەیان موشەکیان لە ئاسماندا تەقاندووەتەوە و نەیانهێشتوە بەر زەوی بکەون، بەڵام سەرچاوەکە هیچ ئاماژەی بۆ ژمارە و ڕێژەی قوربانییەکانی ئیسرائیل لە ئەنجامی ئەم هێرشە موشەکیەی بزووتنەوەی حەماس نەکرد. میدیاکانی ئیسرائیلیش ئاماژەیان بۆ ئاڕاستەکردنی نزیکەی 100 موشەک لە غەزەوە بەرەو ناوچەکانی ئەسقەلان و ناوچە ئیسرائیلییەکانی نزیک لە غەززە کرد. شارەزایانی ستراتیژی و سەربازی باس لە ئەگەری هێرشێکی سەرتاسەری سوپای ئیسرائیل بۆ سەر غەززە دەکەن و دەڵێن ئەم بۆردوومانەی ئیسرائیل لەلایەن بزووتنەوەی حەماسەوە بیانوو دەداتە سوپای ئیسرائیل کە هێرشێکی سەرتاسەری و گەورە بۆ سەر غەززە دەستپێبکات و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش بێدەنگ بێت، بەوپێیەی دەستپێشخەر لایەنی فەلەستینی بووە کە لە لیستی تیرۆری ئەمەریکاشدایە. تا ئامادەکردنی ئەم هەواڵە لە ئەنجامی بۆردوومانی چڕی تۆپخانە و فڕۆکەکانی ئیسرائیل بۆ سەر پێگە و بنکەکانی حەماس، دەیان کۆژراو و بریندار لەناو ڕیزەکانی بزووتنەوەی حەماس هەن.

کاردانەوەی ئێران لە هەمبەر هەڕەشەکانی بەحرێن

وەزارەتی دەرەوەی ئێران بۆ بەحرێن: لەکاتی هەڕەشەکردندا، سنووری خۆتان بزانن



گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئێران، عەباس موسەوی ڕایگەیاند کە دەبێت کاربەدەستانی بەحرێن لە کاتی هەڕەشەکردندا، سنووری خۆیان بزانن. عەباس موسەوی لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانیدا وەڵامی ئەو لێدوانەی وەزیری دەرەوەی بەحرێن، خالید بن ئەحمەد ئال خەلیفەی دایەوە کە ڕایگەیاندبوو ئێران ناتوانێت تەنانەت بۆ یەک ڕۆژیش گەرووی هورمز دابخات.

گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئێران، عەباس موسەوی گوتی: تا ئەو کاتەی بەرژەوەندییەکانی گەلی ئێران لە گەرووی هورمزدا دەستەبەر دەکرێت، بەرگری لە ئاسایشی هورمزدا دەکەین. عەباس موسەوی گوتیشی: لە ڕوانگەی نیازپاکییەوە، داوا لە کاربەدەستانی بەحرێن دەکەین کەوا لە کاتی هەڕەشەکردندا، سنووری خۆیان بزانن. جێی باسە دوو ڕۆژ لەمەوبەر وەزیری دەرەوەی بەحرێن، خالید بن ئەحمەد ئال خەلیفە لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامەی شەرقولئەوسەت ڕایگەیاندبوو کە ڕێگە بە ئێران نادرێت بۆ یەک ڕۆژیش گەرووی هورمز دابخات. پێشتریش ئێران بۆ چەندین جار لە بەرامبەر سزاکانی ئەمەریکادا، هەڕەشەی داخستنی گەرووی هورمزی کردووە.



وەزیری دەرەوەی بەحرەین: داوای لێبوردنی سەدر قبوڵ ناکەین

وەزیری دەرەوەی بەحرەین ڕایگەیاند، سەرۆکی ڕەوتی سەدر چاوی بە باشبوونی پەیوەندییەکانی نێوان ریاز و بەغدا هەڵنایەت. شێخ خالد ئالخەلیفە، وەزیری دەرەوەی بەحرەین ڕایگەیاند: موقتەدا سەدر، سەرۆکی ڕەوتی سەدر لە دەرەوەی عێراق فەرمانی پێدەکرێت و چاوی بە باش بوونی پەیوەندییەکانی عێراق و سعوودیە هەڵنایەت. ئالخەلیفە گوتیشی: حکوومەتی عێراق لە تێکچوونی پەیوەندییەکانی نێوان بەغدا و مەنامە بەرپرسیارە.

وەزیری دەرەوەی بەحرەین ڕەتیکردەوە، داوای لێبووردنی سەدر بەرانبەر بە وڵاتەکەی قبوڵبکەن و گوتی: لێبوردنەکەی سەدر لە گەلی بەحرەین قبوڵناکەین. سەرەتای ئەم هەفتەیە تویتێکی موقتەدا سەدر لەبارەی دەسەڵاتی بەحرەین، دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتەی نیگەران کرد، لەبەرانبەریشدا، وەزیری دەرەوەی بەحرەین سەدری بە گێل ناوبرد.

ئەمەریکا بە بڕی نزیکەی شەش ملیار دۆلار چەک بە ئیمارات و بەحرێن دەفرۆشێت



ئیدارەی ئەمەریکا ڕەزامەندیی نیشاندراوە لەسەر فرۆشتنی چەک بە بڕی نزیکەی شەش ملیار دۆلار بە ئیمارات و بەحرێن. ئاژانسی هاریکاریی ئاسایشی بەرگریی ئەمەریکا کە سەربە پێنتاگۆنە، زانیاریی داوەتە کۆنگرێس سەبارەت بە نیشاندانی ڕەزامەندیی لەلایەن وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکاوە لەبارەی ئەو فرۆشە گرینگەکراوەی چەک. ئاژانسەکە بەمەبەستی وەرگرتنی ڕەزامەندیی فرۆشتنی چەک، کە لە سێ پاکێجدا جێکراونەتەوە، بۆ هەر پاکێجێک نامەیەکی ڕەوانەی کۆنگرێس کردووە و ئاماژە بەوەشکراوە فرۆشی چەک بەبڕی پێنج ملیار و 958ملیۆن دۆلار بە ئیمارات و بەحرێن، پەسەندکراوە.

بەو پێیەش بەحرێن بە بڕی دوو ملیار و 478ملیۆن دۆلار سیستمی بەرگریی مووشەکیی ئاسمانیی پاتریۆت و کەلوپەلی تەواوکاریی سیستمەکە دەکڕێت. لەنێو ئەم پاکێجەدا 36دانە مووشەکی زیرەکی پاتریۆت هەیە کە توانای پێکانی فڕۆکە و مووشەکەکانی هەیە.

هەروەها بەحرێن بە بەهای 750ملیۆن دۆلار سیستمی چەکی پشتیوانی دەکڕێت بەمەبەستی بەکارهێنانی لە فڕۆکەکانی F-16دا. لەنێو ئەو پاکێجشدا 32مووشەکی AIM-9X؟ ٢٠ مووشەکی AGM-84 Block II Harpoon و 100 مووشەکی GBU-39 هەیە.

پێشبینی دەکرێت ئیمارات لەبەرامبەر دوو ملیار و 730 ملیۆن دۆلاردا سیستمەکانی مووشەکی پاتریۆت و پێداویستی پشتیوانی ئەو سیستمانە بکڕێت. ئەو چەکانەی ڕەزامەندی نیشاندراوە لەسەر فرۆشتی بە بەحرێن و ئیمارات لەلایەن کۆمپانیاکانی Raytheon و Lockheedی ئەمەریکییەوە بەرهەمدەهێنرێت.

حککومەتی ئەمەریکا، سالّی ڕابردوو بە بەهای دوو ملیار و 400 ملیۆن دۆلار مووشەکی THAAD(سیستمی بالاّی بەرفری ئاسمانی)ی بە سعوودیە فرۆشت.

هاوردەنەکردنی ئۆتۆمبێلی لێدراو و ژێرئاو کەوتوو
لێکەوتە و دەرەنجامی جیاوازی هەیە



بەڕێوەبەری گشتیی گومرگی هەرێمی کوردستان:

ئەو بڕیارە کاریگەری لەسەر داهات دەبێت و کەمی دەکاتەوە، بەڵام ئێمە سەلامەتیی هاووڵاتیانمان بەلاوە گرنگترە

بازرگانێک:

ئەو بڕیارە تەنیا لە بەرژەوەندیی ئەو سەرمایەدارانەیە، کە کۆمپانیای زەبەلاحیان هەیە بۆ هاوردەکردنی ئۆتۆمبێلی کیلۆمەتر سفر

فیتەرێک:

ئەدی پشکنینی سااڵنەی تۆندوتۆڵی ئۆتۆمبێل چییە؟ کە هەموو ساڵێک ئۆتۆمبێلەکان هەزرە دەکرێن..!

وەزارەتی ناوخۆی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە بڕیارێک هاوردەکردنی ئۆتۆمێلی لێدراو و ژێر ئاوکەوتوو قەدەغە دەکات و ئەم بڕیارەش لێکەوتە و دەرەنجام و رای جیاوازی لەسەرە. لەم بەدواداچوونەی رۆژنامەی خەبات وردەکاری زیاتر هەیە.

بەدواداچوون: بڕیار کۆیی

وەزارەتی ناوخۆی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە مەبەستی گرنگیدان بە تۆندوتۆڵی و هاوردەنەکردنی ئەو ئۆتۆمبێل و بارهەڵگرانەی لە وڵاتانی دیکە بەهۆی پێکدادان و وەرگەڕان و ژێرئاوکەوتنەوە لەکار کەوتوون، ئەم بڕیارەی دەرکردووە، بەپێی بڕیارەکەش کە لە 2019 _7_1 دەچێتە واری جێبەجێ کردنەوە، بازرگان و کۆمپانیاکانی هاوردەکردنی ئۆتۆمبێل لەم بەرواردە چیتر بۆیان نییە ئەم ئۆتۆمبێلانە هاوردەبکەن.

مەناف مستەفا شوفێرێکی تاکسییە و دانیشتووی هەولێرە، لەبارەی ئەم بڕیارەوە بە خەباتی گوت: بڕیارەکە بۆ ئۆتۆمبێلی تاکسی هیچ گرنگییەکی نییە، چونکە لێرە هیچ ئۆتۆمبێلێک لە تایبەتەوە ناکرێتە تاکسی، ئەوەی هەیە دوو سێ کۆمپانیا مۆڵەتی هاوردەکردنی تاکسیان هەیە و ئەوانیش ئۆتۆمبێلی سفر کیلۆمەتر و نوێ هاورده دەکەن، بەڵام کاریگەریی بڕیارەکە لەسەر ئۆتۆمبێلی تایبەت و بارهەڵگر دەبێت.

لە وەڵام بەو پرسیارەی بەگشتی ئەم بڕیارە کاریگەری لەسەر کوالیتی ئۆتۆمبێل دەبێت یان نا ؟ مەناف مستەفا بە تەنزەوە گوتی: کوالیتی ئۆتۆمبێل و تۆندوتۆڵییەکەی بەو بڕیارەو هەزار بڕیاری وەها چارەسەر نابێت، بەڵکو بە چاککردنەوەی ڕێگاوبانەکان دەبێت، کاتێک کوالیتی ڕێگاوبانەکان سفر بوو، ئۆتۆمبێل سفریش بێت هەر تۆندوتۆڵی لەدەست دەدات.

دەچینە ناوچەی پیشەسازی باشوور، لەوێ یەکێک لەو پیشەکارانەی ئۆتۆمبێل گێچ و بلاتس دەکەن، بە مەرجی وێنەنەگرتن و ناونەهێنان قسەمان بۆ دەکات، ئەو دەڵێت: ئەم بڕیارەکە سەرقاڵکردنی خەڵک و ڕێگریکردنە لە هەندێک بازرگان کە لە دوبەی و وڵاتانی دیکەوە ئۆتۆمبێل هاورده دەکەن بۆ بەرژەوەندی چەند کۆمپانیایەک.

لەو پیشەکارە دەپرسین: بەڵام ئەگەری هەیە ئەم قسەیەی تۆ لەبەر ئەوەبێت، کە بازاڕی پیشەکەی تۆ بەهۆی ئەم بڕیارە کەمبکات؟ ئەو دەڵێت: نەخێر، تا خاوەنی ئەم ڕێگاوبانە بین بازاڕی ئێمە قەت کەم ناکات، ئەوەندەش ئۆتۆمبێلی کوالیتی نزم و لێدراو و وەرگەڕاو لەم وڵاتە هەیە، بە بیست ساڵی دیکەش تەواو نابێت، بەڵام قسەکەم لەبەر ئەوەیە کە ئێوە نازانن لەنێوان بازرگانانی هاوردەکردنی ئۆتۆمبێلی لێدراو و ئەو کۆمپانیایانەی ئۆتۆمبێلی نوێ هاورده دەکەن، چ کێبڕکێ و مامەڵەیەک هەیە، ئێمە ئۆتۆمبێلمان بینیووە کیلۆمەتر سفر بووە و لەناوەڕاستیش براوەتەوە، ئۆتۆمبێل هەیە لەکاتی گواستنەوە لەسەر بارهەڵگرەکانەوە کەوتۆتە خوارەوە، یان کەوتۆتە ناو ئاو، ئەوانەش هەرگیز چارەسەر ناکرێن و بڕواشم نییە ئەو بڕیارە جێبەجێ بکرێت.

وەستا عوسمان یەکێک لەو پیشەکارانەی ناوچەی پیشەسازی باشوور بوو، لە هەمبەر ئەو پرسیارەی ئایا بڕیارێکی لەو شێوەیە گرنگی دەبێت بۆ سەلامەتی و کوالیتی ئۆتۆمبێل؟ ئەو بە پرسیارێک وەڵام دەداتەوە دەڵێت: ئەدی پشکنینی ساڵانەی تۆندوتۆڵی ئۆتۆمبێل چییە ؟ کە هەموو ساڵێک ئۆتۆمبێلەکان هەزرە دەکرێن و پشکنینیان بۆ دەکرێت، وەزارەتی ناوخۆ دەبوو لیژنەی پشکنینی ئۆتۆمبێل لە خاڵە سنوورییەکان ڕێکبخاتەوە نەهێڵێت ئۆتۆمبێلی خراپ بێتە ناو هەرێم، نەک قەدەغەی بکات، من ئۆتۆمبێلم بینیووە لێدراوەو لەو وڵاتانەی دراوسێ هاتووە، بەڵام کوالیتییەکەی زۆرباشترە لەو ئۆتۆمبێلانەی سفر کیلۆمەترن.

سەبارەت بە بڕیارەکە و کاریگەریی لەسەر داهاتی گومرگی هەرێمی کوردستان، ساماڵ عەبدولڕەحمان، بەڕێوەبەری گشتی گومرگی هەرێمی کوردستان بۆ(خەبات) گوتی: "بێگومان ئەو بڕیارە کاریگەری لەسەر داهاتی گومرگی هەرێمی کوردستان دەبێت و داهات کەم دەبێتەوە، بەڵام ئێمە سەلامەتی گیان و ژیانی هاووڵاتیامان لا مەبەست و گرنگترە و بڕیارەکە لە (1ی7)ی ئەمساڵ دەچێتە واری جێبەجێکردنەوە". ناوبراو ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد کە هاوردەکردنی ئۆتۆمبێلی سفر کیلۆمەتر و بێ لێدراو و کێشە هەر وەکو پێشووتر بەردەوام دەبێت.

ڕوونیشیکردەوە کە ڕاستە هەتا ئێستا ئۆتۆمبێلی لێدراو هاوردەی هەرێمی کوردستان دەکرا، بەڵام ڕێژەکەی لە ئاست ئۆتۆمبێلی سفر کیلۆمەتر زۆر کەمتر بوو، هەروەها سەرجەم ئۆتۆمبێلەکان بە هەموو جۆرەکانییەوە بە لێدراو و سفر کیلۆمەترەوە هەموویان بە فلتەری تایبەتی سەلامەتیی ئۆتۆمبێلدا دەچن ئینجا دێنە ناو هەرێمی کوردستان.

لە هەرێمی کوردستان بە سەدان کەس و کۆمپانیا کاری بازرگانی ئۆتۆمبێل دەکەن و ژمارەیەکیشیان بە تایبەت کاری هاوردەکردنی ئۆتۆمبێلی لێدراو دەکەن، سەبارەت بە کاریگەری ئەو بڕیارە لەسەر ئەو کەس و بازرگانانە، هیدایەت عەلی کە لە ماوەی چوار ساڵە کاری هاوردەکردنی ئۆتۆمبێلی لێدراو دەکات لە وڵاتی ئیماراتەوە بۆ هەرێمی کوردستان و شاری هەولێر، بۆ (خەبات) گوتی: "ئەو بڕیارە زیانێکی زۆر لەمن و ئەو کەسانە دەدا کە هاوشێوەی من کاری هاوردەکردنی ئۆتۆمبێلی لێدراو دەکەن و لەبەرژەوەندی ئەو کەس و بازرگان و کۆمپانیایانەشە کە تەنیا کاری هاوردەکردنی ئۆتۆمبێلی سفر کیلۆمەتر و بێ لێدراو و کێشە هەر هاورده دەکەن، بەڵام کاریگەریی بڕیارەکە لەسەر ئۆتۆمبێلی تایبەت و بارهەڵگر دەبێت.

لە وەڵام بەو پرسیارەی بەگشتی ئەم بڕیارە کاریگەری لەسەر کوالیتی ئۆتۆمبێل دەبێت یان نا ؟ مەناف مستەفا بە تەنزەوە گوتی: کوالیتی ئۆتۆمبێل و تۆندوتۆڵییەکەی بەو بڕیارەو هەزار بڕیاری وەها چارەسەر نابێت، بەڵکو بە چاککردنەوەی ڕێگاوبانەکان دەبێت، کاتێک کوالیتی ڕێگاوبانەکان سفر بوو، ئۆتۆمبێل سفریش بێت هەر تۆندوتۆڵی لەدەست دەدات.

دەچینە ناوچەی پیشەسازی باشوور، لەوێ یەکێک لەو پیشەکارانەی ئۆتۆمبێل گێچ و بلاتس دەکەن، بە مەرجی وێنەنەگرتن و ناونەهێنان قسەمان بۆ دەکات، ئەو دەڵێت: ئەم بڕیارەکە سەرقاڵکردنی خەڵک و ڕێگریکردنە لە هەندێک بازرگان کە لە دوبەی و وڵاتانی دیکەوە ئۆتۆمبێل هاورده دەکەن بۆ بەرژەوەندی چەند کۆمپانیایەک.

لەو پیشەکارە دەپرسین: بەڵام ئەگەری هەیە ئەم قسەیەی تۆ لەبەر ئەوەبێت، کە بازاڕی پیشەکەی تۆ بەهۆی ئەم بڕیارە کەمبکات؟ ئەو دەڵێت: نەخێر، تا خاوەنی ئەم ڕێگاوبانە بین بازاڕی ئێمە قەت کەم ناکات، ئەوەندەش ئۆتۆمبێلی کوالیتی نزم و لێدراو و وەرگەڕاو لەم وڵاتە هەیە، بە بیست ساڵی دیکەش تەواو نابێت، بەڵام قسەکەم لەبەر ئەوەیە کە ئێوە نازانن لەنێوان بازرگانانی هاوردەکردنی ئۆتۆمبێلی لێدراو و ئەو کۆمپانیایانەی ئۆتۆمبێلی نوێ هاورده دەکەن، چ کێبڕکێ و مامەڵەیەک هەیە، ئێمە ئۆتۆمبێلمان بینیووە کیلۆمەتر سفر بووە و لەناوەڕاستیش براوەتەوە، ئۆتۆمبێل هەیە لەکاتی گواستنەوە لەسەر بارهەڵگرەکانەوە کەوتۆتە خوارەوە، یان کەوتۆتە ناو ئاو، ئەوانەش هەرگیز چارەسەر ناکرێن و بڕواشم نییە ئەو بڕیارە جێبەجێ بکرێت.

وەستا عوسمان یەکێک لەو پیشەکارانەی ناوچەی پیشەسازی باشوور بوو، لە هەمبەر ئەو پرسیارەی ئایا بڕیارێکی لەو شێوەیە گرنگی دەبێت بۆ سەلامەتی و کوالیتی ئۆتۆمبێل؟ ئەو بە پرسیارێک وەڵام دەداتەوە دەڵێت: ئەدی پشکنینی ساڵانەی تۆندوتۆڵی ئۆتۆمبێل چییە ؟ کە هەموو ساڵێک ئۆتۆمبێلەکان هەزرە دەکرێن و پشکنینیان بۆ دەکرێت، وەزارەتی ناوخۆ دەبوو لیژنەی پشکنینی ئۆتۆمبێل لە خاڵە سنوورییەکان ڕێکبخاتەوە نەهێڵێت ئۆتۆمبێلی خراپ بێتە ناو هەرێم، نەک قەدەغەی بکات، من ئۆتۆمبێلم بینیووە لێدراوەو لەو وڵاتانەی دراوسێ هاتووە، بەڵام کوالیتییەکەی زۆرباشترە لەو ئۆتۆمبێلانەی سفر کیلۆمەترن.

سەبارەت بە بڕیارەکە و کاریگەریی لەسەر داهاتی گومرگی هەرێمی کوردستان، ساماڵ عەبدولڕەحمان، بەڕێوەبەری گشتی گومرگی هەرێمی کوردستان بۆ(خەبات) گوتی: "بێگومان ئەو بڕیارە کاریگەری لەسەر داهاتی گومرگی هەرێمی کوردستان دەبێت و داهات کەم دەبێتەوە، بەڵام ئێمە سەلامەتی گیان و ژیانی هاووڵاتیامان لا مەبەست و گرنگترە و بڕیارەکە لە (1ی7)ی ئەمساڵ دەچێتە واری جێبەجێکردنەوە". ناوبراو ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد کە هاوردەکردنی ئۆتۆمبێلی سفر کیلۆمەتر و بێ لێدراو و کێشە هەر وەکو پێشووتر بەردەوام دەبێت.

ڕوونیشیکردەوە کە ڕاستە هەتا ئێستا ئۆتۆمبێلی لێدراو هاوردەی هەرێمی کوردستان دەکرا، بەڵام ڕێژەکەی لە ئاست ئۆتۆمبێلی سفر کیلۆمەتر زۆر کەمتر بوو، هەروەها سەرجەم ئۆتۆمبێلەکان بە هەموو جۆرەکانییەوە بە لێدراو و سفر کیلۆمەترەوە هەموویان بە فلتەری تایبەتی سەلامەتیی ئۆتۆمبێلدا دەچن ئینجا دێنە ناو هەرێمی کوردستان.

لە هەرێمی کوردستان بە سەدان کەس و کۆمپانیا کاری بازرگانی ئۆتۆمبێل دەکەن و ژمارەیەکیشیان بە تایبەت کاری هاوردەکردنی ئۆتۆمبێلی لێدراو دەکەن، سەبارەت بە کاریگەری ئەو بڕیارە لەسەر ئەو کەس و بازرگانانە، هیدایەت عەلی کە لە ماوەی چوار ساڵە کاری هاوردەکردنی ئۆتۆمبێلی لێدراو دەکات لە وڵاتی ئیماراتەوە بۆ هەرێمی کوردستان و شاری هەولێر، بۆ (خەبات) گوتی: "ئەو بڕیارە زیانێکی زۆر لەمن و ئەو کەسانە دەدا کە هاوشێوەی من کاری هاوردەکردنی ئۆتۆمبێلی لێدراو دەکەن و لەبەرژەوەندی ئەو کەس و بازرگان و کۆمپانیایانەشە کە تەنیا کاری هاوردەکردنی ئۆتۆمبێلی سفر کیلۆمەتر سفر.

قوتابیانی زانکۆ و پەیمانگاکان داوای گەڕاندنەوەی دەرمالّە دەکەن

د.یوسف گۆران: گەڕاندنەوەی دەرمالّەی قوتابیان پەیوەندیی بە وەزارەتی داراییەوە هەیە

نێچیرڤان کەلاری: لەگەڵ وەزارەتی دارایی و سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران لەسەرخەتین بۆ ئەوەی دەرمالّەکە بگەڕێتەوە

قوتابییەک: سەیرێکی بەشە ناوخۆییەکانی قوتابیان بکەن زۆرترین زبڵ و خاشاک و نایلۆن و قوتووی ئەندۆمییە، ڕۆژێک بەرپرسێک بیری لەوە کردۆتەوە ئەندۆمیخواردن ناچارییە و خواردنی سەرەکیی مرۆڤ نییە؟





د. یوسف گۆران

ڕێککخراوەکانی قوتابیان لە باشووری کوردستان لە ڕێگەی پەرلەمانی کوردستان و وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و وەزارەتی داراییەوە کار لەسەر گەڕانەوەی دەرمالّەی قوتابیانی زانکۆ و پەیمانگاکان دەکەن کە ماوەی نزیکەی پێنج ساڵە بەهۆی قەیرانی داراییەوە بڕدراوە و تائێستا نەگەڕاوەتەوە. لەتۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیش فشارەکان بۆ هەمان مەبەست چڕکراونەتەوە. تائێستا دیارنییە کە ئایا دەرمالّە دەگەڕێتەوە یاخود نا. قوتابیان گەڕاندنەوەی دەرمالّە بە پێویست دەزانن و دەڵێن: ئەگەر دەرمالّە بدرێت ئەو قورساییە مادییەی لەسەر خێزانی هەر قوتابییەک هەیە کەم دەبێتەوە.

بەدواداچوون: عەلی بانیشاری

لەلایەن خۆیشەوە د.یوسف گۆران دەڵێ" گەڕاندنەوەی دەرمالّە پەیوەندی بە وەزارەتی خوێندنی بالاوە نییە". سکرتێری یەکێتی قوتابیانی کوردستانیش دەڵێ" گەڕانەوەی دەرمالّەی قوتابیان پەیوەستە بە ناردنی بودجە لەلایەن بەغداوە".

ئامانج ڕەسوڵ، قوتابی لە پەیمانگای تەکنیکی هەولێر دەڵێ" بوونی دەرمالّە هاوکارییەکی باشە بۆ ئەوەی قوتابی داوای خەرجی کەمتر لە مالّەوە بکات". دەشڵێت" ئەو پارەیەی ساڵانی ڕابردوو لەلایەن وەزارەتی داراییەوە دەدرا بە قوتابی زۆر دڵی پێبخۆش بوو، چونکە شوێنی دەگرێت و بەشێک لە پێداویستەکانی بۆ قوتابی پڕ دەکردەوە". ئامانج بۆ (خەبات) گوتیشی" قوتابی زانکۆ یان پەیمانگا هێندەی مووچەیەکی 500 هەزاری دڵی بە دەرمالّە خۆش بوو". پێشی وایە بڕینی دەرمالّە زیانی لە قوتابی داوە و قوتابیان بەو هۆیەوە نیگەران بوون. ئەو قوتابییە داواشدەکات ساڵی داهاتوو دەرمالّەی قوتابیان بگەڕێندرێتەوە.

ڕۆژگار ئەکرم قوتابی لە کۆلێژی ئاداب دەڵێت: ئەو دەرمالّەیە ئەگەرچی زۆر کەمیش بوو، بەڵام باشتر بوو لە هیچ، وەزیر و وەزارەتی خوێندنی باڵا ئاگایان لەوە نییە قوتابی چۆن دەژی و کێ خەرجییەکانیان دابین دەکات.

ئەو کچە قوتابییە دەشڵێت: قوتابی هەیە بە مانگ و دوو مانگ ناتوانێت لە بەشە ناوخۆییەکەی بڕواتەوە مالّەوە لەبەر بێ پارەیی، سەیرێکی بەشە ناوخۆییەکان بکەن زۆرترین زبڵ و خاشاکی قوتابی نایلۆن و قوتووی ئەندۆمییە، ڕۆژێک بەرپرسێک بیری لەوە کردۆتەوە ئەندۆمیخواردن ناچارییە و خواردنی سەرەکیی مرۆڤ نییە.؟

ئەحمەد نەوزاد، قوتابی کۆلێژی ئاداب لە زانکۆی سەلاحەدین دەڵێت: بەهۆی نەبوونی دەرمالّەوە ئێستا قوتابی قورساییەکی زیاتری خستووەتە ئەستۆی خێزانەکەی، چونکە 40 هەزار بۆ قوتابی ناوشار و 60 هەزاریش بۆ قوتابی دەرەوەی شار دەتوانێت بەشێک لە پێداویستەکانی قوتابی پڕ بکاتەوە".

ئەحمەد ئاماژە بۆ ئەوەشدەکات ڕۆژانە لە زانکۆ باس باسی گەڕاندنەوەی دەرمالّە. ناوبراو بۆ (خەبات) دەشڵێت" زۆربەی قوتابیان هێشتا چاویان لەوەیە دەرمالّە بگەڕێتەوە، چونکە بەشێکی زۆر ئەو قوتابیانەی لە زانکۆ حکوومییەکان دەخوێنن لە خێزانێکی هەژارەوە هاتوون و بۆ ئەوان دەرمالّەیەکی 40 یان 60 هەزاری کەم نییە".

د.یوسف گۆران، وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی حکوومەتی هەرێم لە لێدوانێکیدا بە(خەبات)ی ڕاگەیاند: گەڕانەوەی دەرمالّەی قوتابیانی زانکۆ و پەیمانگاکان پەیوەندی بە وەزارەتی دارایی و ئابووری هەیە، نەک وەزارەتی خوێندنی باڵا. گوتیشی: هەموو هەوڵێک دەدرێت تا دەرمالّە بگەڕێتەوە.

نێچیرڤان حسێن کەلاری، سکرتێری یەکێتی قوتابیانی کوردستان بە (خەبات)ی گوت: ڕێککخراوەکەمان توێژینەوەی لەسەر بابەتی دەرمالّەی قوتابیان کردووە و بۆ هەمان مەبەستیش ڕاپرسی لە نێو قوتابیاندا ئەنجامداوە کە ئایا دەرمالّە وەکو ڕابردوو بێت یان بکرێتە میکانیزمێکی دیکە، توێژینەوەکە لە قۆناغی کۆتاییدایە.

سەبارەت بە هەوڵەکانیان بۆ گەڕانەوەی دەرمالّە ناوبراو گوتی: لەگەڵ وەزارەتی دارایی بۆ گەڕاندنەوەی دەرمالّە قسمان کردووە و لە ڕێگەی ڕاگەیاندنیشەوە فشارمان دروستکردووە. گوتیشی" بۆچوونی خۆمان و هی ڕێکخراوە قوتابی و خوێندکارییەکانی دیکەشمان گەیاندووەتە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران و ئەم بابەتە لە ژێر دیراسەدا و چاوەڕوانین ئەوەین بزانین بودجە چی لێدێت ئەگەر بودجە لە بەغداوە بێت ئەو ڕاستەوخۆ حکوومەتی هەرێم بۆ گەڕاندنەوەی دەرمالّەی قوتابیانی زانکۆ و پەیمانگاکان بڕیار دەردەکات.

کاکەمین نەجارِ.. دەبێ کادیرانمان کادیری نمونەیی و پەروەردەی ڕێبازی ڕاستەقینەی بارزانی بن



لە بارەگای ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارێزگای هەولێر کاکەمین نەجارِ ئەندامی مەکتەبی سیاسی و سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارێزگای هەولێر بە ئامادەبوونی ئەندامانی سەرکردایەتی لەگەڵ بەرپرسی لق و کارگێڕانی لق و بەرپرسی ناوچەکانی هەر شەش لقی سنوری هەولێر کۆبۆوە. لە وتەیەکدا کاکەمین نەجارِ ڕەوشی ئێستای کورستان و عیراق و ناوچەکەی شیکردەوە و ڕایگەیاند پەیوندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا لە ئاستێکی باش دایە و هەردوولا بڕوامان وایە بە گفتوگۆ دەتوانین هەر گرفتێک بێتە پێش چارەسەری بکەین و دانوستاندنەکانمان بەردەوامن.

لە بارەی دەنگۆی بڕینی موچەوە سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی هەولێر هەموو ئەو دەنگۆیانەی ڕەتکردەوە و ڕایگەیاند ئەو دەنگۆیانە بە ئامانجی نیگەران کردنی خەڵکی کوردستانە بۆیە دەبێ کادیرانی ئێمە ئەو ڕاستیە بۆ خەڵک ڕوون بکەنەوە کە پارتی پارێزەری ماف و ژیانیانە و هەموو هەوڵێک دەدەین بۆ خۆش گوزەرانی کوردستانیان. لە درێژەی کۆبوونەوەکەیدا کاکەمین نەجارِ لە گەڵ کادیرانی باڵای پارتی لە هەولێر ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە دەبێ کادیرانی پارتی لەگەڵ خەڵک بن و بەردەوام ڕاستی ڕووداوەکانیان بۆ شیبکەنەوە و نابێ ڕێگە بدەن نەیاران سود لە دەرفەت وەربگرن تا ڕاستیەکان لە خەڵک بشێوێنن.

لە بەشێکی تری گوتەکانی سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی هەولێر داوای لە کادیرانی پارتی کرد کە کادیری نمونەیی بن و ڕێنمایی کادیرانی خوارەوەش بکەن کە لە نێو خەڵک کادیری ڕاستگۆ و دڵسۆزی ڕێبازەکەیان و خزمەتکاری خەڵک بن لە بەر ئەوەی پارتی بۆ خزمەتی خەڵک هاتۆتە بوون. دواتر کادیران بە ژمارەیەک پرسیار و ڕاو سەرنج بەشداری کۆبوونەوەی فراوانی سەرکردایەتی هەولێریان کرد.

سەربەست تروانشی بەرپرسێ لقا ئێک:
ئافرەتا کورد سومبولا بەرخوەدانێ بوویە



سەربەست تروانشی ئەندامێ ئەنجومەنێ سەرکردایەتیا پارتی و بەرپرسێ لقا ئێک سەرا مالباتا خوشابا شەمعون ئودیشو دا کو ئێک ژ خەلکێ گوندێ میرکاجیا بۆ، مالا وان بارەگایێ حەشارگەها پێشمەرگەها بۆ د شورەشا گولانێ دا، بەرپرسێ لقێ گوت ئەوێن کەتینە د قادا خەباتا پێشمەرگایەتیێ دا پارزبنکێ وان هاتینە تژی کرن ب نان و ئاڤێن ئافرەتا ڤێ مالباتێ کو هەتا نوکە تاما وی نانی د دەڤێ گەلەک پێشمەرگەهاندا مایە ئەڤ ئافرەتا هەنێ و ئافرەتێن وەکی وێ ب سومبولا ئافرەتا کورد دهێنە نیاسین و چجارا ناهێنە ژبیرکرن ئەم خوە ب قەردارێن وان دزانین، دیسان بەرپرسێ لقێ ئامادەبونا خوە ژ بو هەر پێتڤییەکا وان دیار کرن، مالباتا خەباتکەر سوپاسیا بەرپرسێ لقێ کر ژ بۆ ڤێ سەردانێ و دیسان سوزا خوە بۆ ڕێبازا پیروزا بارزانییێ ئەم دوپات کرە ڤە کو هێمنین ب ئەمەک و دلسوز و وەفادار هەتا ئەم هەبین دێ د خزمەتا ئاخ و وەلاتێ خوە دا بین.

شاندێکی باڵای فەڕەنسا سەردانی وەزارەتی دارایی و ئابووریی هەرێمی کوردستانیان کرد



بینوا جنقو جێگری بەرپرسی بەشی ئابووری خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لە وەزارەتی دارایی فەڕەنسا لەگەڵ وەفدێکی کونسوڵخانەی گشتی فەڕەنسا لە هەولێر سەردانی وەزارەتی دارایی و ئابووری حکومەتی هەرێمیان کردو لەگەڵ ڕێباز حەملان، وەزیری دارایی و ئابووری کۆبونەوە.

بینوا جنقو جێگری بەرپرسی بەشی ئابووری خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لە وەزارەتی دارایی فەڕەنسا دەستخۆشی لە وەزیری دارایی و ئابووری کرد کە لەکاتە سەختەکان ئەرکەکانی بەسەرکەوتووانە ئەنجامداوە، بەتایبەت لەو کاتەی قەیرانی دارایی ڕووی لە هەرێمی کوردستان کرد.

ڕێباز حەملان وەزیری دارایی و ئابووری تیشکی خستە سەر تێچەڕاندنی قەیرانی دارایی و وتی، ڕۆژە سەختەکانمان تێچەڕاند بەردەوامین لە ریفۆرم لە گومرگ و دەروازەکان و باج، ئەمەش وایکردوە داهات بەرێژەیەکی بەرچاو زیاد بکات و بەردەوامیش دەبین لە چاکسازیکردن.

هەروەها لە ئێستادا موچە لەکاتی خۆیی دەدرێت، توانراوە نزیکەی 500 ملیۆن دۆلار قەرزی وێستگەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا بدرێتەوە لەگەڵ 300ملیۆن دۆلاری بەڵێندەرانی ناوخۆ بیانی و 260 ملیۆن دۆلاری قەرزی بانکە ئەهلیەکان.

سەبارەت بە پڕۆژە یاسایی بودجەش وەزیری دارایی و ئابووری ڕونیکردەوە، پڕۆژە یاسایی بودجەی گشتی حکومەتی هەرێم بۆ ساڵی 2019 ئامادەیە و لە چاوەڕوانی کابینەی نوێی حکومەتدایە و خەرجی حکومەتیش لە 18 ترلیۆن دینار کەمکراوەتەوە بۆ 14 ترلیۆن دینار.

وەزیری دارایی و ئابووری باسی لە کێشەکانی نێوان بەغداد و هەولێر کرد کە لە بواری نەوتدا لیژنەی تایبەت پێکهێنراوە و هەرچی تایبەت بە وەزارەتی دارایی و ئابووریش ڕێککەوتن کراوە لەسەر پێناسەی گومرگی و یەک پێناسەی گومرگی هاوبەش جێبەجێدەکرێت. هەروەها لەسەر ناردنی موچەش ڕونیکردەوە، بەغداد 453 ملیار دینار بۆ موچە دەنێرێت، بەڵام ئێمە بۆ موچە پێویستمان بە 881 ملیار دیناڕە، تایبەت بە موچەی پێشمەرگەش لە یاسایی بودجەی عێراق 68 ملیار دینار مانگانە دیاریکراوە، بەڵام مانگانە 150 ملیار دینار بۆ موچەی پێشمەرگە پێویستە، هەرچەندە تاوەکو ئێستا بەغداد هیچ بڕە پارەیەکی بۆ موچەی پێشمەرگە نەناردووە.

کۆمەکی فراوان دەگاتە کەمپی ئاوارەکانی هەرێمی کوردستان

خەبات-سەید فەخرەدین: لەگەڵ ئەو شەپۆلە فراوانەی ئاوارەکان کە بەهۆی ناسەقامگیری ناوچەکانی عێراق و سوریا ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کرد، بەتایبەت لە شەڕی نەگریسی تیرۆرستانی داعشدا، ماوەی چەند ساڵێکە ڕێکخراوە مرۆڤ دۆستەکان بەردەوامن لە ڕاگەیاندنی کەمینەکانیان بۆ کۆمەکی کردنی ئەو خێزانانەی کە لە کەمپەکانی نزیک هەولێر و دهۆک و سلێمانی گیرساونەتەوە. تا ئەمڕۆش ئەو کارە مرۆییانە بەردەوامە و تا دێش بەرفراوانتر دەبێت، وەک ئەوەی لەچەند ڕۆژی ڕابردوودا لەهەڵمەتێکدا چەندین کەلوپەل و پێداویستی و خۆراک گەیەندرایە کەمپێکی بەحرکە و دۆمیز. لەو چوارچێوەیەشدا عەلی عودە عەبدولا سەرۆک عەشیرەتی گوندی بالەکیانە ڕایدەگەیەنێ: خۆشحالم کە دەبینم ئەمرۆ خەڵکی ئەو دەڤەرە لەگەڵمادا هاوکارن و چەندین کەل و پەل و پێداویستیان گەیاندووەتە کەمپی بەحرکە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە بەهۆی قەیرانی سەختی دارایییەوە خەڵکی کوردستان لە بارودۆخێکی خراپدا بوون، بەڵام جێگەی خۆشحالیە کە لە کاری مرۆییدا سڵ ناکەنەوە، هەمیشە پشتیوانی لە کەسانی لێقەوماو دەکەن کە ئەمەش سەلماندی ئەو ڕۆحیەتە پاکەیە کە لە نێو کورددا دەمێکە باسی لێوە دەکرێت.

پیشانگای نێودەوڵەتی تەندروستی و دەرمانسازی لە هەولێر چوار ڕۆژ بەردەوام بوو





سەرپەرشتیاری پێشانگای نێودەوڵەتی هەولێر:
پیشانگایەکی یەکجار پێشکەوتووە لەبواری تەندروستی و ئامێرو کەلوپەلی پزیشکیدا

ڕۆژی 1-5-2019ئامادەبوونی ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێم و ژمارەیەک لە وەزیر و پەرلەمانتارانی کوردستان و عیراق و کونسوڵ و نوێنەری وڵاتانی بیانی و ژمارەیەک لە پزیشکانی پسپۆڕی بواری تەندروستی وڵاتان وپزیشکانی پسپۆڕی کوردستان و عێراق گەورەترین پێشانگای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە بواری دەرمانسازی و پزیشکی و پزیشکی ددان لەپێشانگای نێودەوڵەتی لە هەولێر کرایەوە.

ڕاپۆرت: فاتیح بەرزنجی:

دوای بەسەرکردنەوەی پێشانگایەکە لەلایەن سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەست خۆشی لەکۆمپانیای نێرا تاریق کرد بۆ ڕێکخستنی ئەو چالاکیەو هیوای خواست کە ئەو چالاکیە ببێتە دیدارێکی ساڵانەی بەرهەمدار لەسەر ئاستی ناوچەکەو جیهان و ڕاسپاردەو ئەنجامی باشی لێ بکەوێتەوەو هاوکار بێت بۆبەردەوامی پەرەپێدانی تەندروستی و پزیشکی و دەرمانسازی لە هەرێمی کوردستان و عێراق.

عەبدولڕەحیم سەرپەرشتیاری پێشانگای نێودەوڵەتی هەولێر گوتی: ئەو پێشانگایە لە ژێر ناونیشانی فارمی دێنتی پزیشکی یەو پێکدێت لەهەموو بەشەکانی پزیشکی وەک دەرمانسازی و پزیشکی گشتی و پزیشکی ددان و بریتییە لە کردنەوەی پێشانگاو کۆنفراسی پزیشکی و چەندین پەنەڵی گرنگی بوارە جیاجیاکانی پزیشکی لەخۆدەگرێت و چەندین کەسایەتی گەورەی پزیشکی لە دەرەوەو ناوەوەی عێراق و وڵاتانی عەرەبی و ئەوروپی بەشداریان تیادا کردووە. هەر لەو پێشانگایەدا چەندین کۆڕو سیمیناری پزیشکی ئەنجام دەدرێ سەبارەت بە دوایین پێشهاتەکان لە بواری پزیشکی و پێشانگاکە بۆ ماوەی چوار ڕۆژ بەردەوامبوو بەبەشداریکردنی 80 کۆمپانیا لە 20وڵاتی جیاواز و ڕۆژانە ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە هاووڵاتیان سەردانی ئەو پێشانگایەیان کرد.

دواتر هەردی عومەر بەڕێوەبەری کارگێڕی پێشانگای نێودەوڵەتی هەولێر دەربارەی پێشانگاکە ڕوونیکردەوە: لەو پێشانگایەدا چەندین پەنەڵی گرنگ لەلایەن کەسایەتی وڵاتانی ئەوروپیەوە پێشکەش دەکرا سەبارەت بە بوارەکانی پزیشکی و دوا پێشهاتەکانی بواری تەکنەلۆژیای پزیشکی و دوا پەرەسەندنەکانی تەندروستی و پزیشکی و تیایدا چەندین پزیشکی پسپۆڕ ئامادەی ئەو پەنالانە دەبوون، دیارە وەزارەتی تەندروستی کوردستانیش ڕۆڵی باڵای دەگێڕاو تیایدا نوێنەری وەزارەتی تەندروستی ئامادەی کۆڕو سیمینارەکەیان دەکردو چەندین کۆمپانیای خۆمالی هانی کۆمپانیا بیانیەکان دەدەن تا بێنە کوردستان وەبەرهێنان بکەن و لقی کۆمپانیا بیانیەکانیش لەکوردستان بکرێتەوە، لەماوەی 15ساڵی ڕابردوو چەندین گەورە کۆمپانیای جیهانی بەشداریان لە پێشانگای نێو دەوڵەتی کوردستان کردووەو چەندین

www.xebat.net
یەک شەمە 2019/5/5 ژمارە (5740)

بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر.. سێ تۆمەتبار دەستگیرکران



بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر ئاشکرای کرد، سێ تۆمەتباریان دەستگیر کردووە و یەکێک لە تۆمەتبارەکان دوای ئاڵوگۆڕبوون بە ماددەی هۆشبەر تاوانی کوشتنی ئەنجامداوە.

عەبدولخالق تەڵعەت، بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند: "سێ تۆمەتبار لەلایەن هێزەکانمان دەستگیر کراون، یەکێک لەو تۆمەتبارانە ئاڵوگۆڕیان بووە بە ماددەی هۆشبەر و تووشی نەخۆشی دەروونی بووە و دواتر دایکی خۆی کوشتووە، هەردوو تۆمەتبارەکەی دیکەش تاوانی کوشتنیان ئەنجامداوە، هەرسێکیان دراونەتە دادگا و بەپێی ماددەی 406 لە یاسای سزادانی عێراقی سزا دەدرێن".

گوتیشی: "بە گشتی ئەنجامدانی تاوان لەناو هەولێر بەڕێژەیەکی زۆر کەمبووەتەوە، لەبەر ئەوەیە کە ئیجراتاتەکان زۆر بوونە و دەتوانم بڵێم لە 98% پەڕاوی لێکۆڵینەوەکان کۆتاییان هاتووە، تەنها ئەو تاوانبارانە دەستگیر نەکراون کە لەبەر دەست نین، هەماهەنگی لەگەڵ شارەکانی دیکە دەکەین ئەگەر تاوانبارێک لە هەولێر بۆ هەر شارێکی دیکە هەڵاتووە ڕادەست بکرێت.

بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی هەولێر: ئەمڕۆ ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر لەسەر دوو پرس کۆدەبێتەوە

سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر گوتی، ئەمڕۆ ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر لەسەر دوو پرس کۆدەبێتەوە، کە یەکێک لەوانە بڕیتییە لە خۆئامادەکردن بۆ مانگی ڕەمەزان، بۆ ئەوەی لەو مانگەدا بازاڕ قۆرخ نەکرێت.

عەلی ڕەشید، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: "ئەمڕۆ ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر لەبارەی دوو بابەت کۆدەبێتەوە، یەکێک لەوانەش بڕیتییە لە بنگەهێشتکردنی بەرپرسانی خۆجێیی، بۆ ئەوەی گفتوگۆ سەبارەت بە خۆئامادەکردن بۆ مانگی ڕەمەزان بکرێت، تا بازاڕ قۆرخ نەکرێت و کەلوپەلی ئێکسپایەر بۆ ناو بازاڕ نەهێدرێت".

عەلی ڕەشید گوتیشی، ڕاپۆرتێکی دیکە پێشکەش کراوە لەبارەی پێداچوونەوە بە ژمارەی فەرمانبەرانی حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا، کە چەندین بەرپرس بۆ ئەو مەبەستە میواداری کراون، لەوانە بەرپرسانی کاروباری کۆمەڵایەتی و سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی.

بەرپرسی لقی 16 سەردانی مەکتەبی سیاسی سازمانی خەباتی کوردستان ئێرانی کرد



لەبەردەوامی سەردان و دیدارەکانیدا بەمەبەستی هاکاری و پاڵپشتی هێزو لایەنە سیاسیەکانی سنوورەکە ,بڵند ئیسماعیل بەرپرسی لقی16ی هەولێری پارتی دیموکراتی کوردستان بەیاوەری چیا محەمەد هەرکی کارگێڕی لق و سەعدوڵا سعید بەرپرسی لێژنە ناوچەی ڕزگاری سەردانی بارەگای مەکتەبی سیاسی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێرانی کرد و لەلایەن ژمارەیەک لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و بەرپرسانی ئەو حزبە بەگەرمی پێشوازیکران.

لەکۆبوونەوەیەکی دۆستانەدا بەرپرسی لقی16ی هەولێر ڕۆڵی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران و هێزو لایەنە سیاسیەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستانی بەرزنرخاند لەخەبات و تێکۆشان دژی داگیرکەرانی نیشتمانەکەمان لەپێناو بەدیهێنانی مافە نیشتمانی و نەتەوەییەکانی گەلەکەمان و پاڵپشتیکردنی ئەو ئەزموونەی لەباشوری کوردستان هاتۆتە وجود ,لەم ڕوانگەیەشەوە ئاماژەدین بۆ هەر جۆرە هاوکارییەکی هێزو لایەنە سیاسیەکانی کوردستان بۆ پێشخستنی کارەکانیان و خزمەتکردن بەدۆزی ڕەوای گەلەکەمان .

دواتر لەلایەن بەرپرسانی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران وێڕای بەختێرهێنانی گەرمی شاندی لقی16ی هەولێر خۆشحاڵی گەرمی خۆیان بۆ ئەو سەردانە دەربڕی و ئاماژەیان بەبەشێک لەکارو چالاکیەکانیان کرد لەپێناو بەدیهێنانی مافە ڕەواکانی میللەتەکەمان و سووربوونی خۆشیان دووپاتکردەوە لەخەبا و تێکۆشان تاگەیشتن بە ئامانجەکانیان.

هۆشیاری و بەرەنگاربوونەوەی ماددە هۆشبەرەکان لەدیدارێکی زانکۆی سەلاحەددین- هەولێردا



بەئامابوونی ژمارەیەکی بەرچاو لەمامۆستایانی کۆلێژەکانی زانکۆی سەلاحەدین و بەرپرسانی حکومی و حزبی و چەند پەرلەمانتارێک دیداری زانکۆی سەلاحەدین بە ئاونیشانی هۆشیاری و بەرەنگاربوونەوەی ماددە هۆشبەرەکان لەهۆڵی کۆچەر بیرکار لە سەنتەری ڕۆشنبیری کۆمەڵایەتی سازکرا، ئەمەو سەرەتا خولەکێک وەستان بۆ مارشی نیشتمانی هەرێمی کوردستان، لەپاشاندا پ.د.ئەحمەد ئەنوەر دزەیی سەرۆکی زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر وتارێکی لەو بارەیەوە پێشکەشکرد، کە تیایدا لەچەند خاڵێکی گرنگ کرد سەبارەت بەماددەی هۆشبەر، بەپێویستی زانی لەڕێگەی ئەم دیدارەدا مامۆستایانی کۆلێژەکانی زانستە ئیسلامییەکان و ئاداب و یاسا و زانست بەتوێژینەوەکانیان بتوانن پەنجە بخەنە سەر برینەکان و هۆکار و ڕێگە چارە بخەنەروو بۆ دامودەزگە فەرمییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، هاوکات ڕاسپاردەکان ببنە ڕێگە پیشاندەر بۆ نەهێشتن و کەمکردنەوەی ئەو دیاردە کوشندەیە، کە بۆتە ژەهرێک هاتۆتە نێو کۆمەڵگەی کوردستانی، لەلایەکی دیکەوە ئەو دیدارەی بە دەرفەت زانی تا چەند پێشنیارێک پێشکەش بە ئامادەبووان بکات و ئەمەو پێشنیارەکانی لەچەند خاڵێک کۆکردەوە وەک دەزگەکانی ڕاگەیاندن بەهەموو ئامرازەکانیەوە ڕۆڵی بەرچاو بگێڕن لە هۆشیارکردنەوەی گەنجان، قوتابخانە، زانکۆ، مزگەوت و فەرهەنگخانەکان دەتوانن کار بکەن بۆ ئامۆژگاریکردنی گەنجان و هەردەمیش ڕێنمایی بخەنەڕوو بەسوود وەرگرتن لە ئاماری دەزگەکانی ئاسایش و لەلایەن دەزگە پەیوەندارەکانیشەوە سزای یاسایی بازرگانیکردن بە هۆکار و ڕێگە چارە بخەنەڕوو بۆ دامودەزگە فەرمییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، هاوکات ڕاسپاردەکان ببنە ڕێگە پیشاندەر بۆ نەهێشتن و کەمکردنەوەی ئەو دیاردە کوشندەیە، کە بۆتە ژەهرێک هاتۆتە نێو کۆمەڵگەی کوردستانی، لەلایەکی دیکەوە ئەو دیدارەی بە دەرفەت زانی تا چەند پێشنیارێک پێشکەش بە ئامادەبووان بکات و ئەمەو پێشنیارەکانی لەچەند خاڵێک کۆکردەوە وەک دەزگەکانی ڕاگەیاندن بەهەموو ئامرازەکانیەوە ڕۆڵی بەرچاو بگێڕن لە هۆشیارکردنەوەی گەنجان، قوتابخانە، زانکۆ، مزگەوت و فەرهەنگخانەکان دەتوانن کار بکەن بۆ ئامۆژگاریکردنی گەنجان و هەردەمیش ڕێنمایی بخەنەڕوو بەسوود وەرگرتن لە ئاماری دەزگەکانی ئاسایش و لەلایەن دەزگە پەیوەندارەکانیشەوە سزای یاسایی بازرگانیکردن بە ماددەی هۆشبەرەوە بدرێ، وەزارەتی تەندروستیش ژینگەیەکە شیاو بۆ ئاڵوگۆڕبووان بڕەخسێنێت، جەختیشی لەوە کردەوە پەرلەمانی کوردستان بەیاسای بەرەنگاربوونەوەی بەکارهێنان و بازرگانیکردن بەماددە هۆشبەرەکان و ئاڵوودەبووان و بازرگانان لەیەکتر جیا بکاتەوە سزای جیاوازیان بۆ ماددەی هۆشبەرەوە بدرێ، وەزارەتی تەندروستیش ژینگەیەکە شیاو بۆ ئاڵوودەبووان بڕەخسێنێت، جەختیشی لەوە کردەوە پەرلەمانی کوردستان بەیاسای بەرەنگاربوونەوەی بەکارهێنان و بازرگانیکردن بەماددە هۆشبەرەکان و ئاڵوودەبووان و بازرگانان لەیەکتر جیا بکاتەوە سزای جیاوازیان بۆ دیاردەیە، ئەوەی شیاوی باسە سێ پانێل پێشکەشکرا هەر پانێلێک شەش توێژەر تیایدا بەشداری کرد لەگەڵ تەواوبوونی هەر پانێلێک گفتوگۆیەکی کراوە دەخرایە ڕوو و بابەتەکان زیاتر دەوڵەمەنتر دەبوو بۆ ڕێگەچارەی گونجاو بۆ بەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەر.



پرۆژەی گەورەیان لە کوردستان ئەنجامداوە دیارە ئەوەش کاریگەری زۆری دەبێت لە بەردەو پێشەوە بردنی کەرتی بازرگانی و ئابووری لە کوردستان.

بەدردین ئەحمەد خاوەنی کۆمپانیای لۆک گوتی: ئامانجی ئێمە خزمەتکردنی هاوڵاتیانی کوردستانە لە بواری تەندروستی و مەبەستیشمان بوو ئەو کەلوپەلانەی کە هەمانە لەو پێشانگایەدا نیشانی بدەین جگە لەوەش هەوڵ دەدەین، کە پەیوەندیەکی پتەو لەگەڵ کۆمپانیاکانی دیکەی جیهانی پەیدا بکەین لە میانی بەشداری کردنمان لەو پێشانگایەدا ڕۆڵی کۆمپانیاکەی ئێمە لەبواری قەستەرەو نەشتەرگەری بوو خوازیاریشین پێشانگای ئۆتۆسان زیاتری پزیشکی بکرێتەوە.

ئاری عوسمان قوتابی قۆناغی پێنجەمی کۆلێژی پزیشکی هەولێرو نوێنەری کۆمپانیای ئۆتۆسان گوتی: پێشانگای ئەمجارە زۆر گەورەترو فراوانتربوو لەبەرئەوەی چەندین گەورە کۆمپانیای ولاتانی ئەوروپی بەشداریان لە پێشانگاکەدا کرد، کۆمپانیای ئۆتۆسان کۆمپانیایەکی ئیتاڵی براندە و کەلوپەلەکان زیاتر لە بواری ENTیە، بۆیە بەشداریمان کرد چونکە کۆمپانیای گەورەکان بەشداریان کردبوو لە بواری جیاجیاکانی پزیشکی و خەڵکێکی زۆر کەلوپەلەکانی ئێمەیان بەدڵ بوو. کاکل محەمەد یەکێک لەو کەسانەیە کە سەردانی ئەم پێشانگایەی کردووەو دەڵێت گوتی: کە سەردانی پێشانگایەکی لەوشێوەیە دەکەیت، هەست دەکەی کە پێویستە زیاتر گرنگی بە کەرتی تەندروستی بدرێت، چونکە بواری پزیشکی زۆر گرنگە و لە دوایین پێشهاتەکانی دونیای دەرەوە دەبین لە ڕووی دەرمان و چۆنیەتی چارەسەرکردن و کەلوپەلە پزیشکییەکانەوە.

هەورەمان عەلی پیشەی **دەرمانسازە و دەڵێت:** بەڕاستی کردنەوەی پێشانگای تەندروستی گرنگی تایبەتی خۆی هەیەو تیایدا کۆمپانیای خۆمالی زۆر سوود لە ئەزموونی کۆمپانیا گەورەکان وەردەگرێت کردنەووەی پێشانگای ئەمجارە بەلای کادیرانی بواری دەرمان زۆر بەسوود بوو، ئاشنایەتیمان لەگەڵ دەرمان و کەلوپەلی تازەی پزیشکی پەیداکرد و ئومێد دەکەین بەزووترین کات ئەو دەرمان و کەلوپەلە پزیشکییانە بگەنە ولاتی ئێمە و نەخۆشی خۆمان چیتر پێویستی بە چوونە دەرەوەی ولات نەبێت.

مانگی ڕابردوو 6 تانکەر بەنزینی خراپ لەگەرمیانەوە گەڕێنراوەتەوە بۆ سلێمانی



خەبات /سەبریە یوسف:

بەڕێوەبەری نەوت و کانزاکانی گەرمیان، ئاماری چالاکیەکانی بەڕێوەبەرایەتیەکەیانی بۆ مانگی ڕابردووراگەیاند.

لەو بارەوە ، یادگار فەتاح ، بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی نەوت و کانزاکانی گەرمیان، 2019 بە خەباتی ڕاگەیاند" لەماوەی مانگی ڕابردوودا لەلایەن هۆبەی کۆنترۆڵی جۆری بەڕێوەبەرایەتی نەوت و کانزاکانی گەرمیانەوە پشکنین ئەنجامدراوە بۆ 248 نمونەی بەنزین و 60 نمونەی گازوایل. وتیشی" لەو ڕێژەیەش 11 نمونەی بەنزین لەگەڵ 12 نمونەی گازوایل نەشیاو بوون و لەنێو بەنزینخانەکاندا هەولێر دابەشکردنیان دراوە بۆیە ئەو بەنزینخانانەی هەولێر دابەشکردنیان دابوو سەرجەمیان سزادران.

ئەوەشی خستەروو" لەمانگی ڕابرودا ڕێگری کراوە لەهاوردەکردنی 6 تانکەر بەنزین بۆ سنوری ئیدارەی گەرمیان بەو پێیەی کە نمونەکانی نەشیاو بوو ن و گەڕێنرانەوە بۆ سلێمانی.



ڕێزگرتن لە بەڕێوەبەرێکی دڵسۆز

پاش سەردانێکی دکتۆر پشتیوان سادق وەزیری پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ دهۆکی سلێمانی، ئەمڕۆ پێنج شەممە لە نووسینگەی خۆی پێشوازی لە مامۆستا عەتا بەڕێوەبەری قوتابخانەی یالانقۆزی بنەڕەتی سەر بە پەروەردەی دووکان کرد. بەڕێوەبەری قوتابخانەکە بەهۆی دڵسۆزی لە بەڕێوەبردنی قوتابخانەکە بەشێوازێکی جوان کە تیایدا کار لەسەر ژینگەپارێزی و هۆشیاری تاک و یاساکانی هاتوچۆ و پاراستنی قوتابخانە و پاکوخاوێنی جەستە کراوە، لەلایەن وەزیری پەروەردە ڕێزۆ سوپاسی پێشکەش کرا.



بەکر کەریم حەسەن*

بنیاتنانی مرۆڤی کوردستانی و نەهێشتنی نەخوێندەواری

سەرکردەی سەربازی و پادشای مەکدۆنیای کۆن ئەسکەندەری مەکدۆنی دەڵێ" لە بیرتان بێت ، چارەنووسی هەموو تان دیاری دەکرێ لە سەر بنچینەی هەڵسوکەوتی هەر یەکێکتان ."


گومانی تێدانییە کەوا تاکەکانن کۆمەڵگە پێک دەهێنن و دواتریش نیشتمان پێک دێت، بەدڵنیایی هەڵسوکەوت و ڕەفتاری کەسەکان ڕاستەوخۆ ڕەنگدەداتەوە لە سەر هەڵسەنگاندن ودیاری کردنی کۆی پرسەکانی کۆمەڵگە ، ئموونە یەکجار زۆرن لە سەر ژیانی ڕۆژانەدا لەسەر دەرخستنی ئەو ڕستەیەی سەرەوە ، بەڵام ئەوەی گرنگە پێویستە کار لەسەر چاککردن وباش کردن و بەرەوپێشبردنی ڕەفتارو هەڵسوکەوتی تاکەکان خۆڕۆشنبیرکردن وفێرکردنیان بکرێت، چونکە بنیاتنانی مرۆڤ سەرەتا بەپەروەردە کردن وفێرکردن دەست پێ دەکات، بۆیە یەکێک لە بنەما سەرەتاکانی بنیاتنانی مرۆڤ بریتییە لە نەهێشتنی نەخوێندەواری لە نێوان کۆمەڵگە بەگشتی و تاک بە تایبەتی ،ئەگەر سەرەتا لەسەر ئاستی جیهان تەماشا بکەین دەبینین تا ئێستا زۆرێک لە وڵاتانی جیهان لە ڕۆژهەڵاتی زەوی تا ڕۆژئاوا لە هەوڵدانی بەردەوام دان بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری کە خوێندن و فێرکردن مافی سروشتی هەر تاکێکە لە بچووک و گەورە، وە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەروەردە و زانست و ڕۆشنبیری (یونسکۆ) بە دروشمی ڕۆژی جیهانی نەهێشتنی نەخوێندەواری کە لە 8/9/2018کە ڕۆژی جیهانی نەهێشتنی نەخوێندەواریە دەڵێ نەهێشتنی نەخوێندەواری بەردی بناغەی بنیاتنانی مرۆڤ و پەرەپێدانە، دەڵێ زیاتر لە ((750حەفت سەدو پەنجا ملیۆن کەس نەخوێندەوارن لەسەرتاسەری جیهان کە دوو بەشی لە ئافرەتانن و بەشێکی لە پیاو بوون، هەروەها لەسەرەتای نۆهەدەکان دەزگای (باربارا بۆش) بۆنەهێشتنی نەخوێندەواری خێزانی لەلایەن (باربارای) خێزانی بۆشی باوک کە سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بوو دامەزرابوو، نەهێشتنی نەخوێندەواری لە ناو خێزانەکان لە سەر ئاستی جیهان بە هاوکاری و پالپشتی چەندها کۆمپانیا و دەزگای ئەمریکی کە یارمەتیدەربوون بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری زیاتر لە ((750حەفت سەدوپەنجا ملیۆن نەخوێندەوار لەسەر ئاستی جیهان، جێگای ئاماژەیە کە کۆریای باشور بەرزترین ڕێژەی فێرکردنی هەیە لە جیهان کە ڕێژەکەی ?100%وە ژاپۆن کەمترین ڕێژەی نەخوێندەواری هەیە لە جیهان و لە وڵاتە عەرەبییەکانیش کەمترین ڕێژەی نەخوێندەواری لە (فەلەستین و بەحرەین و کوەیت)هەیە، بەرزترین ڕێژەش (لە مۆریتانیا و یەمەن و مەغریب ومیسر و سودان) هەیە عێراقیش بە زنجیرەی شەشەم وولاتانی عەرەبی دێت، ڕێژەی نەخوێندەواری ((20% دێت بە پێی ئاماری یونسکۆ لە ساڵی 2016

سەبارەت بە هەرێمی کوردستانیش ڕێژەیەکی جێگر و وورد نییە لە هەندێ سەرچاوە ((18%و لە هەندێکی تر (?15% (21% ?16%دێت واتە ڕێژەیەکی باوەڕپێکراو پەسند کراو نییە ، ماوەتەوە بڵێم گرنگە وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان پلانێکی وورد و دیراسەکراوی هەبێت بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری داوا لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان لە بواری پەروەردە و فێرکردن بکات و پرۆژەیان بداتێ بۆ ڕاگەیاندنی هەڵمەتی نەهێشتنی نەخوێندەواری بەتایبەت دەتواندرێ سوود لەو دەرچووی ئەو کولێژانە ببینرێ کە تائێستا دانەمەزراون لە گوند و شارۆچکەکان نیشتەجێن و قوتابخانە هەیە و دەکرێ لە دەوامی ئێواران وشەوان وەکو پێشان بە چڕی کاری لەسەر بکرێت و بکرێتە پرۆژەی وەزارەتی پەروەردە بۆ بنیاتنانی مرۆڤی کوردستانی لە نەهێشتنی نەخوێندەواری دەست پێ بکەین و کە بەرپرسیاریەتی ڕاستەوخۆی وەزارەتی پەروەردەیە و هەمیش ئەرکە لەسەر بەرپرسانی وەزارەت ولە هەمان کاتیش ئەمانەت وبەرپرسیاریەتییە بە خوێندەوار کردن و فێرکردن وبنیاتنانی مرۆڤ و کۆمەڵگەی کوردستانی.

* بەڕێوەبەری گشتی چالاکی وەرزش و هونەر

تووێژینەوەی مامۆستایەکی زانکۆ لەسەر بابەتە کۆمەڵایەتییەکان

قوتابی زانیاری ئەوەی پێبدرێت دەشتی قەراج و کەندێناوە بەرهەمی گەنمی بەشی چەندی کوردستان دەکات لەوە باشترە بزانێت ئەرجەنتین چەند سەر مەڕوبزنی هەیە



گفتوگۆ/ ڕۆشنا عەلی

ڕۆژی 2019- 4- 28-27کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی زانکۆی سەلاحەدین کۆنفڕانسی سالانەی خۆی ئەنجامدا و لە میانەی ئەو کۆنفڕانسەشدا چەندین لێکۆڵینەوەو تووێژینەوە لە بواری هەستیارەکانی پەروەردەدا پێشکەشکران، یەکێک لەو تووێژینەوانەی پێشکەشکرا لە بارەی بابەتە کۆمەڵایەتییەکانەوە بوو کە لە لایەن مامۆستا ڕزگار حەمە لاو ئەحمەد پسپۆڕ لە ڕێگاکانی وانە وتنەوە لە کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی زانکۆی سلێمانی پێشکەش کرا ، بە پێی لێکۆڵینەوەکە هەڵەیەکی زۆر لە کتێبی کۆمەڵایەتی پۆلی پێنجەمی بنەڕەتیدا هەیە مامۆستا ڕزگار لە بارەی لێکۆڵینەوەکەی ئاماژەی بەوەدا کە بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی پۆلی پێنج پێک دێت لە بابەتی میژوو جوغرافیا و هاونیشتمانی ئە و بۆ خەبات وتی " ئێمە لە ئەنجامی ئەو لێکۆڵینەوەیە بۆمان دەرکەوت کە کتێبەکە کتێبێکی لاوازە و بە ئاستێکی مامناوەند ئیشی لەسەر کراوە و هەڵەیەکی یەکجار زۆری زمانەوانی و زانستی تێدایە و وەک هەندێک سالی میژوویی چەند سالێک نووسراوە کە ئەم سالانە وانییە تێبینیمان لە سەر نەخشەکانیش هەیە ، لاپەڕەی پەروەردە گفتوگۆیەکی لەگەڵ ناوبراو ڕێکخست.

سێ تەوەری سەرەکی

لێکۆڵینەوەکەی مامۆستا ڕزگار باسی لەو سێ تەوەرە کرد کە لە تووێژینەوەکە پشتیان پێ بەستووە و ئەو وتی " ئێمە لە سێ تەوەری سەرەکیدا کارمان لەسەر کردووە تەوەرێکییان ئەوەبوو ئێمە لە ڕووی پەروەردەو فێرکردنەوە ، چونکە هەموو کتێبێک سەرەتا ئامانجی ئەوەیە کە تاچەند پەروەردەییە و تاچەند زانستییە پشتمان بەستووە بەو مامۆستایانەی خۆیان بابەتەکان دەڵێنەوە کە 127مامۆستا ی وانەکە بەشداربیان لە لێکۆڵینەوەکەی ئێمە کردووە ، لەلایەکی تر بەشێک لە لێکۆڵینەوەکە تایبەتە بە وێنەکانی ناو کتێبەکە کە هەڵسەنگاندمان بۆکردووە لە باری سەرنجی پسپۆڕانی بواری وێنە کەسێک کە شارەزای بواری وێنە کێشان و دیزاینە یان شارەزای هونەری وێنەیە تەنها پشتمان بە مامۆستایانی زانکۆ بەستووە لە هەڵگرانی بڕوانامەی ماستەرو دکتۆران ، کە چەند پێوەرێکمان بۆ داناون لە چەند خاڵێک پێکهاتبوو لەسەر بنەمای ئەو پێوەرانە وەڵامان بدەنەوە ، لەلایەکی تر کارمان لەسەر نەخشەکان کردووە هەموو کتێبەکە 14نەخشەی تێدایە پرسمان بە مامۆستایانی پسپۆڕ لە زانستی نەخشە کێشان کردووە ئەوانیش پێنج پسپۆڕ کاریان لەسەر کردووە مامۆستایانی زانکۆ لە هەڵگرانی بڕوانامەی ماستەرو دکتۆرا لە ئەوانیشەوە ئەنجامە کانمان بۆ گەڕاوەتەوە لە ئەنجامی هەرسێ تەوەرەکە بۆمان دەرکەوتووە کە کتێبەکە هەڵەو کەم و کوڕی زۆری تێدایە ، بۆیە بەم شێوەیەی دانراوە کتێبەکە ناتوانێت مافی تەواو بداتە قوتابی و خوێندکار.

دانانی پرۆگرام و پسپۆڕانی زانکۆ

دەربارەی ئەوەی کە ئایا ئەو کتێبە هەمان پسپۆڕانی زانکۆ لە ماستەرو دکتۆرا بەشداری دانانی کتێبەکەیان کردووە کەواتە ئەم هەڵانە بۆچی ؟



بۆمونە تا ئێستاش کە باسی کۆنترین گوند لە میژووی کورد و جیهانیش دەکەین دەڵێن گوندی چەرموو تازە گوندێکی تر دۆزراوەتەوە لە سنوری سلێمانی لە ناوچەی شارە زوور پێی دەڵێن بێستان سوور کە تازە شارەزایانی بواری ئەوانی لەسەرە و بۆچوونیان بە هەند وەرناگیرێت ، گرفتێکی ئێمە لەوەدایە کە ئێمە هەندێک جار بۆچوونەکانمان وەردەگیرێت و دەسکاری دەکرێت یان وەک خۆی دانانرێت بۆیە هەندێک جار ئەم حاڵەتانە بە هەڵە تێدەپەڕێت لە لایەکی ترەوە دانانی پرۆگرام لە هەموو دنیادا بە شێوەیەکە کە پێویستە بەبەردەوام زانیارییەکانی نوێ بکرێتەوە ، چونکە بەردەوام بیرۆکەی تازە دێتە پێشەوە هەندێک جار ڕەنگە گۆڕانکاری دروست بێت هەتا لە میژووئێمە

شۆینەوار ناسی ئەمەیان دۆزیوەتەوە کەواتە دەبێت ئەمە تێکەڵاوی پرۆگرام بکرێت ، بۆ ئەوەی قوتابی ئێمە ئەم شتە نوێیانە بزانێت ، بۆیە یەکێک لە تێبینییەکان ئەوەیە زانیارییەکان نوێ نەکراونەتەوە و پرۆگرامەکەش زۆر چاپ دەکرێتەوە و وێنەکان تەڵخ دەبن و مافی تەواوی خۆی نادات بە بابەتی کتێبەکە ئەمەش بەشێکی تری گرفتەکانی ئێمەیە.

تێبینی و پرۆگرامەکان

هەمیشە لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرامەکانەوە ئاماژە بۆ ئەوە دەکرێت کە هەرکەس تێبینی لەسەر پرۆگرامەکان هەیە ئەتوانێت بۆمان بنێرێت و ئێمە کاری لەسەر ئەکەین ئەم لێکۆڵینەوەیەی ئێوە پێشتر هیچ تێبینییەکی بە پرۆگرامەکان گەشتووە ؟مامۆستا ڕزگار حەمەلاو لەمبارەیەوە وتی " هەر توێژەرێک توێژینەوە دەکات بۆخۆی ناکات بۆ ئەو شۆینەی دەکات کە پێویستی پێی هەیە ئێمە بە سوپاسەوە دەخوازین وەزارەتی پەروەردە کاری لەسەر بکات واتە ماندوو بوون بۆ توێژەرە زۆر گلەی لەوە دەکرێت کە توێژینەوەی زۆر باش دەکرێت لە کوردستان، بەڵام توێژینەوەکان کاریان پێناکرێت توێژینەوەکە دوای ئەوەی لە کۆنفرانسێک باسی لێوەدەکرێت لە مولکی ئێمە دەردەچێت ئێمە پێشتر مافی بڵاوکردنەوەیمان نییە دەبێتە مولکی ئەم کۆنفرانسە و کۆنفرانسەکە بڵاوی دەکاتەوە و دوای ئەوەش دەبێت بگات بەو شۆینەی پێویستیەتی.

زانیاری ناپێویست

دەربارەی ئەوەی کە ئایا پێتان وایە بە پێی توێژینەوەکەتان کتێبەکە زانیاری پێویستی ئەو قۆناغەی تێدا کۆکراوەتەوە یان ئێوە تێبینییەکانتان لەسەر هەڵەی کتێبەکەیە لە ڕووی زمانەوانی و وێنەو نەخشەوە ؟ بێگومان من جیا لە پۆلی پێنج وەک پسپۆڕێکی ئەم بوارە تێبینییەکی گشتیم هەیە لەسەر کۆی کتێبەکە لەو تێبینییانە ئەوەیە ئێمە هەندێک جار هەندێک شت بە قوتابی و خوێندکار دەڵێین شتی تری پێ بڵێین باشترە بۆ ئموونە ئێمە زۆر جار کاتێک باسی میژوو دەکەین باسی میژووی عەرەب ، تورک ، فارس دەکەین هەموو ئەمانە ئاساییە زانیاریان لە بارەیەوە هەبێت ، تا ئەو کاتەی بارودۆخی سیاسی کوردستان لە ڕۆژئاوا نەهاتە پێشەوە ڕەنگە بەشێک لە مامۆستایانی زانکۆش نەیاندەزانی کۆبانێ کوێیە وعەفرین زانیاریان لەسەر ژمارەی کورد لەو شۆینانە نەبوو نەیاندەزانی سنووری کوردستان تا کوێ دەڕوات ئێستا شۆینێک هەیە پێی دەڵێن کوردستانی سوور لە قوتابی زانکۆ بپرسە بڵێ کوردستانی سوور کوێیە نازانێت، چونکە نەیخوێندووە ، بەڵام میژووی ئەفەریقای پێ دەڵێت کە پێویست نییە بۆمن لە کاتێکا میژووی میللەتەکەی خۆم ناخوێنرێت ، باسی قەراج و کەندیناوا کە بە لێکۆڵینەوە نەبێت نازانرێت داهاتی ئەو ناوچەیە بەشی چەنی خەڵکی کوردستان دەکات ئایا داهاتی گەنم لە دەشتی سندی و شارەزوورو بتوێن و ڕانیە چەندە؟ ئایا داهاتی شارباژێڕ بەشی بژێوی خەڵکەکەی دەکات لە جیاتی ئەمانە باس لەوە دەکات لە ئەرجەنتین چەند سەر مانگاو بزن و مەڕ هەیە کەلەراستیدا ئەو زانیاریە پێویست نییە و ڕەنگە ئامارەکەشی نەورد بێت و نەڕاست بێت.

کتێبی کۆمەڵایەتی پۆلی پێنج کتێبێکی لاوازەو هەڵەیەکی یەکجار زۆری زمانەوانی و زانستی تێدایە


لە ڕۆژی دەرچوونیان گوڵیان پێشکەش بە منداڵانی نەخۆش کرد

خەبات: تریفە ئازاد

قوتابیانی قۆناغی چوارەمی بەشی فەلسەفەی کۆلێژی ئاداب سەر بە زانکۆی سەلاحەدین لە ڕۆژی دەرچوونیان سەردانی نەخۆشخانەی ڕاپەڕینی فێرکاری منداڵانیان کرد و گوڵیان پێشکەش بەو منداڵانە کرد کە بەهۆی بارودۆخی تەندورستیان لە نەخۆشخانە ماونەتەوەلە لێدوانێکی بۆ ڕۆژنامەی خەبات ڕۆژگار شێخانی مامۆستای بەشی فەلسەفە لە کۆلێژی ئاداب کە لەگەڵ قوتابیەکانی سەردانی ئەو نەخۆشخانەیان کردبوو وتی:وەک نەرتێک ساڵانە لە قۆناغی چوارەمی کولێژ کە قوتابیان دەردەچن لە لایەن ئازیزانیان و خۆشەویستیان گوڵ و شیرینیان پێشکەش دەکرێت کە تێدا لەبەرامبەر ئەمە قوتابیەکان دڵ خۆش دەبن و بۆ یادگاری هەڵی دەگرن و لە یادەوەریان زیندوو دەمێنیتەوە قوتابیانی بەشی فەلسەفەش بۆ ئەمساڵ پێیان خۆش بوو کە ئەم گوڵ و شیرینیانەی لە لایەن ئازیزانیان پێشکەشیان کراوە پێشکەش بەو منداڵانە بکەن کە نەخۆشن و لە نەخۆشخانە خەوێندراون، چونکە ئەوانیش دڵ خۆش دەبن وهیوایان خواست کە تەندروستیان بەرەوە باشی بچێت و لە داهاتوو خزمەت بە کۆمەڵگە بکەن، چونکە مرۆڤ دەبێت هەمیشە مرۆڤ دۆست و میهرەبان بێت بۆ ئەوەی خۆنەویستانە بتوانێت خزمەتی گەل و نیشتمانەکەی بکات.

رۆژئاوا و ئیسلامۆفۆبیا





شۆرش خالید ئازگەیی

یەکێک لە کردەکانی سیاسەت و ئامانجی ماس میدیای رۆژئاوا لە بیست و پێنج ساڵی رابردوودا، نمایش کردنی ئیسلام و موسوڵمانە کۆچبەرەکانی ئەورووپایە وەک هەڕەشەیەکی ناسروشتی شاراوە لەسەر کولتور و شارستانیەت و پێشکەوتنی ئەورووپاوە.دامەزراوە میدیایەکانی ئەورووپا بە نووسراو و بینراو و بیسراوەوە بە نمایش کردنی سیمایەکی ترسناک و پڕلە مەترسی لە ئایینی ئیسلام، هەمیشە هەوڵیان داوە ڕۆڵێکی سەرەکی لە هاندانی سیاسییەکان و پەرەپێدانی هەستی پۆپۆلیستی و رق و قین و دەمارگیری نەژادی لە نێو ئەورووپییەکان بگێڕن و کۆمەڵگاکان دابەشی سەر بەرەی " ئێمە" و " ئەوان" بکەن.

1

11ی سێپتامبەر وەک ئامرازێک

دوای رووداوەکانی یازدەی سێپتەمبەر و زنجیرە رووداوە تیرۆریستییەکانی ساڵانی دواتر لەسەر دەستی ڕێکخراوە توندڕۆئیسلامییە سەرلێشێواوەکانەوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەورووپاو ئەمریکا، ئیسلامۆفۆبیا بوو بە ئامرازێکی کاریگەر و کارتێکی بەهێزی هەڵبژاردن بەدەست بزاڤە تووندڕۆکانی رۆژئاواو دواجار راکێشانی سەرەنجی زۆرترین جەماوەر بۆ لای پەیام و سیاسەتە دژە پەناخوازەکانیانەوە.

ئەم مللمانێیە جاران لە ڕووبەری گشتی کۆمەڵگە ئەورووپییەکاندا تا رادەیەک شاراوە و نادیار و حەشاردراو بوو. لێ دوای هەرەسی یەکێتی سۆڤییەت و ڕووخانی دیواری بەرلین و پاشەکشەی سۆسیالیزم، سیماکەی بە جۆرێکی تر دەردەکەوێ و بە ئاشکرا خۆی نمایش دەکات و ڕووبەرێکی بەرفراوانیش لە ڕووبەری سیاسی و فەرهەنگیەوە بۆ خۆی تەرخان دەکات.

هاوکات لەگەڵ هەڵوەشانەوەی سیستەمی دوو جەمسەری پر لە مللمانێی سۆسیالیزم و کاپیتالیزمدا، بیری زیهنیەتی رۆژئاوا کەوا بە دریژایی چڵ ساڵی جەنگی سارد، خووی بە مللمانێ و بەربەرەکانی لەگەڵ سیستەمێکی تۆکمەو ستراکتۆرێکی هزری و ئابوری سۆسیالیستیەوە گرتبوو، دوای ڕووخانی سیستەمی نێودەوڵەتی پێشووە، ئیسلامۆفۆبیای کردە شوێنگرەوەی ترس و دڵەڕاوکێ و نیگەرانی لە ئەندێشەی کۆمۆنیزم و پەرەسەندنی مللمانێکان.

ئیسلامۆفۆبیا و وەهم

گەران بە دوای دوژمنێکی وەهمی هەمیشە لە هزرو بیرو ئەندێشەی سیاسەتمەدارانی رۆژئاواییدا ئامادەیی هەبووەو هەیە. ترس لەم دوژمنە وەهمیەش بۆتە دەسکەڵایەکی شەرعی و یاسایی شاراوە بە دەست دەستەبژێری سیاسیەکانەوە بۆ دریژەدان بە دارشتن و گرتنەبەری ئەو سیاسەت و ڕێنمایی و یاساییانەی بۆ هێشتنەوەی رۆژئاوا بە شکۆمەندی و سەردەستەیی و گەورەییەوە بە پێویستی دەزانن.

ئیسلامۆفۆبیا لەگەڵ دروست بوونی ڕێکخراوە تیرۆرکارییە جیهادییە ئیسلامیەکان، ئێستا (حاڵەتی) تێپەڕاندووە و بووە بە (دیاردەیەک)ی سەرنج ڕاکێش و جێی تێڕامان و لە ئەولەویەتی دانانی سیاسییە. لە ناوەندە ئەکادیمی و توێژینەوەکان، ئیسلامۆفۆبیا وەک هەستێکی ئاگرینی تووڕە و سەغڵەتی دەمارگیری دژبە ئیسلام وموسوڵمانانەوە پێناسەی بۆ کراوە. ئەم هەستە لە زۆر حاڵەتدا لەگەڵ واقعی سیاسی و کۆمەڵایەتی ناتەبا و دژە و تەنیا وەک وەهمێکی سایکۆلۆژی و ترس لە (ئەوانیتر) خۆی وێنا دەکات.

لە ڕووی زمانەوانییەوە وشەی ئیسلامۆ فۆبیا لە دوو بەشی (ئیسلام) و (فۆبیا) پێک هاتووە. فۆبیا بە مانای ترس و دڵەڕاوکێی (ناعەقلانی) یا (بێزاری و نەفرەت) هەو دێت لە شتێک یا لە دیاردەیەک.

فەرهەنگی ئاکسفۆرد ئیسلامۆفۆبیای بەمجۆرە مانا کردووە: ترس یا ڕق و قین بەرامبەر بە ئیسلام، موسوڵمانان یا کولتوری ئیسلامی، بە تایبەتی کاتێک بنەوانی ئەم ترسە جۆرێکە لە هێزی سیاسی. بە واتایەکیتر هێزێکی سیاسی فاکتەرو پاڵنەری نشوئمای ئەم جۆرە هەستەیە و هاوتەریب لەگەڵ ڕووداوەکاندا خۆی وێنا دەکات و ڕۆڵی نمایشکارێکی سیاسی بە بکەرەکەیەوە دەبەخشێ. پیتەر گۆشلاکی نووسەر پێی وایە ئەم ترسە، ترسێکی هەڵقوڵاوی هەناوی کۆمەڵگاکانە لە ئیسلام و موسوڵمانان.

وشەی فۆبیا (Phobia) لە ئەسڵدا مانای ترسێکی ناعەقلانی و شیتانەیە لە شتێک یا دیاردەیەکی نامۆ. لە زانستی سایکۆلۆژی هەموو جۆرە ترسێک عەقلانی نیە و ناچێتە خانەی عەقلانی بوونەوە.

بۆیە ئیسلامۆفۆبیا ئەو ترسەیە، لە کۆمەڵگاکانی رۆژئاوا لە لایەن بەرەی ڕاستڕۆ دەمارگیرەکان بە گشتی و بزووتنەوە ڕەگەزپەرستە شۆڤینییەکانەوە دوای رووداوەکانی یازدەی سێپتامبەر بەم لاوە پەرەی پێ دەدرێت و خۆتوکە دەدرێ. ئەم ترسە ترسێکی ناعەقلانیە و خاونی ڕەهەندێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتوریە و بۆتە کارتێکی بەهێزی هەڵبژاردن و ئامرازی گرتنە دەستی دەسەڵات لە لایەن بزاڤە ڕاستڕۆ ڕەگەزپەرستەکانەوە.

ئەم بزاڤانە لە دوای کۆتایی دووەم جەنگی جیهانی و ڕامالینی بیری ڕەگەزپەرستی و نازیسم و شۆڤینیزمەوە نەیانتوانیوە شوێن پێیان لە گۆڕەپانی سیاسی و ملمانێ سیاسییەکاندا هەبێ و و زیاتر وەک ئاوێکی مەنگ و بێدەنگ ماونەتەوە و توانای کاریگەری نواندن و ئاراستەکردنی کۆمەڵگا وپرۆسەی سیاسی ولاتانی ئەورووپیان لێ سەندرابووەوە. بەڵام لەم قۆناغەی ئێستادا، بنەمای ستراتیژی کاری سیاسی ئەم بزاڤانە گۆڕانکاری ڕادیکاڵی بەسەردا هاتووە و خۆی لەوەدا دەبینێتەوە: ئەمان بەردەام وا خۆیان نمایش دەکەن، تەنیا ئەوانن پارێزەری ڕاستەقینەی کولتور و شارستانیەت و عەقڵیەتی سەردەستەی ڕۆژئاوایی و کولتورو دابونەریتی هاوردەکراوی کۆچبەران بە هەڕەشەیەکی جدی لە سەر کولتور و زمان و شارستانیەتی ئەورووپی دادەنێن. وەسفی ئەمان بۆ ڕۆژئاوا، بە بۆچوونی خۆیان، هەڵگری عەقڵانیەتێکی ڕەهایە و لایەنی بەرامبەریش بەدەرو خاڵیە لە عەقڵانیەت و هەوڵی یەکسان کردنی دوو دونیابینی و شارستانیەتی لێک جیا، لە بنەوانەوە ڕەت دەکەنەوە و دژی دەوەستنەوە.

کۆڤی عەنان سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی ٢٠٠٤ لە میانەی کۆبوونەوەی ساڵانەی ڕێکخراوەکەدا ئاماژەیدا بەوەی، جیهان واخەریکە دەستەواژەیەکی گشتگیری ترسناک بۆ پێناسەکردنی ترسی بەرفراوان و دەمارگیری و دڵەڕاوکێ لە دوای تێپەڕبوونی سەدەی بیستەم و مالئاوایی کردن لە کاریگەریە تراژیدییەکانی دوو جەنگی جیهانی مالوێرانکەر گەلاڵە بکات. ئەم دەستەواژەوەی ئیسلامۆفۆبیایە.

ناوەندەکانی توێژینەوە ئەکادیمی و لێکۆڵینەوە لەسەر ئەم بۆچوونە هاوڕان، ئیسلامۆفۆبیا لە کۆتایی ساڵانی نەوەد و دوای ڕووداوکانی یازدەی سێپتامبەرەوە لە لایەن کۆمەڵە و تاقم ودەستە و جووڵانەوە ڕاستڕۆکانی ئۆرووپاوە هاتە بەرباس و لێکۆڵینەوە و لە فەرهەنگی سیاسیدا جێگیر کرا. ئەم دەستەواژەیە دەکرێ وەک چەکێکی ڕەگەزپەرستی لەلایەن بزووتنەوە ڕەگەزپەرستەکانەوە بۆ ڕاکێشانی زۆرترین دەنگی جەماوەر بۆ لای بیروبۆچوون تووندە دەمارگیرییەکانیانەوە بەکار بهێنرێ و لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا کورسی پەرلەمانی و شارەوانییەکانیان بۆ مسۆگەر بکات.

ناکۆکی مێژوویی

حەقیقەتە مێژوورییەکان ئەوەمان بۆ دەسەلمێنن ناکۆکی یا (دوژمنایەتی) نێوان رۆژئاواییەکان وگەلانی موسوڵمان هیچ پەیوەندی بە ڕووداوە تیرۆریستییەکانی یازدەی سێپتامبەر و ئەم دواییەی چەند ولاتێکی ئەورووپی و تەوژمی پەناخوازانی ولاتانی موسوڵمانی ڕاکردوو لە چنگ دیکتاتۆرییەت و بێدادی و گەندەڵی و ئاڵۆزیە سیاسییەکانەوە نییە، ئەوەندەی ڕەگ و ریشەیەکی میژوویی هەیە.

دوای دەستبەسەراگرتنی ڕۆژهەڵاتی ناوین و باکووری ئەفریقا لە لایەن موسوڵمانانەوە و شکستی ئیمپراتۆریەتی مەسیحیەتی بیزانس لەو شوێنانە لە سەدەکانی هەفتەم و هەشتی زایینیدا، قۆناغی هاوبەشی کۆتایی پێ هات و دوژمنایەتیەکان لەسەر دەسەلات و قەڵەمڕۆیی و سەردەستە بوون، پەرەیان سەند. جەنگی (پواتیە) لە ساڵی ٧٣٢ ی زایینی کە تایبادا مەسیحییەکان موسوڵمانانیان دووچاری شکستێکی قورس کرد، ئێستاشی لەگەڵدابێ بە نەبەردی یەکلا کەرەوەو جێگەی شانازی لە میژووی ئەورووپادا لە قەڵەم دەدرێت.

دوای ئەم سەرکەوتنە قەشەیەکی دەست ڕۆیشتوو بە ناوی (پکنسیس) لە سەدەی هەشتەم دەستەواژەی (ئەورووپا) ی وەک هێمایەک بۆ پێناسەی سەرکەوتنی مەسیحییەت بەسەر موسوڵماناندا داهێنا و ئەم بەرگەی بەسەر ڕۆژئاواییەکاندا بڕی و ناوی ئەورووپا لە دایک بوو.



حەکیم مەلاسالح

سەرمایەدار لە نێوان ئەرک و مافدا

ڕاستە هەر دەسەلاتێک چاوی ئۆپۆزسیۆنی بە سەرەوە بێت گەشە دەکات و هێدی هێدی هەنگاو بەرەو پێشەوە دەنێت، لە لایەکەوە هەڵە و ساتمەکانی خۆی چارەسەر دەکات و لە لایەکی دیکەوە ورد بیر دەکاتەوە و بەرنامەڕێژی دەکات بۆ بنیاتنانی هەر پڕۆژە و پڕۆتۆکۆلێک کە لە خزمەتی خەڵکدا بێت، بەڵام ئۆپۆسیزیۆنی ڕاستەقینە نابێ پێتوانەکەی یەک تای تەرازوو بێت، واتە کاری هەر ئەوە بێ دەست لەسەر کارە چەوتەکان دابنێ بەڵکو پێویستە تای دووهەمیشی هەبێ بە مەبەستی ئەوەی ببێتە هاندەری دەسەلات بۆ بەجێهێنانی کار و ئەرکی پتر،مەبەست ئەوەیە لەم تای تەرازووی دووهەمەدا قسەی بەجێ لەسەر ئەو پڕۆژانەش بکات کە دەسەلات بنیاتی ناون و خزمەت بە ژیانی ژیارمان دەکەن.

بۆ نموونە دەسەلاتی هەرێمەکەمان پڕۆژەیەکی ئەمڕۆیی و بە سوودی لە شار یان ناوچەیەکدا خستۆتە گەڕ، ئۆپۆسیزیۆنی دڵپاک و دڵسۆز ئەوەیە کە ئەو پڕۆژەیە لە میدیای خۆیدا بەسەر بکاتەوە و دەستخۆشانە لە دەسەلات بکات و بە دوایدا بڵێ: ئەی بریا نموونەی ئەم پڕۆژەیە لە شار و ناوچەکانی دیکەشدا جێبەجێ بکرایە ، بەم پێیە ئۆپۆسیزیۆن بە دوو ئاراستە و دوو چاو بەرامبەر دەسەلات دەوەستێ و لایەنی دەسەلاتیش بە کارێکی شیاو و دڵسۆزانەی دەزانێ ,بەڵام ئەگەر هەر دەستداگرتن بێت لەسەر خاڵە ڕەشەکان و بێدەنگ بوون لە ئاست خاڵە گەشەکاندا ئەوە کارێکی دروست نییە بەو پێوانەیەی کە دەبێ دوو تای تەرازووی لە دەست دابێت.بە کورتی ئۆپۆسیزیۆنی ڕاستەقینە دەبێ دڵپاک بێ نەک ڕقن، گەشبین بێ نەک نائومێد,هاندەر بێ نەک ئاژاوەچی، دۆست بێ نەک بە کینەی کۆن و دووژمنایەتی.

دەوڵەمەندێک لە هەرێمدا کە خۆی بە ئۆپۆزسیۆنکار دەناسێنێ، دەبێ بە ڕێڕەوی دەوڵەمەندەکانی وڵاتانی پێگەیشتوو ببێتە یارمەتییدەرێکی چاک و پاکی دەسەلاتەکەمان، ئەمەش بەوەی لەو سەرمایەیەی کە هەیەتی دەتوانێ ژمارەیەک کارخانە دروست بکات کە چەندین خاوەن بڕوانامەی بێکاری ناو هەرێمەکەمان تێیدا دابمەزرێن و بەمەش ئەرکێک لەسەر شانی دەسەلات کەم دەکاتەوە و ناڕاستەوخۆ دەبێتە هۆکاری ئاوەدان کردنەوە و خزمەتگوزاری و ڕێ ئاسانکردن بۆ پلە پلە سەرکەوتنی دەسەلات و ئەزموونەکەمان.

من ناتوانم قسە لەسەر هەموو دەشت و چیا و سەرچاوەکانی ئاوی هەرێمەکەمان بکەم ,بەڵام دەتوانم بڵێم لە سنووری پارێزگای هەڵەبجەدا دەشتی شارەزوور ,دەریاچە و چەم، چیاکانی بالامبڕ، هەورامان،سورێن، نوەر و شنرۆیمان هەیە. بە پێی پرسیار و سۆراخ لە کەسانی شارەزا قسەمان دەستکەوتووە و بەم شێوەیە دەیانخەمە ڕوو.

شارەزوور: دەشتێکی فراوان و بە پیتە و زۆر بە ئاسانی دەتوانرێ کارخانەی تیا دروستبکرێ لەسەر (پەموو ,تەماتە, کونجی.تووتن و گێزەر) و ماسی دەریاچە و چۆمەکانی (زەڵم، ڕیشێن، سیروان، تانجەرۆ) چیاکان کە ناوم بردن: ئەڵەمنیۆم، ئاسن، بەردی سپی و قاوەیی بیناسازی، نەوت و گەچیان تێدایە. بە تایبەتی سەرچاوەی نەوتی بانی بۆلان و سازان ڕێژەیان زۆرە و هەروەها لە خورماڵ و ناوچەی تاوگۆزییدا بە شێوەیەکی بەرچاو گۆگردیان تێدایە.

ئایا ئەو دەوڵەمەندە کە خۆی بە ئۆپۆزسیۆنکار دەزانی لەسەر ئەم بەرهەمانە کارخانە بنیاتبنێ خزمەتێکی گەورە نییە بە خەڵک و دەسەلات؟ ئەمەیە دەبێ پیشەی سەرەکی ئەوان بێ نەک بوون بە ئۆپۆزسیۆنکار، ئۆپۆسیزیۆن بەر لە ئەو بوونی هەبووە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئۆپۆزسیۆنێکی بونیادنەر نەبوو، پشێوی لێ کەوتەوە. دەوڵەمەندە ئۆپۆزسیۆنکارەکەی ئەمجارەش، ئەو کاروانەی بۆ ناگەیەنرێتە دوا هەوارگە ,کەواتە لەوسەرمایەیەی کە هەیەتی خزمەتی باری ئابووریمان بکات و سیاسەتیش بە دەست سیاسەتوانانەوەیە ,دەسەلاتەکەشمان تازە خەریکی پێکهێنانی کابینەی نۆهەمە. دەوڵەمەندی ئۆپۆزسیۆنکار...ئەگەر دەتەوێ لەم قۆناغەدا وەک وڵاتە پێشکەوتووەکانی دنیا بین ئەوە کارێکی مەحاڵە، چونکە ئەو وڵاتە پێشکەوتووانەش لە پڕێ نەبوونەتە کوڕێ، بەڵکو دەیان دەیان هەشت کابینەیان تێپەڕاندووە ئینجا گەشتوون بە ژیانی بەختەوەر لە هەموو ڕوویەکەوە.

دەوڵەمەندم دیووە لە پاڵ هەندێ خزمەتی چاکدا لێنەویووە مزگەوتێک و هۆڵێکی پرسەی گەورەی دروستکردووە، کە ئەمەیان نابێ، چونکە دروستکردنی مزگەوت، تەکیە و هۆڵی پرسە ئەرکی سەرەکی سەر شانی وەزارەتی ئەوقافە، لە جێی ئەوەی ئەو پارەیەی لەوەدا خەرجکراوە بۆڤوونە دەکرا کارخانەیەکی وەکو ڕستن و چنین بۆ خەڵکی ئەو گونده دروستکردایە چونکە وەزارەتی ئەوقاف مانگانە مووچە و بەراتی خۆیان هەیە. گەل و نیشتمان چاوەڕوانی خزمەتگوزاریی سەرمایەداران و، نەک ئۆپوزسیۆنکاری و خەنجەر لە کێلان بکێشن بەرامبەر هەرێمەکەمان. لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەرچی زۆری ماوە بەڵام کاری زۆریش کراوە بۆ بنیاتنانی زانکۆ، پەیمانگای هونەرە جوانەکان. ڕێگا و بان بە تایبەتی بۆ گوندە دوورە دەستەکان، خۆشکردی ژیان لە سفرەوە بۆ(70تا80) زۆربوونی خەستەخانە و بنکەی تەندروستی، قوتابخانە لە هەموو شوێنێکی پێویست، فەرمانگەکان و بە ناحیە کردنی گوندی گەورە و دروستکردنی قەزا.

لەگەڵ هەموو چاکییەکان و کەم و کوڕییەکان بەزم و هەرای شەڕی ناوخۆ، کێشەی جوندولئیسلام و داعش و ناوچە جێناکۆکەکان بەرۆکی گرتبین و هێشتا تەواو بەریان نەداوین، ئێستەش لەگەڵ ئەوەی دۆخەکە ئارامە، کەچی دراوسێکامان بە بەغدادیشەوە لەسەر چزوون بۆ ئێمە. ئەمانەش لە کۆسپە سەختەکانی سەرە ڕێی پێشکەوتنی هەرێمەکەماندان. ئیتر کو دەتوانین بگەین بە لوتکە؟ تەنیا و تەنیا کاری دەوێ و سەبری ئەیوب.

گرنگی ئاشتەوایی و پێکەوەژیان لە هەرێمی کوردستاندا



سەلاح بەیتولا ئاکرەیی

بێگومان پرنسیبی پێکەوە ژیانی ئاشتیانە نێوان پێکهاتە نەتەوەیی،ئایینی،مەزهەبی و هتد زەرورەتێکی حاشاهەڵنەگرە بۆ بەیەکەوە هەڵکردنی ئەم فرە ڕەنگییەی کە لە هەرێمی کوردستاندا بوونی هەیە. لە هەرێمی کوردستاندا تورکمان، کریستیان، ئێزیدی، سائیبە، مەندان، کورد..هتد.



چەندین سەدەیە بە شێوەیێکی ئاشتیانە بەیەکەوە دەژین. بۆیە پێویستە لە پێناو پاراستنی سەقامگیری سیاسی و ئاشتی کومەڵگا دا و بو پارێزگاری کردن لە پرەنسیبی پێکەوە ژیانی ئاشتیانە، پێویستە هەموو هەوڵێک بخرێتە گەڕ تاوەکو ئاسایشی نیشتیمانیمان پارێزراو بێت و ڕێگە لەو کولتورە توند ئاژۆیانە بگیرێت کە دەبنە مایەی تێکدانی ئەم سیما جوان شارستانیەی کە لە کوردستاندا لە ئارا دایە.

دوژمنان و داگیرکارانی کوردستان هەمیشە هەوڵیانداوە و لە هەوڵی بەردەوامیشدان کەلە ڕێگەی تێکدانی سەقامگیری سیاسی و ئاشتی کومەڵایەتییەوە درز بخەنە نێوان پێکهاتە جیاجیاکانی کوردستان، چونکە ئاسایشی نیشتیمانی پەیوەستە بە ئامانج گرتنی ئەمنیەت و ئارامی هەر وڵاتێک. هەرێمی کوردستانیش گەمارو دراوە بە چەندین جوری هزری تۆند ئاژۆو چ لە لە لایەن دەوڵەتە دیکتاتوری و توتالیتارەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە بێت یان لە لایەن ڕێکخراوە تیرورستیەکانەوە. ئەمەو کاریگەری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخوشی هەبووە وهەیە لەسەر جڤاکی هەرێمی کوردستان.

بو ڕێگری کردن لە بیری توند ئاژۆو جا چ سیاسی بێت یان ئایینی، دەبێ زیاتر گرنگی بدەین بە بنەماکانی ئاشتەوایی و لێبوردن و پێکەوەژیان و کولتوری دیموکراسی و هەوڵ بدەین پرەنسیبی گیانی دیموکراسی بە هێزتر بکەین لە نێوان گشت پێکهاتە جیاوازەکانی کوردستان، بەو پێیەی کە هەمومان چارەنوسمان یەک چارەنوسە وەک کوردستانی. ئەمەش هەروا بە ئاسانی ناهێتە دی، بەڵکو پێویستە لە ڕێگای سیستەمی پەروەردەی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئایینی و...هتد.

پەیامی ڕێزگرتن لە تایەتمەندیەکانی یەکدی گشتگیر بکرێت لە کومەڵگادا وەک باشترین ڕێگا بو پاراستنی هەرێمی کوردستان لە هەڕەشەو مەترسیە دەرەکی و نێوخوییەکان.

لە کوتاییدا پێشنیارم ئەوەیە بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکانی هەرێمی کوردستان کە بەشێوەیەکی گشتی ڕیفورم لە سیستەمی پەروەردە و هەموو بنەماکانی کۆمەڵگای کوردستان بکرێت، واتە لە ڕاگەیاندنی بینراو، بیسراو، نوسراو، ئەلیکترونی، پەیامی زانایانی ئایینی کە زورترین کاریگەریان لەسەر ڕای گشتیی کوردستان هەیە، دامەزراوەکانی کومەڵی مەدەنی، زانکۆکان، و.... هتد، و بەشێوەیێکی سیستماتیک ڕێک بخرێنەوە و وەکو چەکێکی مەعنەوی بە کاربێت لە دژی هەر هزر و بیرێک تونئاژوو لە هەرێمی کوردستاندا.

محكمة المواد الشخصية في القوش
العدد/ ٢٠/مواد/٢٠١٩
التاريخ/٣٠/٤/٢٠١٩
اعلان
الى المدعى عليها (هندستان حجي حسو) الساكن القوش قرية ببيان سابقا حاليا مجهول محل الاقامة
اقام المدعي زوجك (جمال حمدون شمو) الدعوى ٢٠/مواد/٢٠١٩ لتصديق الطلاق الخارجي منك بتاريخ ٢٠١٨/١١/٢٠ ولمجهولية محل اقامتك حاليا حسب اشعار مختار قرية ببيان وكتاب مركز شرطة القوش تقررت هذه المحكمة تبليغك بصحيفتين محليتين يوميتين وفي حالة عدم حضورك الى هذه المحكمة يوم المرافعة ٢٠١٩/٥/٧ الساعة الثانية عشر ظهرا ستجرى المرافعة بحقك غيابيا وعلنا
القاضي / حسام الدين احمد علي
***
مديرية تنفيذ زاخو
العدد: ٤٧٤/تنفيذ/٢٠١٧
التاريخ:٢٢/٤/٢٠١٩
اعلان
قررت هذه المديرية الاعلان عن بيع ٥٠ طوب قماش لتغليف الموبيليات و المدرجة اوصافها ادناه و البالغ قيمتها التقديرية (٣٠٠٠٠٠٠) ثلاثة ملايين دينار لقاء دين الدائن (مهمت قدسي اركول) و البالغ (٥٤٠٠٠٠) خمسمائة و اربعون الف دينار، فعلى الراغب بالشراء الحضور امام هذه المديرية في تمام الساعة العاشرة صباحا في اليوم العاشر من اليوم التالي للنشر مستصحبا معه التامينات القانونية البالغ ١٠٪ من قيمة المقرره و البالغ (٥٤٠٠٠٠) خمسمائة و اربعون الف دينار، و كذلك ابراز الشهادة الجنسية العراقيه للمشترى، علما بان رسم التسجيل و الدلاليه على المشترى.
منفذ عدل زاخو/ خضر محمد حسن
***
دادگای باری کەسایەتی ئاکرێ
ژمارە/ ٦٨/ش/٢٠١٩
رێکەفت/ ٢/٥/٢٠١٩
بۆ داوالێکراو (اراس عمر حسين) جێگای نیشتەجێبوونی نادیارە
ب / ئاگادارکردنەوە بە بریاری پا شملە
ئەم دادگایە لە داوای شەرعی ژمارە (٦٨/ش/٢٠١٩) لە رێکەوتی ٢٠١٩/٤/٢٣ لە سەر داوای داواکار (هلات قاسم عبدالرحمن) بریاری پا شملەی دەرکردووە کە تایبەتە بە (تفریق للهجر) بەپێی مادەی (٤٣) برگەی (٢) یاسای باری کەسی عیراقی لەبەر دیارنەبوونی شوێنی نیشتەجێبوونت دادگاکەمان بریاری دا بە ئاگادارکردنەوەت بە بریاری پا شملە لە رێگای دوو روژنامەی ناوخۆییەوە بۆیە مافی رازی نەبوون وپێداچوونەوەت هەیە لەسەر بریاری ئەم دادگایە لە ماوەی ٣٠ رۆژ لە رۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە زیادکردنەکە لە تێبینەرایەتیەکەمان ئەنجام دەدرێت بەپێی یاسا
دادوەر /طارق رمضان صالح
***
بەرێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی دهوك
ژمارە / ١٠٤٧ / ٢٠١٩
رێکەوت/ ٣٠/٤/٢٠١٩
پێراگەهاندن
بۆ / قەردار (ازاد عیسی احمد)
ژبەر نەزانین نەدیاریا جهێ ئاکنجیبونا تە لەورا لدیف ماددیا (٢٧)ی یاسایا جێ بەجێ کرنێ بریار هاتە دان ب رێیا دوو روژنامێن نافخۆ ئاگەهداریا تە بکەین بۆ ماوێ (١٥) رۆژا ژ رۆژا بەلافکرنا ڤێ ئاگەهداریێ ئامادەبی لرێڤەبەریا مە بۆ ئەنجامدانا رێکارێن جێ بەجێ کرنێ وبەرۆڤاژی دێ نەچاری رێکێن یاسایی بێن (جبری) بین
ژڤان عزیز محمد / رێڤەبەر(جێ بەجێ کاری داد)
***
دادگای بەرایی بەردەرەش
ژمارە/ ٤٣/ ٢٠١٩
رێکەفت/٢٤/٤/٢٠١٩
جاردان
تێبینەرایەتی تۆماری خانووبەرەی بەردەرەش بریاری پشتگیری کردنی خاوەندارایەتی خانووبەرە (قرار تأييد الملكيه)
پشت بە کۆنووسی پشتگیری کردنی خاوەندارایەتی تایبەت بە خانووبەرەی ژمارە (٨٦) کەرتی (٧٣) البشیر وە لە سەر داوای داواکار پشتگیری کردنی خاوەندرایەتی خاوەن ماف (نجیم مجید علی) لە رێکەوتی ٢٠١٩/٣/١٢ وە دەرئەنجامی ئەو لێکۆلینەوەی لێی کراوە لە لایەن (لێژنەی چەسپاندنی خاوەندارایەتی) وە بەپێی مادەکانی (٥٨و٦٢) لە یاسای تۆمارکردنی خانووبەرە ژمارە (٤٣) سالی ١٩٧١ی هەژمارکراو بریارمدا بە (پشتگیری کردنی) تەواوی خانووبەرەی دیاری کراو بە ناوی خاوەن ماف (نجیم مجید علی) تۆمار بکرێت لە تۆمارەکانی (تێبینەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرە لە بەردەرەش) وەك (خاوەن ماف) وە ئەم بریارەش بەپێی مادەکانی (٥٨و٥٩و٦٢و٦٣)لە یاسای ناوبراو وە رێنمایەکانی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٥٢٢٣) وە بەیانی وەزارەتی دادی هەرێمی کوردستان ژمارە (٩٢٩/٣) لە ٢٠١٧/١٢/٢١ وە نووسراوی دەستەی راوێژکاری لە بەرێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی خانووبەرە ژمارە (١٧٠) لە ٢٠١٨/١/١٧ دەرچووە وە بۆ ماوەی (٣٠) رۆژ لە دوو رۆژنامەی رۆژانە بلاوبکرێتەوە
دادوەر / فرهاد سلمان حسن
***
دادگەها باری کەسایەتی ل زاخو
ژمارە / ٢٣٠ /ش/ ٢٠١٩
رێکەوتی / ٢ / ٥ / ٢٠١٩
راگەهاندن
بو / داوالێکراو : دلڤین امین رشید
ل دیڤ داخوازا داواکار(غیداء یونس احمد) وکێشا ژمارە (٢٣٠ /ش/٢٠١٩) کو تێدا داخوازا ژێکڤەبون ژتە دکت ، و ژبەر نەدیار بونا جهێ ئاکنجیبونا تە بو دادگەهێ ل دیڤ نڤیسارا بنگەهێ پولیسین (سیالکا) یا ژمارە (١٠٤٩) ل (٤/١١/ ٢٠١٩) و نڤیسارا هەلبژاری تاخ (رکافا نی) ئەڤجا بریار هاتە دان کو ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب رێکا دوو روژنامیت روژانە دا ئامادە بەرامبەر ڤێ دادگەهێ ل روژا (١٤ /٥/ ٢٠١٩) ل دەمژمێر ٩ سپێدێ یان بڕێکارەکێ پێش خو ڤە ئامادەبکی و بەروڤاژیا ڤێ چەندێ دێ دادگەها تە پاشەملی هێتە کرن .
دادوەر / یوسف الیاس سدن
***
بەرێوەبەرایەتی گشتی فەرمانگەکانی داد
بەرێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی سلێمانی
بەدواداچون و ئامار
ژمارە / ٢٧٧ / ٢٠١٩
رێکەوت / ٢٤/٤/٢٠١٩
ئاگاداری
بۆ داوالێکراوانی جێبەجێکردن هەردوو وارثی قەرزاری کۆچکردوو (دیار عزیز أحمد) و (گۆزان عزیز أحمد) کە شوێنی دانیشتن و نیشتەجێ بوونتان نادیارە، ئاگادارتان دەکەینەوە کە بەرێوەبەرایەتیمان لە لە (٢٠١٩/٤/٢٢) لەسەر داوای بریکاری خاوەن قەرز بریاری داوە بە دانانی نیشانەی گلدانەوەی جێبەجێکردن لەسەر بەشی قەرزاری کۆچکردووی(عزیز أحمد أمین) لە مولکی ژمارە (٢١١/ ٩) کەرتی (٢) زەرگەتە، لەبەرامبەر قەرزی ئەستۆی قەرزار بە بڕی (١٥٨,١٠٠,٠٠٠) سەد و پەنجا و هەشت ملیۆن و سەد هەزار دینار بە ڕەسمی جێبەجێکردنەوە.
لەبەرئەوەی بۆ بەرێوەبەرایەتیەکەمان رونبوتەوە لە رێگەی شەرحی پێ ڕاگەیەنەری دادی و موختاری گوندی ئەڵانی کە شوێنی دانیشتن و نیشتەجێبونتان نادیارە لەکاتی ئێستادا، بۆیە بەرێوەبەرایەتیەکەمان بڕیاریدا بە ئاگادارکردنەوەتان بە نیشانەی گلدانەوەی جێبەجێکردن لەسەر بەشی قەرزاری کۆچکردوو باوکتان لە رێگەی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی بۆ ماوەی (١٠) دە رۆژ بۆ بژاردنەوەی قەرزی ئەستۆتان بە پێچەوانەوە بەشی قەرزاری کۆچکردوو لە مولکی ناوبراو دەفرۆشرێت بەپێی بەشنامەی شەرعی ژمارە (١٧٠ / قسام / ٢٠١٩) لە (٢٠١٩/١/٢١) دەرچووە لە دادگای باری کەسێتی لە سلێمانی بە پێی مادەی (٨٧) لە یاسای جێبەجێکردن .
جێبەجێکاری داد/ عمر رسول أحمد
***
دادگای باری کەسی هەولێر
ژمارە:٨٧٠/ش/٢٠١٩
رێکەوت:٣٠/٤/٢٠١٩
جاردان
بۆ/ داوالێکراو (نبی صباح رضا) شوێنی دانیشتنت نادیارە
داواکار (رهیل اسماعیل صالح) داوای ژمارە (٨٧٠/ش/٢٠١٩)ی لەم دادگایە لەسەرت تۆمارکردووە تایبەتا داوای (تفریق للهجر) دەکات لە تۆ وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری مختاری (بیرکۆتی نوێ) بۆیە دادگا بڕیاری دا بەپێ راگەیاندنت لە رێگای دوو رۆژنامەی ناوخۆیی بەمەبەستی ئامادەبوونت لەم دادگایە لەرۆژی دادبینی ٢٠١٩/٥/٦, بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێ بەشێوەی ئاشکراو پاشملە.
دادوەر/ صباح حسن رشید
***
بەرێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی یەکەمی هەولێر
تێبینەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی سە لا حە د ین
ژمارە: ٣٣٨
رێکەوت: ٢٥/٤/٢٠١٩
جاردان یەکەم
تێبینەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی سەلاحەددین هەڵدەستێت بە فرۆشتنی تەواوی پشکی هاوولاتی رزگار توفیق سیف الدین مولکی ژمارە ١٨/٩٢٤٨ کەرتی (٩ صلاح الدین) لەرێگای زیادکردنی ئاشکرا لە جیاتی بری پارەی قەرز کە تەواوی پشکەکە خەملێنراوە بەبری پارەی (٥٨,٩٠٠,٠٠٠) پەنجاو هەشت ملیۆن و نۆسەدو هەزار دینار تەواوی زانیاریەکان لەسەر مولکەکە لەخوارەوە هاتووە هەر کەسێك ئارەزووی بەشداربوونی هەیە با سەردانی تێبینەرایەتیەکەمان بکات لە ماوەی ٣٠ رۆژ لە رۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە زیادکردنەکە لە تێبینەرایەتیەکەمان ئەنجام دەدرێت لە کاتژمێر ١٢ نیوەرۆ.
تێبینی:
* کریار دەبێت رەگەزنامەی عیراقی هەبێت وە (١٠٪) خەملێنراوی مولکەکە لەگەڵ خۆی بهێنی رسوماتی تۆمارکردنی لەسەر کریارە.
* ناوی خاوەن قەرز (مصرف الشرق الاوسط العراقی للاستثمار
* ناوی خاوەن مولك قەرز (رزگار توفیق سیف الدین)
* ژمارە مولك (١٨/٩٢٤٨) کەرتی (٩ صلاح الدین)
* شوێنی مولك (فەرشە)
* رووبەری مولك (٣,٢٦,١٢م٢)
* جۆری مولك (مولکی تەواو)
* پێکهاتووە لە (٩) ژوورو هۆل مطبخ ٢ حمام و ٢ تواليت لە دوو نهۆم پێك هاتووە
سفین جیهاد عمر / تێبینەری سەلاحەددین
***
بەرێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی یەکەمی هەولێر
تێبینەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی سەلاحەدین
ژمارە: ٣٣٩
رێکەوت: ٢٥/٤/٢٠١٩
جاردان یەکەم
تێبینەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی سەلاحەددین هەڵدەستێت بە فرۆشتنی تەواوی پشکی هاوولاتی نساز فراموس صالح مولکی ژمارە ١٨/٥٤٩٧ کەرتی (٩ صلاح الدین) لەرێگای زیادکردنی ئاشکرا لە جیاتی بری پارەی قەرز کە تەواوی پشکەکە خەملێنراوە بەبری پارەی (١٦٧,٠٠٠,٠٠٠) سەدو شەست و حەوت ملیۆن دینار تەواوی زانیاریەکان لەسەر مولکەکە لەخوارەوە هاتووە هەر کەسێك ئارەزووی بەشداربوونی هەیە با سەردانی تێبینەرایەتیەکەمان بکات لە ماوەی ٣٠ رۆژ لە رۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە زیادکردنەکە لە تێبینەرایەتیەکەمان ئەنجام دەدرێت لە کاتژمێر ١٢ نیوەرۆ.
تێبینی:
* کریار دەبێت رەگەزنامەی عیراقی هەبێت وە (١٠٪) خەملێنراوی مولکەکە لەگەڵ خۆی بهێنی رسوماتی تۆمارکردنی لەسەر کریارە.
* ناوی خاوەن قەرز (مصرف الشرق الاوسط العراقی للاستثمار
* ناوی خاوەن مولك قەرز (ناز فراموس صالح)
* ژمارە مولك (١٨/٥٤٩٧) کەرتی (٩ صلاح الدین)
* شوێنی مولك (پیرمام)
* رووبەری مولك (٥,٩٣,٦٢م٢)
* جۆری مولك (مولکی تەواو)
* پێکهاتووە لە (٣) ژوورو هۆل مطبخ حمام و تواليت لە خوارەوە ٣ ژوورو هۆل و مطبخ و حمام و تواليت لەسەرەوە لەبلۆك کۆنکریت پێك هاتووە.
سفین جیهاد عمر / تێبینەری سەلاحەددین
***
دادگای بەرایی هەولێر
ژمارە: ١١٣/ب/٢٠١٩
رێکەوت: ٢٨/٤/٢٠١٩
جاردان
بۆ داوالێکراو: (حیدر حامد هادی)
داواکار(رێبوار جعفر عزیز) داوای ژمارە ١١٣/ب/٢٠١٩ی لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرتان بە پابەندکردنت بەناوکردنی ئۆتۆمبێلی ژمارە (٧٤٤٤٨/هەولێر) جۆری (تانکەر اسکانیا) رەنگی (زەرد) لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری موختاری (بابل/حی مشروع) لە ٢٠١٩/٣/١٥ بۆیە ئەم دادگایە بڕیاریدا بە پێراگەیاندنت لە رێگای دوو رۆژنامەی رۆژئاوەی ناوخۆیی بە مەبەستی ئاماەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بۆ رۆژی دادبینی ٢٠١٩/٥/٢٦ کاتژمێر ٩ی بەیانی بە پێچەوانەوە دادبینی بە پاشملە ئەنجامد دەدرێت.
دادوەر/محمد بهاءالدین عبدالله
***
دادگای بەرایی هەولێر
ژمارە: ٢٦٤٨/ب/٢٠١٣
بەروار: ٢٩ / ٤/ ٢٠١٩
داواکاران: رعد دلشاد سلیم و هاوبەشەکانی
داوالێکراو: قاسم محمد قاسم و هاوبەشەکانی
شوێنی مولك: هەولێر- بازاڕی قەیسەری
ژمارەی مولك: ٣٩٤سوق
پێکهاتووەکان: بریتییە لەدوکانێکی یەك قەپەنگ کە تایبدا شیرنەمەنی و چەرەزات دەفرۆشێت
رووبەر: ١٩,٨١م٢
نیشتەجێ: ناصح محمد مصطفی کریی سالانە ٤,٠٠٠,٠٠٠ دینار
نرخی خەملاندن: ٢٥٧,٥٣٠,٠٠٠ دینار زەوی لەکاتی فرۆشتندا دەرناچی
٩,٠٠٠,٠٠٠ دینار پێك هاتووەکان
کۆی گشتی ٢٦٦,٥٣٠,٠٠٠ دووسەدو شەست و شەش ملیۆن و پێنج سەد هەزار دینار
لەسەر بڕیاری ئەم دادگایە لەداوای ژمارە (٢٦٤٨/ب/٢٠١٧/٢) (إزالە شیوع) نەهێشتنی هاوبەشی بڕیاردرا بە فرۆشتنی ئاشکرای ئەم مولکەی سەرەوە بۆ ماوەی ٣٠ سی رۆژ لە رۆژی دوای بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی رۆژانە، جا هەرکەسێك نیازی کڕینی هەیە هاوبەش بێ یان هاوبەش نەبێ سەردانی ئەم دادگایە بکات لەگەڵ دابینکردنی یاسایی ڕێژەی (١٠٪) لەنرخی خەملاندنی فرۆشتنی ئاشکرا کاتژمێر (١٢) ی نیوەڕۆ دەست پێدەکات، هەر زیادبوونێك دوای (٥) پێنج دەقیقە کۆتایی پێدێت.
دادوەری یەکەم/ مجید سعید برادۆستی
***
دادگای کەتنی سیدصادق
ژمارە: ١٤٧/ك/٢٠١٨
بەروار: ٢٨/٤/٢٠١٩
بۆ/ تۆمەتبارانی هەڵهاتوو (منجد مجید فیض الله)
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نیردراوی بۆ ئەوەی دادگای بکرێیت بەپێی مادەی (٣ برگەی (٢) لەیاسای (باری کەسێتی) لەو کێشەی کەتایبەتە بە بنکەی پۆلیسی (سیدصادق) کەتیایدا (سهام مجید فتاح) سکاڵای لەسەرت تۆمارکردووە لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبونت نادیارە بۆیە ئاگادارت دەکەین کە پێویستە لەبەردەم دادگایە ئامادەبیت لەڕۆژی (٢٠١٩/٧/٢) کاتژمێر (٩)ی سەرلەبەیانی بەمەبەستی دادگاییکردنت یاخود خۆت بگەیەنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس و خۆت تەسلیم بکەیت بۆ ئەوەی بتهێنن بۆ بەردەم دادگا لەڕۆژی دیاریکراوی سەرەوەدا بەپێچەوانەوە بەپاشملە (غیابی) دادگایی دەکرێیت و خۆت بەرپرسیارئەبیت، پشت بەستن بە ئەحکامی ماددەی ١٤٣/ج لەیاسای بنەما دادگەرییە سزاییەکان
دادوەر/ جمیل جمال محمد
***
دادگای کەتنی پشدەر
ژمارە: ١٧٠/ك/٢٠١٩
رۆژ: ٢٨/٤/٢٠١٩
بۆ/ تاوانبارانی راکردوو/ سلیم محمود محمود و صالح محمود محمود، کە پێشتر دانیشتووی (قەڵادزێ) بوون و ئێستا شوێنی نیشتەجێبوونتان نادیارە.
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی لەرۆژی دادگایی کردنتان لە ٢٠١٩/٣/٣١ ئامادەنەبووین سەرەڕای ئاگادارکردنەوەتان لە رۆژنامەکانی ناوخۆدا لەبەر ئەوەی دادگایی کران بە پاشملە لە لەداوای کەتنی ژمارە (١٧٠/ك/٢٠١٧) و بریاردرا بە تاوانبارکردنتان بەپێی مادەی ١/٤١٣ لە یاسای سزادانی ژمارە ١١١ی سالّی ١٩٦٩ دیاری کردنی سزاکەتان بە بەندکردن بۆ ماوەی ٣ سێ مانگ
وە فەرمانی دەستگیرکردنت بۆ دەرچووەو پێویستە خۆتان رادەستی نزیك ترین بنکەی پۆلیس یاخود دادگا بکەن و مافی نارەزایی و پێداچوونەوەت هەیە بە بریارەکە بەگوێرەی یاسا، لەماوەی یاسایی دا بەپێچەوانەوە بریارەکە پلەی کۆتایی (بنبری) وەردەگرێت.
دادوەر/ عمر ابراهیم محمود
***
دادگای کەتنی پشدەر
ژمارە: ٤٤١/ك/٢٠١٩
رۆژ: ٢٨/٤/٢٠١٩
بۆ/ تاوانباری راکردوو/ پەروانە صالح نورس- کە پێشتر دانیشتووی (قەڵادزێ - ئاشتی) بوویت و ئێستا شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە.
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی لەرۆژی دادگایی کردنت لە ٢٠١٩/٣/٣١ ئامادەنەبوویت سەرەڕای ئاگادارکردنەوەت لە رۆژنامەکانی ناوخۆدا لەبەر ئەوەی دادگایی کرایت بە پاشملە لە لەداوای کەتنی ژمارە (٤٤١/ك/٢٠١٩) و بریاردرا بە تاوانبارکردنت بەپێی مادەی ٢/٣٨٢ لە یاسای سزادانی ژمارە ١١١ی سالّی ١٩٦٩ دیاری کردنی سزاکەت بە بەندکردن بۆ ماوەی ٣ سێ مانگ
وە فەرمانی دەستگیرکردنت بۆ دەرچووەو پێویستە خۆتان رادەستی نزیك ترین بنکەی پۆلیس یاخود دادگا بکەن و مافی نارەزایی و پێداچوونەوەت هەیە بە بریارەکە بەگوێرەی یاسا، لەماوەی یاسایی دا بەپێچەوانەوە بریارەکە پلەی کۆتایی (بنبری) وەردەگرێت.
دادوەر/ عمر ابراهیم محمود
***
دادگای کەتنی پشدەر
ژمارە: ١٢٦/ك/٢٠١٩
رۆژ: ٢٨/٤/٢٠١٩
بۆ/ تاوانباری راکردوو/ فرمان عبدالله بیروت- کە پێشتر دانیشتووی (قەڵادزێ- کارەبا) بوویت و ئێستا شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە.
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی لەرۆژی دادگایی کردنت لە ٢٠١٩/٣/٣١ ئامادەنەبوویت سەرەڕای ئاگادارکردنەوەت لە رۆژنامەکانی ناوخۆدا لەبەر ئەوەی دادگایی کرایت بە پاشملە لە لەداوای کەتنی ژمارە (١٢٦/ك/٢٠١٩) و بریاردرا بە تاوانبارکردنت بەپێی مادەی ٦ شەش مانگ وە فەرمانی دەستگیرکردنت بۆ دەرچووەو پێویستە خۆتان رادەستی نزیك ترین بنکەی پۆلیس یاخود دادگا بکەن و مافی نارەزایی و پێداچوونەوەت هەیە بە بریارەکە بەگوێرەی یاسا، لەماوەی یاسایی دا بەپێچەوانەوە بریارەکە پلەی کۆتایی (بنبری) وەردەگرێت.
دادوەر/ عمر ابراهیم محمود
***
دادگای کەتنی چەمچەماڵ
ژمارە: ٤٥٣/ك/٢٠١٨
رۆژ: ٣١/٣/٢٠١٩
سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی سلێمانی
بلاوکردنەوەی پسوولەی ئاگادارکردنەوە
بۆ تۆمەتباری هەلاتوو (نبیل التفات کریم) لەبەر ئەوەی نیردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی مادەی (٢٦) لەیاسای هاتووچۆ وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠١٩/٧/٢٣ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / سەروەر علی جعفر
***
دادگای کەتنی چەمچەماڵ
ژمارە: ٤٢٤/ك/٢٠١٨
رۆژ: ٢١/٤/٢٠١٩
سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی سلێمانی
بلاوکردنەوەی پسوولەی ئاگادارکردنەوە
بۆ تۆمەتباری هەلاتوو (عزیز بایز رسو) لەبەر ئەوەی نیردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی مادەی (٢) لەیاسای قەدەغەکردنی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردن وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠١٩/٨/١٣ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / سەروەر علی جعفر
***

DNO
EST - 1971

کۆمپانیای (DNO) کە لە بواری گەران و بەرهەمهێنانی نەوت کار دەکات، پێویستی بە کارمەندی (ناوخۆ) هەیە بەپێی ئەم بوارو مەرجانەی کە لە خوارەوە هاتوون :

Job Title	BU Driving, IVMS and Journey Management Coordinator
Work Location	Erbil Office
Application Closing date	7 Days from the date of this announcement

Additional Details and requirements

Job Summary:
- To manage the BU IVMS, Defensive Driving and Journey Management programs
- Preparation and maintenance of IVMS data management protocols and to coach line management and drivers in the use and significance of the data.
- Work with line management to improve fleet utilisation, reduce costs and proactively increase compliance and thereby reduce crash rates
- Coordinate with travel Department and all travelling expats to improve journey experiences and reduce costs through efficiency.
- Minimize the number of vehicle trips

Required Qualifications & Experience:
- Educated to Degree level
- C1 CEFR English skills
- More than 1 year's exposure to IOC processes and communication protocols
- Experience working in expatriate environment
- Excellent written and oral communication skills

Notes for interested Candidates
- Please submit your application by e mailing your CV to (dno-kurdistan@dno.no).
- Please specify the Job Title in the e mail subject.

DNO Iraq AS
Empire Business Complex, Building C2, Floor 3, Erbil, Kurdistan Region of Iraq
Org. no 988 714 526 **Office** +964 66 252 9950/ +47 22 01 56 64/6 65
dno.no

KURDISTAN PARTNER/REPRESENTATIVE

An International Technical Training Company is looking for a Partner/ Representative in Erbil in order to expand their business in Kurdistan

Please submit a detailed cv with photograph in confidence at the earliest to:
kurd@haward.org

بەرێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەرێوەبەرایەتی بەدواداچوون و پشکنین
ژمارە: ٢٩٦٤
رێکەوت: ٢٢/٤/٢٠١٩
بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا سنووردار
دوای تەواو کردنی سەرجەم رێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (ئەنتاش) بۆ (بازرگانی گشتی- و خزمەتگوزاری و بازرگانی بەرهەمە نەوتیەکان/ سنووردار) وە پاڵپشت بە ئەحکامی مادەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) سالّی ١٩٩٧ هەموارکراو.
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بریارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) سالّی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئاراس رؤوف عارف
بەرێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

دەرەشار..
پێشینەیەکی مێژوویی

بەشی یەکەم

کەمال نوری مەعروف

پەیژێک: ئەم بابەتە کورتکراوەو نمایشی لێکۆڵینەوەیەکی شوێنەوار ناسییە لەسەر ناوچەی لوڕستانی بچوکی ئیلام، بەلامەوە باش بوولە زمانی فارسییەوە وەربگێڕم دوای کورت کردنەوەی چونکە مێژووە کۆنەکەی ئەلقەیەکە لەوزنجیرە گەورەیەی کەپێیدەڵێن مێژووی دێرینی کورد.



کاری کنەو پشکنینی لە تەپەی سەرگەچلان لە دەرەشار کە بۆ سەردەمی شۆڕشی 1 و 2 دەگەڕێتەوە

لێکۆڵینەوەیەکی شوێنەوار ناسی:

لەسالەکانی 1849-1870 ی زاینی شوێنەوار ناسەکانی ئینگلیز بەشێک، کە دەکەوێتە باشووری خۆرهەلاتی مووسڵ بەناوی (قۆبنجەق) کاری کنەو پشکنینیان تێدا ئەنجامدا، دوای ئەوە کۆشکی سانحاریبو تێگلات پلاسەر لەپادشاکانی ئاشوری لەشوێنێک دەرکەوتن کەناسراوەو پێی دەڵێن (بالاوات) یان (بالاباد) لێرەدا دەرگایەکی گەورە دۆزرایەوە کە چوارچێوەکەی لەداری (ئەبەنووس) بوو بەوەرەقەی وەرشاو نەخشو هێلکاری لەسەر هەلکۆڵرابوو و پێی داپۆشرابوو. دوای گوێزانەوەی ئەم دەروازەیە، هەربەو جۆرەش کتێبخانەیەک لەپەپکە قورینە کە پەیوەست بوو بە ئاشوور بانیپاڵ دۆزرایەوە کە ئێستاکە لەموزەخانەی لەندەنە، خۆرهەلات ناسانیش خوێندنەوەی جیاجیایان بۆکردووە، ئەوددرگایەش کەبەنەخش جوانکراوە تێدایەتی باسی سەرکەوتنی پادشاکانی ئاشووری لەشەڕو ململانێکانیاندا دەکات لەگەڵ گەلانی جیاجیاو هاوپەیمانەکانیان. لەناو ئەونەخشانەدا چەند شوێنەوارێکی سەرنج راکێش هەن کەباسی سەرکەوتنی پادشای ئاشووریو هێرشی نەو دژی پادشای ئیلامو داگیرکردنی (ماداکتو) دەکات کەپێوەی پەیوەستە.

ژمارەیەک لەدێرین ناسەکانی خۆرئاوا کە ئارەزوویان لەدۆزینەوەی ئەوەیە کە پێیدەڵێن شارە وونبووەکان، یان دەرنەکەوتووەکانو بوون بەژێرەوە لەدنیای کۆن بۆدەرهێنانیانو ناساندنیان بەناوەندەکانی فەرهەنگیو بنەمای هونەریو موزەخانەکان لەئێراندا تاوەکو ببنە شایەت بۆ یەکەمین کەسانێک کەپەردە لەسەر خاک لادەبەنو شارەکانو شارستانیەتە ونبووەکان بەکۆششی خۆیان زیندوو دەکەنەوەو بەجیهانی ئاشنادەکەن.

لەسالی 1890ی زایینی (ژاکدومۆرگان)ی فەرەنسی گەشتێکی پڕ رووداوی بۆ ئێران ئەنجامداو باسی ئەم گەشتەی لەژێر ناونیشانی (جوگرافیای میژوویی خۆرئاوای ئێران) لەپاریسدا بڵاوکردەوە.

لەسەرەتادا ئەم گەشتە بۆ (دوومۆرگان) ئەوەبوو کە نەیدەتوانی کاری هەلکۆڵین لەبەشە جیاجیاکانی (شوش)و (میسر) دا بکات، ئەوە بوو تەنیا بە لێکۆڵینەوە ئامانجی ئەم گەشتانەی کە هەیبوو بۆوەرگرتنی بەشێک لەزانیاری لەسەر شارەکانو شوێنە مێژووییەکانی کە لە داگیرکردنەکانی ئاشوری، یان نەخشەکانی دەروازەی (بالاوات) کەهەبوو قسەیان لەسەر کرابوو.

نمونە بۆ ئەمانە ئاشوور بانیپاڵ لە باسی داگیرکردنەکانی خۆیدا لەئیلام بەو جۆرە دەڵێ: شاری شوشو شاری (ماداکتوو)و شارەکانی ترم داگیرکردنو لەماوەی مانگو رۆژێکیشدا کیشوەری ئیلامم بەتەواوەتی پاک کردەوە. من لەم مەملەکەتەدا کەپێیدا رۆیشتم بەدەستو پێوەندەکانم مۆڵەتدا (دەنگی مۆسیقای مەڕە کێویەکانو مارەکانو جانەوەرەکانو ئاسکەکان کە دروستیان کردووە پێستەکانیان لێبکەنەوە).

بەنیگەرانییەوە شوێنەوارناسانی ئەوروپایی لە لێکۆڵینەوەکانیاندا سەبارەت بەو شوێنانە کەسەرسوڕهێنەرن سەرکەوتنو نەبوون بۆنیشاندانی راستیەکانی مێژوومان. نمونە بۆ ئەمە (دومۆرگان) دوای لێکۆڵینەوە لە تەپەی (زاغە) یان (زاخە)ی نزیک (بروجەرد) گومانی هەبووە کە ((دوورئونتاش))ی بەواتای بارەگای یەکێک لەپادشاکانی ئیلامی بووبێت کەلە راستیدا شوێنەکە هەیەو بە (ئونتاش گال)) ناسراوە؟ لەم شێوەیەیداو دوای (50) سالٌ بۆ ئەو مێژووە دەزگایەکی تری فەرەنسی لەسەر ئەو تیۆرە هێڵی راستی کێشاو زەقورەی (چغازەنبیل)ی لەژێر خاک دەرهێناو زانینو بەلگەی دەستی تەختو بارەگای ئەسڵی ((ئونتاش گالٌ)) بوو کەبەجیهانی ناساند.

دومۆرگان سالی 1890ی زایینی (خایدالو)، یان (هایدالو) کەشارێکی گرنگی ئیلامی بوو لەشوێنی (خورەم ئاباد) بەکردە ناسی، دواتر یەکێکی تر بەناوی (گریشمەن) ئەو شارەی بەشوێنی (شوشتەر) دیاری کرد.

ئەوشارە گەورەیەی ئیلامیو پەرستگا تایبەتەکەی کەکەوتبووە ژێر بڵندی حەوت تەپەوە لەماوەی (70) سالدا دەزگای دێرین ناسی فەرەنسی نەیتوانی لەدوو پێ زیاتر هەلکەندنی بۆ بکات، بەلام لەدوایدا دەمی بلدۆزەری بەلێندەرێک دوای پاکردنەوەو فراوانکردنی شوێنەکەی بەشێک لە دیوارو قامیشی لە ژێر خاک دەری هێنان. ئەمشارە وێرانەو پاشکۆکانی پەیوەستە بە (تپتی ئاهار)ی پادشای ئیلامی. ئەمڕۆ هەموو ئەوکارانەی لەوشارەو وێرانەکانی دەربەندە شارەکەی سەردەمی ساسانی و ئیلامیدا کراوە کە بەشێک لەسنووری (40) هەکتار لەو وێرانەیەو پاشکۆکانیدا ماوەتەوە تێدایاندا هاتووە چۆلە شەقام و کۆڵان و بازارو سەراو ژوورو رێڕەوەکان و گومەزەکان و پەرستگاو مزگەوت و جوانکارییان کەبەقسڵ و بەردو گەچوو لم سواخدراون لەسەر شێوەی خۆیان ماونەتەوە.

بەڕۆشتنی 1400سالٌ و لەبەر رۆشناییەکەیدا ئەم بەشانەو توخمی بیناسازیبیان وێرانەکانیان بەئاشکرا دەبینینو دەتوانین دەست نیشانیان بکەین. ئاغای دومۆرگان کە 100سالٌ زووتر لە دەزگای شوێنەوار ناسی ئێران قاچی خستۆتە سەر خاکی ئەم شارە وێرانە، بەجێهێڵراوە کە ئەوکات باشترو رۆشنتر لەشێوەی ئێستای بووە، ئەو دەیتوانی شارە چنراوەکەو شوێنەکانی دەست نیشان بکات بەهۆی هەموو ئەوکاریگەرییە گەورەییەو شکۆدارییەوە بووە کە بوویەتییو لەنزیک شارەکەشەوە روباری خرۆشاو (سیمرە) هەبووە، کە گومانی بەتێکەڵبوونی بە روباری کەرخ


ئەمڕۆ لە مێژوودا



سالی 1910:
دوای مردنی باوکی، جۆرجی پێنجەم دەسەلاتی لە بەریتانیا گرتە دەست.



سالی 1941:
جۆزیف ستالین خۆی وەک سەرۆکوەزیرانی سۆڤیەت راگەیاند.



سالی 1946:
یەکێتی سۆڤیەت لە ئێران کشایەوە.



سالی 1976:
بومەلەرزەیەک لە باکوری ئیتالیا رووید و بووە هۆی کوژرانی 9200 کەس.



سالی 2007:
لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی فەرەنسا ، نیکۆلا سارکۆزی سەرکەوتنی وەدەست هێنا.



سالی 2018:
لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی لوبناندا بزووتنەوەی ئەمەل و حزبوڵا رێژەیەکی زۆری دەنگیان وەدەست هێنا.



روسیا و ئەمەریکا چ لە ڤەنزوێلا دەقەومێنن؟



غازی حەسەن

دۆناڵد ترەمپ بە کەناڵی فۆکس نیوزی ڕاگەیاندووە، نیکۆلاس مادۆرۆی سەرۆکی ڤەنزوێلا دەسەلاتی وڵاتەکەی لەدەست دەدات. بێ هیچ پێشەکی و شیکردنەوەیەکی دۆخەکە لە بروسکە گوتارێکدا ڕایگەیاند هەفتەی داهاتوو زۆر شتی گەورە و نوێ لە ڤەنزوێلا ڕووەدەدات. جەختی لەوە کردەوە وڵاتەکەی کۆمەڵێک بژاردەی بۆ هەڵسوکەوت لەگەڵ کێشەکانی ڤەنزوێلا لەبەردەستە. پتر لەسێ مانگە لە ڤەنزوێلا خۆپیشاندان و ناکۆکی سیاسی و دەرکەوتنی هێزێکی بەرهەڵستکاری بەهێز، شەقامی سیاسی هەژاندووە. ملمالانێی سیاسی جۆرێک لە ناکۆکی و ڕکابەری دیبلۆماسی و سیاسیشی لەنێوان وڵاتە گەورەکانی جیهان بەدوای خۆیدا هێناوە. بەجۆرێک لە کۆتایی هەفتەی ڕابردوو بەرپرسانی ئەمەریکا و روسیا بەئاشکرا و ڕاشکاوانە باسیان لە بۆچوون و هەڵوێستی دژ بەیەک لە بارەی دوارۆژی سیاسی ئەم وڵاتە کرد. مادۆرۆ لە ساڵی 2013ەوە دوای نەمانی هۆگۆ چاڤێز دەسەلاتی بەدەستەوە گرتووە.

خۆپیشاندان بەردەوامە

لەگەڵ پەرەسەندنی ناکۆکییەکانی نێوان ئەمەریکا و روسیا سەبارەت بە چارەسەری کێشەکانی ئەم وڵاتە، خۆپیشاندەران بە شێوەیەکی کارا و فراوانتر لە شەقامەکاندا درێژەیان بە ناڕەزایەتی دژی دەسەلات داوە. ڕابەری ئۆپۆزسیۆن خوان گوایدۆ داوای لە هاوواڵتیان کرد گەورەترین خۆپیشاندان لە مێژووی ڤەنزوێلادا دژی مادۆرۆ ئەنجام بدەن، بەپێی زانیارییەکان لە چەند ڕۆژی چووبی بەشێک لە سوپا وەکو هاوکار و پاڵپشتی خەڵک لەگەڵ سەرۆکی ئۆپۆزسیۆن دەرکەوتن. تەنیا هەواڵی ئەوەش بڵاوکرایەوە، کە مادۆرۆ نیازی بەجێ هێشتنی وڵاتی بەرەو کوبا هەیە. خۆپیشاندەران دروشمی ئازادیان بەرزکردۆتەوە. لە سەرینی داتەپینی دارایی و سیستەمی بەڕێوەبردنی وڵات و گەندەڵی لەلایەن سۆسیالیستە چەپڕەوەکان، هێزە بەرهەڵستکارەکان گەرەکیانە بەخۆپیشاندان گۆڕانکاری بکەن. دوور نییە بۆ دروستکردنی گوشاری پتر دژی دەسەلات، کەرتی گشتی بەهاوکاری کرێکاران سەرجەم کاروباری وڵات ڕابگرن. گەلێک جار خۆپیشاندانەکانی خەڵک دژی مادۆرۆ بێ ئاکام بووە، بەڵام پێ دەچێت ئەم جارە بەهۆی پاڵپشتی بەهێز و ئاشکرای ژمارەیەکی زۆری وڵاتانی دونیا ئاکامێک بەدەست بهێنێت، هەروەها باری دارایی و ئابووری لە دۆخێکی کەم وێنەی خراپ دایە.

ناکۆکی روسیا و ئەمەریکا

ناکۆکی بە کردەوەی روسیا و ئەمەریکا لەبارەی کێشەکانی ڤەنزوێلا گەیشتە نێو ڕاگەیاندنەکان. ڕۆژی چوارشەمە واشنتن داوای لە مۆسکۆ کرد لە دەرەوەی نیوە گۆی زەوی ئەواندا بمێنێتەوە و لەلای خۆشیەوە کرێملن هۆشداری دا و گوتی پێویستە ئەمەریکا خۆی لەهەر سیاسەتی چەپڕەوانەی سۆسیالیستان هەیە، لەوانە پۆلیڤا و کوبا و سلڤادۆر و نیکارگوا و ئۆرۆگوای.روسیا بە تووندی دژی کردەی سەربازییە لەم وڵاتەدا، لە هەمان گاڤیشدا خۆشی پشکداری سەربازی دەسەلات دەکات، بۆ هەمان مەبەستیش چین و ئێران و ئەو وڵاتانەی ناومان بردن، پاڵپشتی بەرەی روسیا دژی ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی دەکەن. دووریش نییە ئەمەریکا ئالیکاری سەربازی ئۆپۆزسیۆن بکات، یان زەمینەی کودەتای سەربازی بە هاوکاری و پاڵپشتی خۆپیشاندەران ئەنجام بدرێت. بەپێی زانیارییەکان روسیا هێزێکی سەربازی ڕەوانەی کاراکاس کردووە، هەرچەندە ئەمە ڕەت دەکەنەوە، بەڵام دەبێت ئەوە بزانین روسیا لە ڤەنزوێلاش تاقی بکەنەوە. ئەزموونی هاوبەشی خۆپیشاندان و بەشداری سوپا لە ڕۆژهەڵات و بەشێکی ئەفریقیا بەرەو ئەمەریکای لاتینیش بگوازنەوە، بەتایبەتی ئەو وڵاتانەی تاکو ئێستاش سیاسییەکان لە ڤەنزوێلا گفتوگۆ بکەن و خەڵک چارەنووسی خۆیان دیاریی بکەن، ئەمەریکاش مۆسکۆی بە"دەستخستنە ناو کاروباری ڤەنزوێلا" تۆمەتبار کردووە. بەپێی زانیارییەکان روسیا سەرۆکی ڤەنزوێلای لەبەجێ هێشتنی دەسەلات پەشیمان کردۆتەوە. جۆن بۆلتنی ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتیمانی ئەمەریکا گوتبەتی "دەست تێخستنی روسیا لە ڤەنزوێلا کارێکی پێشوازی لێ نەکراوە، ئەمە نیوەگۆی زەوی ئێمەیە. ئەمە شۆینێک نییە روسیا بتوانێت دەستتێخستنی تێدا بکات.".

بەشێک لە سوپا

لە کۆتایی هەفتەی ڕابردوو بەشێک لە ئەندامانی سوپا دژی سەرۆکی وڵاتەکەیان لەگەڵ سەرۆکی ئۆپۆزسیۆن دەرکەوتن، ئەمەش بە سەرەتایەکی دیکەی نوێی هەنگاونان بەرەو دوورخستنەوەی مادۆرۆ دادەنرێت. دوور نییە بیانەوێت ئەزموونی سودان و شێوە هەنگاوەکانی جەزائیر لە ڤەنزوێلاش تاقی بکەنەوە. ئەزموونی هاوبەشی خۆپیشاندان و بەشداری سوپا لە ڕۆژهەڵات و بەشێکی ئەفریقیا بەرەو ئەمەریکای لاتینیش بگوازنەوە، بەتایبەتی ئەو وڵاتانەی تاکو ئێستاش



وێنەو کۆمێنت

بەریتانیا..
دەنگدەران سزای پارتە گەورەکان دەدەن

هاوکات لەگەڵ جیاکردنەوەی بەشێکی دەنگەکانی هەڵبژاردنی ناوخۆیی بەریتانیا ، دەرکەوتووە کە دەنگدەرانی ئینگلیز پرۆسەکەیان قۆزتۆتەوە بۆ ئەوەی بەرامبەر شکستهێنان لە چوونەدەرەوەی وڵاتەکەیان لە یەکێتی ئەورووپا هەردوو پارتە گەورەکە (پارێزگارانی دەسەلاتدار و کرێکاران) سزا بدەن. تا ئێستاش دەرکەوتووە کە پارتی پارێزگاران 212 کورسی و پارتی کرێکارانیش 54 کورسیان لەدەست داوە ، لە بەرامبەردا پارتی دیموکراتخوازە ئازادەکان 145 کورسیان وەدەست هێناوە.

ئەمەریکا جێگەی نیگەرانیە و قبوڵ ناکرێت. گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی روسیا بەتوێژی سی ئێن ئێنی ڕاگەیاندووە "واشنتن هەموو کۆششێک دەکات بۆ بێ بەهاکردن و دابەزاندنی وڕەی سوپای ڤەنزوێلا و بەرهەمهێنراوی دەستکردیش وەکو شەڕی زانیاری بەکار دەهێنێت". ئەوە ئاماژەی ڕوونداوی نوێن لەم دەڤەردا.

تێکشکاندنی دەسەلاتی چەپەکان

مادۆرۆ ئەمەریکا بەوە تاوانبار دەکات، کە کار بۆ لادانی هێز و حکوومەتە چەپەکانی ئەمەریکا لاتینی دەکات، لە ساڵی 2002 دوای کودەتا دژی هۆگۆ شاڤیز دژایەتی پارتی سۆسیالیستی فەرمانڕەوا دەکات، ئەمەش سیاسەتی ئەمەریکا دژی هەموو هێزە سیاسییە چەپەکانی ئەمەریکا لاتینی دەگرێتەوە.هەر لەم ڕوانگەیەشەوە روسیا و کوبا و چین و ئێران داکۆکی لەسەرۆکی ڤەنزوێلا دەکەن، دەیانەوێت لەدەسەلات بمێنێتەوە. روسیا لەزۆر شوێنی دیکە پاڵپشتی ئەو حکوومەت و وڵاتانە دەکات، کە ئەمەریکا دەیەوێت بیانگۆڕێت، یان خەڵکی وڵاتەکە لەڕێگەی خۆپیشاندانی جەماوەری دەخوازن سیستەمی حوکمڕانی وڵاتەکانیان بگۆڕن. ئەمەش وەکو بەشێک لە دەرکەوتنەوەی شەڕی سارد و ناکۆکی نێودەوڵەتی لەنێوان دوو هێزی گەورەی دونیا سەیر دەکرێت.

ئەنجام.. دۆزمنکارە دۆستەکان و دۆستە دۆزمنکارەکان

ئەم وڵاتەش وەکو بەشێک لە گۆڕانکارییە بەرچاوەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەرەو گۆڕانکاری دەچێت. روسیا خۆی بە دۆستی ئایدیۆلۆژی چەپڕەوانەی دەسەلاتی ڤەنزوێلا دادەنێت، لەکاتێکدا مەبەستی بەکارهێنانی ئەو وڵاتەیە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی سیاسەتی ئەمەریکا، واتە دۆستێکی دۆزمنکارانە دەبێت. روسیا داوا دەکات ئەمەریکا کاری دۆزمنکارانە لە ڤەنزوێلا ئەنجام نەدات، لەهەمان کاتدا ئەمەریکا خۆی بە دۆستی ئۆپۆزسیۆن دەزانێت و کار بۆ گۆڕینی دەسەلاتی ئەو وڵاتە دەکات.گۆڕانکاری ڕووەدات، چونکە خەڵک داوای بەدیهێنانی سیستەمێکی نوێی سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتی دەکەن، پێویستە بزانین هیچ دوور نییە ئەو وڵاتەش وەکو شۆینەکانی دیکە لەئەنجامی پێداگری خراپی ((دۆست و دۆزمنکارەکان!!) بەرەو نائارامی و شلەژان و ئاژاوەی سیاسی ببرێت. لای ئەمەریکا دەرفەتێکی گونجاو و زێڕین هاتۆتە ئاراوە بۆ ئەوەی وڵاتێکی ئایدیۆلۆژیای سۆسیالیستی و چەپڕەو بگۆڕێت. بۆ ڕوسیاش گرنگە ئەو وڵاتە وەکو بنکەیەکی سەربازی بۆ هەڕەشەکردن لە ئاسایشی "نیوەگۆی زەوی و کیشوەری ئەمەریکا" بەکاربهێنێت. وەکو چۆن لە شەستەکان کوبای بۆ ترساندن و وەستاندنی ئەمەریکا بەکاردەهێنا.

ڕووداوەکان مەزندەی ئەوەمان بۆ دەکەن ململانێ و جیاوازییە نێودەوڵەتییەکان بەرەو گرژی و قسەی توند و هوشداری گەرمی دژی بەیەکتر دەچن. هەرچەندە نابێت بەدووری بزانین ئەم جارەش سازشێکی نوێ ڕووبدات، وەکو چۆن کوبا لە شەشتەکاندا یەکێک بوو لە کارتەکانی گوشار. کێ دەڵێت ڤەنزوێلا بۆ ئەمەریکا و سوریا بۆ ڕوسیا سازش و ڕێکەوتنێکی لەبارەوە ناکرێت.



گێژاوی ئێران و کاریگەری لەسەر بازاڕی وزە




دکتۆر قەیوان سیوەیلی*

ئێستر لە سەرەتای ئەم مانگەوە هەروەکو سەرۆکی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ترامپ داخوازی بۆ دەکرد دەبێت بە فەرمی هیچ بەرهەمێکی نەوت و گازی ئێران لە نێو بازاڕەکانی وزەی جیهان کڕین و فرۆشتنی پێوەنەکرێت. سیاسەتی ئەمریکا ئەم جارە بەزەبری هێز ڕێگەی لە هەناردەکردنی نەوتیخاو و گازی سروشتی ئێران بۆ بازاڕەکانی جیهان نەگرت بەڵکو لەڕێگەی سزا ئابوورییەکانییەوە بە گشت کڕیارەکانی نەوتی ئێرانی وت بەبێ جیاوازی وبەخشین هەرکەس مامەڵە بە بەرهەمە هایدرۆکاربۆنییەکانی ئێرانەوە بکات ئەوا دووچاری سزای ئابووری دەبێتەوە و بلاک لیست دەکرێت، واتە ئیتر هیچ بانک و دامەزراوەیەکی ئابووری جیهانی ناتوانێت مامەڵە لەگەڵ ئەو کۆمپانیا یاخود وڵاتەدا بکات.


هەروەکو ئاشکرایە تا ئەمڕۆش دۆلار تاکە دراوی نێو سوداکەرانی بازاڕی وزەیە و ئەمریکا وەکو تاکە زلهێزی جیهان لە ڕێگەی سیستەمی پێکەو لکێنراوی بانکی یەوە بەفەرمی سورپێنەر و مۆنیتەری چونەدەرەوەی ئەمریکا لەگرێبەستی کۆنترۆڵکردنی تەکنۆلۆجیای وزەی ناوەکی ئێران کە بە ڕێکەوتنی (5+1)و ئێران ناسراوبوو، ئێران ڕۆژانە بڕی 6.2ملیۆن بەرمیل نەوتی خاوی سروشتییەوەیە وشک بکات و گوشار بخاتە سەر ئەو وڵاتە تا لەگەڵ ئەمریکا دوبارە بچێتەوە سەر مێزی دانوستان بۆ ڕێکەوتنی نوێی دووڵایەنە بۆ بابەتگەلێکی وەکو کۆنترۆڵی تەکنۆلۆجیای ناوەکی ئێران، سروشتی وزەی خۆیان بدۆزنەوە.

بەڵام پاش بڕیارە نوێکەی وڵاتی ئەمریکا کە هیچ وڵاتێک ئیر لە سزاکانی ئابوورییەکان نابەخشێنرێت و لە سەرەتای مانگی 5ی 2019 وە دەگەڕێتەوە بۆ دابەزنی بڕی هەناردەی نەوتی خاوی وڵاتی ڤینزوئلا و لیبیا و کەمکردنەوەی سیستماتیکی بڕی هەناردەی وڵاتانی ئۆپێک و ڕوسیا، هەروەها باشتر بونی دۆخی ئابووری جیهان کە لە ئەمسالەوە دەکەوێتە بواری جێبەجێکردنەوە. وادیارە هەنگاو بە هەنگاو بڕی هەناردەکردنی نەوتی ئیران و سەرچاوە هادرۆکاربۆنییەکانی تر لە بازاڕەکانی جهیان بەرەو سفر بڕوات واتە ئەگەر کڕیار نەمێنێت ئەوا ڕاستەوخۆش ئیتر پێویست بەدەرهێنانیشیان ناکات.لە بەر ئەوی پڕۆسەی وشککردنی نەوتی ئیران و نەهێشتنی لە بازاڕەکانی جهیان لە ماوەی زیاتر لە سالێک گەیشتە دواقۆناغ ئەوا زۆر کاریگەری لەسەر نرخی وزە نەبوو، تەنها دوابڕیاری ئەمریکا لە هەفتەی ڕابوردوودا بڕی 3%نرخی هەناردەی بازاڕەکانی جیهان دەکات لە بازاڕی دراوی دۆلار دەکات لە سەرتاسەری جیهان و هەروەکو دەزانین تۆڕی بازاڕی ئابووری جیهانی لە ڕێگەی بانکەکانەوە بەیەکەوە گرێدراوە، کەواتە هەر دامەزراوەیەک بلاک لیست بکرێت ئەوا دادەبڕیت لە گشت مامەڵەیەکی ئاسای و یاسای ئابووری جیهانی کە ئەمە سزایەکی مەزنە و کەس ناتوانێت خۆی لە قەرەی ئەم ریسکە مەزنە بدات، جا لەهەر پلەو پایەو یاخود هەر دەوڵەتێکی جیهانی بێت. پێش ساڵێک لەمەوبەر لە سەرەتای مانگی 5ی 2018دا لە کاتی هەناردەی بازاڕەکانی جیهان دەکرد بەڵام ئەمڕۆ بڕی هەناردەکردنی نەوتی ئێران هەروەکو لە هێڵکاری 1 خوارەوەدا دەبینرێت بۆ ژێر یەک ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا دابەزیوە. پاش چونەدەرەوەش لە گرێبەستەکە ئەمریکا بڕیاری کۆمەڵێک سزای بەسەر ئێراندا دا، کە هیچ وڵاتێک بوی نییە نەوت و سەرچاوەکانی وزەی هایدرۆکاربۆنی لە ئیرانەوە هاوردەبکات و بیکڕێت، بەم کارەش ئەمریکا گوایە دەیەوێت سەرچاوەکانی داهاتی ئێران، کە زۆربەی لە ئەنجامی فرۆشتنی نەوت وگازی سروشتی وزەی خۆیان بەرنامەی پەرپێدانی موشەکی دورهاوێژ و دەستخستنە نێو کاروباری وڵاتانی چواردەور بەتایبەتی سوریا، لوبنان، ئێراق و یەمەن.

هێڵکاری 1: بڕی هەناردەکردنی نەوتی ئێران بۆ بازاڕی وزە



هێڵکاری2: هەڵکشانی نرخی نەوت لە بازاڕدا



بازاڕی دراوی دۆلار دەکات لە سەرتاسەری جیهان و هەروەکو دەزانین تۆڕی بازاڕی ئابووری جیهانی لە ڕێگەی بانکەکانەوە بەیەکەوە گرێدراوە، کەواتە هەر دامەزراوەیەک بلاک لیست بکرێت ئەوا دادەبڕیت لە گشت مامەڵەیەکی ئاسای و یاسای ئابووری جیهانی کە ئەمە سزایەکی مەزنە و کەس ناتوانێت خۆی لە قەرەی ئەم ریسکە مەزنە بدات، جا لەهەر پلەو پایەو یاخود هەر دەوڵەتێکی جیهانی بێت. پێش ساڵێک لەمەوبەر لە سەرەتای مانگی 5ی 2018دا لە کاتی هەناردەکردنی سەرچاوەی هاوردەکەردنی سەرچاوەی بڕیارەدا ئەگەر هەناردەی نەوتی ئێران بۆ ژێر ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا دابەزیوە. پاش چونەدەرەوەش لە گرێبەستەکە ئەمریکا بڕیاری کۆمەڵێک سزای بەسەر ئێراندا دا، کە هیچ وڵاتێک بوی نییە نەوت و سەرچاوەکانی وزەی هایدرۆکاربۆنی لە ئیرانەوە هاوردەبکات و بیکڕێت، بەم کارەش ئەمریکا گوایە دەیەوێت سەرچاوەکانی داهاتی ئێران، کە زۆربەی لە ئەنجامی فرۆشتنی نەوت وگازی سروشتی وزەی خۆیان بەرنامەی پەرپێدانی موشەکی دورهاوێژ و دەستخستنە نێو کاروباری وڵاتانی چواردەور بەتایبەتی سوریا، لوبنان، ئێراق و یەمەن.

هێڵکاری 1: بڕی هەناردەکردنی نەوتی ئێران بۆ بازاڕی وزە

لە هەمانکاتیشدا لە سەرەتاوە کۆمەڵە وڵاتێک وەکو چین، یابان، هندوستان، کۆریای باشور، تایوان، تورکیا، ئیتالیا، یونان و ئێراق لە جێبەجێکردنی دەقاودەقی ئەم بڕیارە کوتوپڕەی ترامپ بەخشێنران تابتوانن بە بەرنامە هاوردەکەردنی سەرچاوەکانی داهاتی فرۆشتنی نەوت وگازی سروشتی وزەی خۆیان بەرنامەی پەرپێدانی موشەکی دورهاوێژ و دەستخستنە نێو کاروباری وڵاتانی چواردەور بەتایبەتی سوریا، لوبنان، ئێراق و یەمەن.

هێڵکاری2: هەڵکشانی نرخی نەوت لە بازاڕدا

سەرۆک ترمپ لە ڕێگەی توێتەکاینەوە هەردەم داواکاری لە وڵاتانی ئۆپێک ئەوەیە کە بڕی هەناردەکردنی نەوتی داهاتوشدا هۆکاری هەڵکشانی زۆر تری نرخی نەوتی خاو دەبێت. ئێستا ڕۆژانە بڕی 100 ملیۆن بەرمیل نەوتی خاو دەخرێتە نێو بازاڕەکانی وزە بەڵام ئابووری جهیان پێویستی بە بڕی 102 ملیۆن بەرمیل نەوتی خاوە کە ئەم زۆرییە دواکاری لە ئاست بڕی خستە ڕوو هۆکارێکی مەزنی هەڵکشانی نرخی نەوتی خاوە لە بازاڕدا.

هێڵکاری2: هەڵکشانی نرخی نەوت لە بازاڕدا

سەرۆک ترمپ لە ڕێگەی توێتەکاینەوە هەردەم داواکاری لە وڵاتانی ئۆپێک ئەوەیە کە بڕی هەناردەکردنی نەوتی خاوی خۆیان بەرەو سەر هەڵکێشان تا گوشار بێنێت بۆ دابەزینی نرخی نەوت لە بازاڕدا. لێرەدا پرسیاری گرنگ ئەوەیە ئایا گێژاوی کێشەی ئێران و ئەمریکا بەرەو کوێ دەچێت؟هەرچەندە چین و تورکیا دەڵێن کە ناچنە ژێر ئەم دواکاریەی نوێیەی ئەمریکا و بەردەوام دەبن لە هاوردەکردنی وزە لەو وڵاتەوە بەڵام ئیتر بڕیاری کۆتایی لەلایەن ئەمریکاوە دراوە و ئەوانیش لە مل کەچکردن بۆی هیچ چارەسەرێکی تریان نییە!سەردانی وەزیری دەرەوەی تورکیا مولود چاوشۆغلو بۆ ئیراق و هەرێمی کوردستان نیشاندەری پێداچونەوەی تورکیایە بە بڕیارەکەیدا و گەڕان بەدوای ئەڵتەرناتیڤی ئیراق و هەرێمی کوردستان بۆ چارەسەرکردنی گرفتی وزەکەی چونکە ئالۆزکردنی کێشەی ئابوری ئێستای تورکیا بەزیادبونی کێشەیەکی تری وەکو وزە ئەو وڵاتە بەرەو ئەمسالەوە دەکەوێتە بواری جێبەجێکردنەوە. وادیارە هەنگاو بە هەنگاو بڕی هەناردەکردنی نەوتی ئیران و سەرچاوە هادرۆکاربۆنییەکانی تر لە بازاڕەکانی جهیان بەرەو سفر بڕوات واتە ئەگەر کڕیار نەمێنێت ئەوا ڕاستەوخۆش ئیتر پێویست بەدەرهێنانیشیان ناکات.لە بەر ئەوی پڕۆسەی وشککردنی نەوتی ئیران و نەهێشتنی لە بازاڕەکانی جهیان لە ماوەی زیاتر لە سالێک گەیشتە دواقۆناغ ئەوا زۆر کاریگەری لەسەر نرخی وزە نەبوو، تەنها دوابڕیاری ئەمریکا لە هەفتەی ڕابوردوودا بڕی 3%نرخی هەناردەی بازاڕەکانی جیهان دەکات لە بازاڕی دراوی دۆلار دەکات لە سەرتاسەری جیهان و هەروەکو دەزانین تۆڕی بازاڕی ئابووری جیهانی لە ڕێگەی بانکەکانەوە بەیەکەوە گرێدراوە، کەواتە هەر دامەزراوەیەک بلاک لیست بکرێت ئەوا دادەبڕیت لە گشت مامەڵەیەکی ئاسای و یاسای ئابووری جیهانی کە ئەمە سزایەکی مەزنە و کەس ناتوانێت خۆی لە قەرەی ئەم ریسکە مەزنە بدات، جا لەهەر پلەو پایەو یاخود هەر دەوڵەتێکی جیهانی بێت. پێش ساڵێک لەمەوبەر لە سەرەتای مانگی 5ی 2018دا لە کاتی هەناردەکردنی سەرچاوەی بڕیارەدا ئەگەر هەناردەی نەوتی ئێران بۆ ژێر ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا دابەزیوە. پاش چونەدەرەوەش لە گرێبەستەکە ئەمریکا بڕیاری کۆمەڵێک سزای بەسەر ئێراندا دا، کە هیچ وڵاتێک بوی نییە نەوت و سەرچاوەکانی وزەی هایدرۆکاربۆنی لە ئیرانەوە هاوردەبکات و بیکڕێت، بەم کارەش ئەمریکا گوایە دەیەوێت سەرچاوەکانی داهاتی ئێران، کە زۆربەی لە ئەنجامی فرۆشتنی نەوت وگازی سروشتی وزەی خۆیان بەرنامەی پەرپێدانی موشەکی دورهاوێژ و دەستخستنە نێو کاروباری وڵاتانی چواردەور بەتایبەتی سوریا، لوبنان، ئێراق و یەمەن.

مانشێت



سکای نیوز:
وەک هەوڵێک بۆ زیادکردنی گوشار لەسەر واشنتۆن، لە ساڵی 2017ەوە کۆریای باکور بۆ یەکەم جار چەند موشەکێکی تاقی کردەوە .



سی ئێن ئێن:
مایک پۆمپیۆی وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا رایگەیاند وڵاتەکەی سزا بەسەر هەر وڵاتێکدا دەسەپێنێ کە لە بواری ئەتۆمیدا یارمەتی ئێران بدات.



ئەلشەرقولئەوسەت:
ڕێکخراوی تالیبان رایگەیاند کە رازی نابێ ئەمەریکا داوای دانانی چەکی لێ بکات.



دۆیچە ڤیلە:
ئەنجیلا میرکل دووپاتی کردەوە کە پارتەکەی ئامادە نیە هاوپەیمانی لەگەڵ هیچ پارتێکی ڕاستڕەوی ئەوروپی پێک بێنێ .



ئەی ئێف پی:
هەردووک باڵی ناکۆکی باشووری سودان لەسەر دواخستنی پێکهێنانی حکومەتێکی یەکگرتوو ڕێک کەوتن.



کەنالی RT:
ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان جەختی لەسەر دامالینی چەکی حزبوڵای لوبنانی و کۆتایی هێنان بە کردەوە سەربازیەکانی ئەم پارتە کردەوە لە سوریا.

* شارەزا لە بواری وزە

ڕێوڕەسمێکی تایبەت بۆ کردنەوەی بەشێک لەناو کتێبخانەی قەڕەداخ بەناوی (کتێبخانەی ئازا حەسیب قەرەداخی)



سوپاسی هەموو ئەو بەڕێزانەی کرد کە لە مەراسیمەکەدا ئامادەبوون و گەورەییان نواند. هەروەها سوپاسی بەڕێوەبەر و یەک بە یەکی فەرمانبەرانی کتێبخانەکە کرد و کە کارێکی کەم وێنەیان کردبوو بۆ پۆلێن کردن و جیاردنەوە و ڕێکخستنی کتێب و گۆڤارەکان.

بەشداربووانی ڕێوڕەسمەکە لە کتێبخانەکە کراون. دیارییەکە نزیکەی ١٠٠٠هەزار گۆڤار و کتێبی جۆراوجۆرە لە هەموو بوارەکان بە زمانە جیاجیاکان. لە مەراسیمەکەدا خەلیل عەبدوللا و شاهۆ و شێخ تەها و تەیب و ئازا حەسیب قەرەداخی قسەیان کرد بە ئاراستەی نرخاندنی بەهای کتێب و خوێندنەوە و بەرز ڕاگرتنی جێگە و پێگەی قەرەداخ لە بژاڵی ڕزگاریخوازیی و ڕۆشنفکری و ئەدەبی و هونەریی گەلی کوردستاندا. لەم بارەوە ئازا حەسیب قەرەداخی کە کتێب و گۆڤارەکانی پێشکەش کتێبخانە کردبوو بە ئامادەبوونی بەڕێوەبەری گشتی دیوانی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان و قایمقامی قەزای قەرەداخ و بەڕێوەبەری گشتی کتێبخانەکان لە پارێزگای سلێمانی و بەڕێوەبەری کتێبخانەی قەرەداخ و بەرپرسانی ئیداری و حزبیی و هەڤاڵانی لیژنەی ناوچەی قەرەداخی پارتی دیموکراتی کوردستان و نوێنەرانی ئەنجوومەن و خزمانی مەردۆخ و کەسایەتی و ڕۆشنبیران و کتێب دۆستانی ناوچەکە مەراسیمێکی تایبەت بۆ کردنەوەی بەشێک لەناو کتێبخانەی قەرەداخ ڕێکخرا بە ناوی (کتێبخانەی ئازا حەسیب قەرەداخی.) لەم بەشەدا کۆی ئەو کتێب و گۆڤارانە دانرابوون کە بە دیاریی پێشکەشی

هەواڵی کوردەواری سااڵنی 1963-1962نووسینەوەی نەجیبە جەلی زادە



بەرگی یەکەمی کتێبی (هەواڵی کوردەواری سااڵنی 1963-1962نووسینەوەی نەجیبە جەلی زادە) لە بەرگێکی قەشەنگ و بە قەبارەی گەورە و 258لاپەڕە و پێشەکی و لێکۆڵینەوە و ساغکردنەوەی د. کەمال مەعروف کەوتە بەردیدی خوێنەران، د. کەمال مەعروف لەبارەی کتێبەکەوە لە پێشەکیدا دەڵێ:"نەجیبە خانی جەلی زادە بە ئەمانەتەوە ڕووداوەکان ڕۆژ بە ڕۆژ دەگێڕێتەوە کە ئەمە بابەتێکی داهێنەرانە و دانسقەیە کە بواری بۆ خوڵقاوە کە بەم شێوەیە ڕۆژانە بە شێوەیەکی ڕاستەقینە هەواڵ و ڕووداوەکان وەکو خۆی بۆ مان تۆمار بکات، تۆمارکردنێکی ورد و درشت بە جۆرێ بەسەر ڕووداوەکاندا بازی نەداوە، هەندێکی فەرامۆش کردبێ، چی دیوە و چی بیستووە بێ زیادە و کەم نووسیتییەوە و خستویەتیە بەر دیدی خوێنەران تاکو میژونووسانی کورد سودی لێ وەربگرن، خستنە سەر کاغەزی ئەو هەواڵانە ئاسۆیەکی نوێیە بۆ نووسینەوەی میژووی خەباتی نوێی گەلەکەمان لە سااڵنی شەستەکانەدا کە پەل و پۆی بۆ هەموو لایەک هاویشتووە، ئەوەی لە دوو تونێی ئەم دوو بەرگە دەبینرێن، بریتیتتە لە بیرەوەری و یاداشت کردنی ڕووداوەکانی ڕۆژانەی سااڵنی شەستەکانی کوردستان، کە دەقا و دەق تیشکی خستۆتە سەر ڕووداو و کارەساتەکان".

شایانی باسە لە 18لاپەڕەی کۆتایی کۆمەڵێک وێنەی دەگمەن و پەیوەست بە بابەتەکە بڵاوکراوەتەوە، شەش لاپەڕەیش بۆ بەڵگەنامە تەرخان کراوە، دەست خۆشی لە د. کەمال مەعروف دەکەین و خەرمان بەرەکەت.

گەڕان بەدوای ڕاستیدا

بەرگی دووەمی کتێبی (گەڕان بەدوای ڕاستیدا) بە قەبارەیەکی مام ناوەندی و 136لاپەڕە لە نووسینی تالێب مۆریاسی کەوتە بەر دیدی خوێنەران، نووسەر کە لە ساڵی 1957تێکەڵی سیاسی بووە و سێ مانگ دوای دەست پێکردنی شۆڕشی ئەیلوول پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کردووە، نووسەر لە پێشەکیی ئەم کتێبەدا لەبارەی یاشتی سیاسی نووسیویەتی:"لەگەڵ ئەو بۆچوونەدا نیم کە پێی وایە یادداشتە سیاسییەکان بەشێک نین لە میژوو، بەتایبەتی ئەو یاداشتانەی کە کۆمەڵێک لە تێکۆشەران و کەسانی پێشمەرگە و فەرماندە و سیاسییەکانی کوردستان سەبارەت بە ئەزموونی سیاسی و پێشمەرگایەتی خۆیان، لە پاش ڕاپەڕینەوە نووسیویانەتەوە و چاپ و بڵاویان کردۆتەوە، لەگەڵ ئەو بۆچوونەش نیم کە ئەو یاداشتانە تەنیا ڕەنگدانەوەی ئایدیۆلۆژی سیاسی ئەو حزب و شۆڕشانەن و بەس کە ئەوان ئەندامی بوون، دەکرێت بڵێین ئەو یاداشتە سیاسییانە بە دیوێکدا بەشێکن لە میژوو بە دیوێکی دیکەشدا لە هەندێ قۆناغ و بەشیدا ڕەنگدانەوەی ئەو ئایدیۆلۆژیایانەیە کە حزبێک یان شۆڕشێک لە قۆناغێکی زەمەنی دیاریکراودا هەڵگری بووە، چونکە خەباتی ئەو کەسانە و شۆڕش و حزبەکانیش ناکرێت لە دەرەوەی میژوودا هەڵیان بسەنگێنین".شایانی باسە چەند لاپەڕەیەکی کتێبەکە بۆ چەند بەڵگەنامەیەک تەرخان کراوە.



باکووری کوردستان...

کەبابی تایبەتی مانگەکانی ئادار و نیسانی ئورفا "کەبابی دۆمبەلان"



لە شاری ئورفای باکووری کوردستان دۆمبەلان کە لەگەڵ بارانی وەرزی بەهاردا دەڕوێت لەگەڵ گۆشت دەکرێت بە کەباب، تەنها لە مانگەکانی ئادار و نیسان دەخورێت. جۆرەکانی کەباب لە ئورفا کە "بە سفرە و بەرەکەتی ئیبراهیم خەلیل" ناوبانگی هەیە، بووەتە جێی سەرنجی خەڵکی ناوچەکە و گەشتیارانی ناوخۆیی و بیانیی.دۆمبەلان کە پاش بارانی وەرزی بەهار لە ناوچەکەدا دەڕوێت، لەبەرئەوە کەبابەکەشی لە مانگەکانی ئادار و نیساندا بەکاردەبرێت، سەرەڕای ئەوەی نرخی زۆرە، بەڵام خواستی زۆری لەسەرە. بەهۆی زۆری ڕێژەی باران لەمساڵدا، دومەلان زوو کەوتە بازاڕەوە و نرخەکەشی بە بەراورد بە پار ساڵ کەمتر بوو کە کیلۆی بە 100 لیرە واتە بە نزیکەی 18دۆلار دەفرۆشرێت. هاوواڵتییان بەچاوپۆشین لە نرخەکەی بە مەبەستی تامکردنی ئەو جۆرە کەبابە بەچڕی ڕوو لە کەبابخانەکان دەکەن.شوکرو بایرام یەکێکە لە وەستا هەرە بەناوبانگەکانی کەباب لە شارەکە ڕایگەیاندووە کە لەگەڵ هاتنی بەهار خەڵک بیری بۆ کەبابی دۆمبەلان دەچێت و هاوواڵتییان بەچڕی ڕوو لە کەبابخانەکەی دەکەن. بایرام ئاماژەی بەوەش داوە کە هەموو کەبابچییەک ئەو جۆرە کەبابەی پێ دروست ناکرێت و دەڵێت: لەگەڵ هاتنی بەهار هاوواڵتییان تەلەفۆنمان بۆ دەکەن و لێمان دەپرسن کە کاتی کەبابی دۆمبەلان هاتووە. ئێدی ئێستا کاتییەتی زۆربەی هاوواڵتییان بۆ خوانی نیوەڕۆ داوای ئەو جۆرە کەبابە دەکەن. لە مانگی ئادار پێدەگات و لە ناوەڕاستی نیسان کۆتاییان دێت. ئێمە دوای پاککردنەوەی دۆمبەلان لەگەڵ گۆشت تێکەڵی دەکەین و تاموچێژێکی ناوازەی هەیە. ماوەی دروستکردنی ئەو کەبابە نزیکەی مانگێک و 15ڕۆژە و دواتر نامێنێت.

حەلیمە بۆلەند چۆن لەناو بەفر دەرکەوت؟

بە گوێرەی هەواڵێکی گۆڤاری زەهرەتولخەلیج ڕاگەیاندکاری شۆخی کۆمێتی حەلیمە بۆلەند، کە بەمەبەستی ئەنجامدانی چەند کارێک لە وڵاتی لوبنانە،چەند وێنەیەکی لە ئەنستگرام بڵاو کردەوەو جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کەوا کارەکانی خۆی بەسەرکەوتویی کۆتایی پێ هێناوە. حەلیمە بۆلەند چەند وێنەیەکی سەرنج ڕاکێشی بەو مەبەستە بڵاو کردۆتەوە، کە دەنگۆیەکی زۆری ڕەخنەی بەدوای خۆیدا هێناوە، لەو ڕوانگەوەی کە حەلیمە بۆلەند خەڵکی وڵاتی کۆمێتەوە، بەڵام بنەماڵەی حەلیمە بۆلەند موحافیزکار نین، بۆیە زۆرجار ڕەخنەی تونديان ئاراستە دەکرێ. لە وێنەکاندا حەلیمە بۆلەند بە شۆرت دەردەکەوێت کە لەناو بەفر خەریکی وەرزشی خلیسکانی سەر بەفرە. شایەنی باسە حەلیمە بۆلەند لەچەندین کەناڵی بەناوبانگەوە بۆندی پێشکەشکردنی بەرنامەی هونەری پێشکەشکراوە، بەڵام خۆی تاوەکو ئێستا یەکلایی نەکردۆتەوە کە بۆ کام لەو کەناڵانە کار دەکات.

لەیارییەکانی خولی نایابی عێراقدا:

هەولێر لەئاستە خراپەکانی بەردەوامە و 540 خولەکە هیچ بردنەوەیەکی تۆمار نەکردووە



لەگەڕی بیست وپێنجەمینی خولی نایابی عێراق رۆژی 3/5/2019لەیاریگای نەوت میسان لەبەغدا ، یانەی هەولێر بووە میوانی یانەی نەفت میسان ، لەگەڵ دەستپێکی گێمی یەکەمی یارییەکە یانەی نەفت میسان لەنێو یاریگای خۆیدا بەهەموو شێوەیەک لەناوەراستدا کۆنترۆلی تۆپیان کردبوو ، لەبەرانبەردا یانەی هەولێریش متمانەی لەسەر هێرشی پێچەوانە دەکرد، لەخولەکی 28دا یاریزانی نەفتی میسان ویسام سەعدون توانی گۆڵی یەکەم لەدژی یانەی هەولێر تۆمار بکات،تا کۆتایی گێمی یەکەم ئەنجامی یارییەکە بەپێشکەوتنی یانەی نەفت میسان بەسەر یانەی هەولێر بەئەنجامی 1-0گۆڵ مایەوە و هەولێر بەدۆراوی گێمی یەکەمی بەرێکرد.

گیمی دووەم دەستپێکرد، هەردوو یانە هێرشیان دەبردە سەر گۆڵی یەکتر بۆ زووگۆڵ تۆمار کردن، هەولێر هەوڵی هاوسەنگ کردنی ئەنجامی یارییەکەی دەدا، لەبەرانبەردا نەفتی میسانیش بۆ تۆمار کردنی گۆڵی دووەم هاتبوونە نێو یاریگا ، ئەگەرچی یاریزانانی یانەی هەولێر لەرێگەی هێڵی هێرشبەرەکانیان بۆ چەندین جار بۆ سەر گۆڵی تیپی بەرانبەر خۆیان تاقیکردەوە، بەڵام هەموو هێرشەکانیان بێ سوود وبێ ئامانج بوون، لەدواساتەکانی یارییەکەدا واتە لەخولەکی 90دا یاریزانی یانەی نەفتی میسان سامر بەرغش توانی گۆڵی دووەم و متمانە بۆ تیپەکەی خۆی تۆمار بکات و تیپەکەی بەدوو گۆڵ پێشخست ، بەم سەرکەوتنە نەفتی میسان 3خاڵی یارییەکەی بەشایستەیی لەسەر دەستی یانەی هەولێر دەستەبەر کرد و هاتە پلەی پێنجەمی ڕێزبەندی خولەکە بەکۆکردنەوەی 38خاڵ، لەبەرانبەردا یانەی هەولێر بەم دۆراندنە دوای کۆکردنەوەی 28خاڵ لەپلەی سێزدەهەمدا دەبیندرێت.

جێی ئاماژە بۆکردنە یانەی هەولێر لەدوای بردنەوەی لەگەڵ زەورا تائێستا ئەم یانەیە هیچ بردنەوەیەکی لەناو یاریگاو دەرەوەی یاریگای خۆی تۆمار نەکردووە، واتە 540خولەکە یانەی هەولێر نەیبردۆتەوە.

ئا: سەرهەنگ نەجمەدین

ئەمڕۆ لە هەفتەی 37ی
خولی ئینگلیزی
هیدرسفیلد- مان یونایتد
چێلسی- واتفۆرد
ئەرسنال- برایتۆن

لەخولی نایابی فوتسالی کچانی کوردستاندا:

ئافرۆدیت و چۆمان گۆڵبارانی دەروازە و سەورەیان کرد

لەیارییەکانی هەفتەی هەشتەمی خولی نایابی فوتسالی کچانی کوردستاندا، رۆژی 3/5/2019لەشارو شارۆچکەکانی کوردستان چەند یارییەکی گرنگ ئەنجامدرا، لەوانە لەشاری سلێمانی ولەهۆڵی ئاشتی، هەردوو تیپی کچانی ئافرۆدیت و دەروازە ڕووبەرووی یەکتر بوونەوە،کچانی یانەی ئافرۆدیت بەسەرپەرشتی ڕاهێنەری بەتوانا کاروان شێخ زیرەک ئەم وەرزە بەجیاوازی وەرزی ڕابردوو سەرجەم یارییەکانیان بردۆتەوە و تائێستا ئەم یانەیە تامی دۆراندنی لەخولەکەدا نەکردووە ، کچانی ئافرۆدیت بەئەنجامێکی گەورە توانیان لەکچانی دەروازە ببەنەوە، دوای ئەوەی ئافرۆدیت لەنێو هۆڵ وهاندەرانی خۆیاندا بەئەنجامی 2-16گۆڵ لەکچانی دەروازەیان بردەوە، ئەم سەرکەوتنە گەورەیە کچانی ئافرۆدیتی گەیاندە پێشەنگی یانەکان ، دوای ئەنجامدانی 5یاری لەسەر یەکدی ، کچانی ئافرۆدیت بە 15خاڵ هاتەپێشەنگی کۆمەڵەی یەکەم. لەلایەکی دیکەوە هەر لەشاری سلێمانی و لەهۆڵی ئاشتی، کچانی دووکان و سیروانی نوێ لەیارییەکی مامناوەندیدا بەیەکگەشتن، کچانی سیروانی نوێ توانیان سەرکەوتنێکی گەورە لەیارییەکەدا بەدەست بهێنن ، دوای ئەوەی بەئەنجامی 1-8گۆڵ لەکچانی دووکانیان بردەوە و 3خاڵی یارییەکەیان بەشایستەیی دەستەبەر کرد، بەم بردنەوەیە سیروانی نوێ لەکۆی 7یاریدا 18 خاڵی کۆکردۆتەوە ولەپێشەنگی یانەکاندایە، یانەی دووکانیش لەکۆی 7 یاری هیچ بردنەوەیەکی تۆمار نەکردووە و لەدواوەی ڕێزبەندی خولەکەدا بەبێ خاڵ دەبیندرێت. لەیاری سێیەمدا هەردوو تیپی کچانی چۆمان وسەورە ڕووبەرووی یەکتربوونەوە، چۆمان بەسەرپەرشتی ڕاهێنەری بەتوانا مەزن محەمەد توانی بەئەنجامی 2-7گۆڵ لەیانەی سەورە ببات‌ەوە و 3خاڵی گرینگی لەسەر دەستی ئەو یانەیە دەستەبەرکرد، بەم سەرکەوتنە کچانی چۆمان بەکۆکردنەوەی 18 خاڵ بەشێوەیەکی کاتی هاتەپلەی دووەمی ڕێزبەندی خولەکە.

ڕێزبەندی گروپی یەکەمی بەمشێوەیە دەبێت:

گروپی یەکەم: -1سیروانی نوێ 21خاڵ -2چۆمان 18خاڵ -3زانکۆی جیهان 15خاڵ.

گروپی دووەم: -1ئافرۆدیت 15خاڵ-2سێمێل 10خاڵ -3زێرەڤانی 10خاڵ

ئا: سەرهەنگ نەجمەدین




داوای لێدەکەن بگەڕێتەوە ریال مەدرید



کریستیانۆ ڕۆنالدۆ، ئەستێرەی پێشووی ریال مەدرید و ئێستای یۆڤانتس، دڵخۆشی خۆی بەوە دەربڕی، کە جەماوەر داوای لێدەکەن جارێکی دیکە بگەڕێتەوە ریزەکانی ریال مەدرید، دوای ئەوەی لە هاوینی ڕابردوودا، چووە ریزەکانی بیانکۆنێری. ڕۆنالدۆ لە میانی لێدوانی بۆ مالپەڕی کالچیۆ میرکاتۆی ئیتالیدا وتی:" جەماوەری ئیسپانیا مامەڵەیەکی باشیان لەگەڵدا کردم، منیش ویستم لە پێناویاندا، هەموو هەوڵێکم بخەمە گەڕ، بۆ چاوپۆشین لەو کێشانەی لەوێ تووشیان بووم، کە هەرگیز لە بیری ناکەم". هەروەها وتی:"من بە سەربەرزی بەرەو پێشەوە دەڕۆم، ژیانی من کتێبێکی کراوەیە، جەماوەر لە مەدرید منیان خۆش دەوێت، هاندەرانی ریال مەدریدیش دەزانن، من شتی زۆرم پێشکەشی یانەکە کردووە. خەڵکی لەسەر شەقام ڕامدەگرن و داوام لێدەکەن بگەڕێمەوە ریال مەدرید، پێم دەڵێن ئەوە مالی تۆیە، منیش بە بیستنی ئەو قسانە، زۆر دڵخۆش دەبم". دۆن وتیشی:" لە هەمان کاتیشدا، هەندێ جەماوەر هەن، بەردەوام ئامادەی توانج لێدانن، بۆ نمونە، چاو دەخەنە سەر تەمەن، دەڵێن کۆتایی هاتووە، تەمەنی گەیشتووەتە 33یان 34یان 35ساڵی، پێویستە واز بێنێت، بەڵام دەمەوێت هەمووان سەرسام بکەم". ئەوەشی وت:"وا دەزانن من لە ژیانمدا هیچ کێشەیەکم نییە، بەهۆی ئەو پارانەی هەمە، هەرگیز نابێت دڵتەنگ بم، چونکە وا دەزانن، پارە هەموو کێشەیەک ناهێلێت، ئەگەر تۆ پارەت هەبێت، ساتی ئەستەم لە ژیانتدا نابینیت". دۆن لە کۆتاییدا وتی:" چاوەڕێ دەکەن، لێدانێکی سزا لە دەست بدەم، یان لە یارییەکی گرنگدا، بە خراپی یاری بکەم، ئەوە ژیانە و منیش بۆی ئامادەم".

ڕەمزی میرەکانی

ڤالڤێردی داوا دەکات هەوڵەکانیان بۆ گریزمان چڕبکەنەوە



شەو و ڕۆژ دەزگاکانی ڕاگەیاندنی کەتالۆنی باسیان لەوە دەکرد کە ماتیاس دی لیخت لە بەرشلۆنە زۆر نزیک بۆتەوە، بەڵام لە ڕاستیدا شتێکی دیکە دەرکەوت، ڕۆژنامەی سپۆرت کەتالۆنی ڕایگەیاند کە زۆر زەحمەت بووە ئەو یاریزانە بۆ بەرشلۆنە یاری بکات، چونکە ئەیاکس لەبەرامبەر دەستبەردارنەبوونی ئەو یاریزانە داوای پارەیەکی خەیالی دەکات، و بەرشلۆنەش ئامادە نییە ئەو پارەیە بۆ ئەو یاریزانە بدات.

ڕۆژنامەکە ئاماژەشی بۆ ئەوە کردووە کە هەریەک لەیانەکانی بایرن و پاریس سان جێرمان و یۆڤینتۆس نرخی ئەو یاریزانەیان بەرزکردۆتەوە تەنها بۆ ئەوەی لێدانێک لەبەرشلۆنە بدەن، بۆیە یانە کەتەلۆنیەکە هیوای بەو یاریزانە نەما و ڤالڤێردی داوای کردووە کە لەبەرامبەر دی لیخت، هەوڵەکانیان چڕبکەنەوە بۆ ئەوەی بەخێرای گفتوگۆکان لەبارەی گریزمان کۆتایی پێ بهێنن و لەجیاتی یاریزانەکەی ئەیاکس گریزمان ببەنە ریزەکانیان.

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Sun, 5. Apr. 2019 No: (5742)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

سەردانی بەشێک لە ڕۆژنامەنووس و کارمەندانی ڕۆژنامەی خەبات بۆ مەزاری نەمران









دکتۆرای فەخری بەخشرایە هونەرمەندی گەورەی کورد مامۆستا مەزهەر خالقی



لە ڕێورەسمێکی فراواندا، زانکۆی سلێمانی دکتۆرای فەخری بەخشییە هونەرمەندی گەورەی کورد مامۆستا مەزهەر خالقی.. ڕێورەسمەکە ئێوارەی پێنجشەمە 2ی ئایاری 2019بەڕێوەچوو و بەخشینی دکتۆراکەش لەلایەن زانکۆی سلێمانییەوە بوو، لە پای ئەو خزمەتە گەورەیەی هونەرمەندی ناوبراوە کە بە هونەرو کلتوری کوردی گەیاندوە. لە ڕێورەسمەکەدا وەزیری خوێندنی بالآو توێژینەوەی زانستی حکومەتی هەرێم و چەندین بەرپرسی حکومی و حزبی و سەرۆکی چەند زانکۆیەکی حکومی و تایبەتی و ڕۆشنبیران و هونەرمەندان و چەندین کەسایەتیی دیکە ئامادەی ڕێورەسمەکە بوون .

دووەمین گەورەترین پارچە ئەڵماسی جیهان دۆزرایەوە

کۆمپانیای لوکارای کەنەدی تایبەت بە ئەڵماس رایگەیاند، دووەمین گەورەترین ئەڵماس لە میژوودا لە کانیێکی بۆتسوانا دۆزراوەتەوە کە کێشی هەزار و ۷۵۸ قیراتە.لێکۆڵینەوە لە بەها و تایبەتمەندییەکانی پارچە ئەڵماسەکە بەردەوامە. بەوە جیا دەکرێتەوە کە گەورەترین پارچە ئەڵماسە لەو ولاتە دۆزرابێتەوە لە میژووی نزیکیشدا دووەمین گەورە پارچە ئەڵماسە.پارچە ئەڵماسەکە هێندەی تۆپی تێنسە و کێشیشی ۳۵۲ گرامە.ماوەیەک لە مەوبەریش لە کانی ئۆپارا لە هەمان ولاتە پارچە ئەڵماسێکی شینی ناوازە دۆزرایەوە.

هۆڵەندا .. دوو یادەوەری گرنگ لە سەربەخۆیی بوونیان و ڕێزگرتن لە قوربانیەکانیان بەرز ڕادەگرن



خەبات – ساسان دەرویش

4و 5ی مەیی دوو یادەوری گرنگی نیشتیمانی و نەتەوەیی هۆڵەندییەکانە لە سەربەخۆیی بوونیان و ڕێزگرتن لە قوربانیەکانیان کە هەموو ساڵێک لە دوو ڕۆژی جیاوازدا بەشکۆداری وفراوانی یاد دەکرێنەوە بە ئامادەبوونی پادشا وخانەوادەی شاهانە و بەشێک لە کاربەدەستانی وولات و وەزارەتی بەرگری و سەربازیی و زۆرینەی خەڵکی هۆڵەندی بە کۆمەڵێک چالاکی هەمەچەشنە ئەم یادەوەریانە بەرز و پیرۆز ڕادەگرن ، ئەم ساڵیش ئەم دوو یادەوەرییە دەبێتە 74 هەمین ساڵوەگەڕی کۆتایهاتنی جەنگی جیهانی لە ساڵی 1945و ئازادکردنی ولاتی هۆڵەندا لە دەست نازیەکان ودەسەلاتی دڕندەی هیتلە کە بەشێکی زۆری ئەم ولاتەیان خاپورکرد بەقوربانیەکەی زۆرەوە . لە 4ی مەیدا لە شاری ئەمستردام لە گۆڕەپانی دام لە بەردەم مۆنۆمێنتی قوربانیەکانی جەنگ وکۆشتارگەی جەنگە جیهانیەکان بە ئامادەبوونی پادشا وشاژن وخانەوادەی شاهانە و ئەفسەرانی خانەنشین کراوی بەشداربووی جەنگەکان وجەماڕێکی زۆر لە تایبەت بەم بۆنەیەوە بەئامادەبوونی خەڵک وکەسانی باڵا لە شارەوانیەکان و پارێزگارەکان تاجە گوڵینە لەسەر مۆنۆمێنتەکان دائەنرێ بەم شێوەیە میژووی خۆیان بەزیندووی دەهێڵنەوە بۆ نەوەکانیان لێرەوە نزا بۆ هەموو جیهان دەکەن کە کۆتری ئاشتی و ئازادی بفڕێ بەسەرهەموماندا ولەم مەراسیمەشدا ڕەوندی کوردستانیان بوونیان هەیە و بەشداردەبن لە چالاکیەکانی بەتایبەتی ووتار خوێندنەوە کە باس لە قوربانیەکانی کوردستان دەکەن وسوپاسی هۆڵەندا دەکەن لە دژی تیرۆریستان هاوکاری کورد وپێشمەرگەبوون بۆ تۆمارکردنی سەرکەوتنەکانی کورد، ڕۆژێ پاشتر کە دەکاتە 5ی مەیی لە شارە گەورەکان ئاهەنگ و چالاکی جۆراو جۆری گۆرانی و سەما دەگێڕن بۆ بیرهێنانەوەی ڕۆژانی سەختی جەنگ و ژێر دەستەیی و زوڵ و زۆری نازیەکان لە ولاتەکەیاندا ئەنجامیان داوە بەدەربڕینێکی تر نیشانی ئەم نەوەیەیی خۆیانی ئەدەن کە جەنگیان نەدیوە ، دەبێت ئینتیمایی نیشتیمانیان بۆ ولات وسەروەریەکانیان هەبێت لە ولاتێک لەسەر خاپورکردن و دەریایەک خوێن دروستکراوەتەوە و بونیاد نراوە بەجوانترین شێوەکانی دیزاین وخانووبەرە وکۆشک وتەلارەکان کە میژوویەکی هێندەنیە وبەدەست وبازوی باوباپیرانیان لەسەر ئاوئەم ولاتەیان دروستکردوە بۆیە بەخوێن وگیان پارێزگاری لێدەکەن کاتێک ولاتەکەیان لە 5ی ئایاری 1945 ئازادکرا یەکەم شت بۆئەوەی ولات بەیەکگرتوی بمێنێتەوە هەموو خائین وخۆفرۆشەکانیان کۆکردنەوەوسەریان تەراشکرا بۆ ئەوەی بەن بەفوونە بۆ کەسانی تر کە ولات لەبیرنەکەن وخوشەویستە لەم ڕۆژەشدا سەرباز و پلەدارەکانی نیوجەنگەکان کە لەژیاندا ماون بەخۆیان ئۆتۆمۆبێلە سەربازیەکانیان نمایشی سەربازیی دەکەن وخەڵاتی ڕێزلێنانیان پێ دەبەخشڕێ ولەلایەن جەماوەر گوڵباران دەکرێن بەم شێوەیە تا درەنگانێکی شەو ئاهەنگ و سەما وگۆرانی وخۆشی دەردەبڕن ولەگەل ئەوەشدا لەهەندێک شار بازاڕی ئازاد دادەنرێ لە شتومەکی کۆن ونوێ بەنرخی گونجاو دەفرۆشنەوە بۆ ڕێزگرتن لەم یادەوەریانە .